دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد
لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالیدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە: ٤١٢
١٥ی بانەمەڕی ١٣٨٤
٥ی مەی ٢٠٠٥
١٥٠ تمەن
www.kurdistanmedia.com

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کردەوەی تیرۆریستیی شاری هەولێر مەحکووم دەکا

**خەڵکی بەشەرەفی کوردستان!**

ڕۆژی ١٤ی بانەمەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٠٠٥/٥/٤ی زایینی، لە کردەوەیەکی تیرۆریستی لە شاری هەولێردا نزیك بە ٥٠ کەس کوژران‌و بە دەیان کەسیش بریندار بوون.

تیرۆریستان‌و تاریکبیران کە چاوی دیتنی ئارامی‌و گەشەکردنی کوردستانیان نیە، بەو کردەوانەیان دەیانەوێ بەر بە پێشکەوتن لەو ناوچەدا بگرن‌و شادی‌و خۆشی لە دڵی خەڵك بتارێنن، بەڵام گەلی کورد نیشانی داوە کە ئەم چەشنە ڕووداوانە هەنگاویان لە بڕینی ڕێگای پێشکەوتن‌و خەبات دا شل ناکات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوە تیرۆریستی‌یە، خۆی بە بەشداری خەم‌و پەژارەی بنەماڵەی شەهیدو بریندارەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە‌و سەرجەم خەڵکی هەولێر دەزانێ‌و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدان دەکا‌و ئاواتەخوازی سارێژبوونەوەی زووتری برینی زامهەڵگرتووەکانە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی ـ ١٥ی بانەمەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی**

# لە شانۆی "هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری"دا بەشداری مەکەن

وتووێژ لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاك حەسەن ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ٥
ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟ ٨
١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی ڕێزگرتن لە "معلم" ٨
ڕووناکبیرو دەسەڵات ٩
یەکەمی مانگی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران ١٠
٣ی بانەمەڕ، ڕۆژی یەکیەتی‌و برایەتیی نێوان کوردو ئازەری ١١

### لەدوای سەفەرێکی چەند مانگە

## سکرتێری گشتیی حیزب گەڕایەوە کوردستان



لە سەرەتای مانگی بانەمەڕدا، سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر مستەفا هیجری، لە دوای سەفەرێکی چەند مانگە بۆ ئورووپا، گەڕایەوە کوردستان. لە ماوەی ئەو سەفەرەدا کە نزیك بە چوار مانگی خایاند سکرتێری گشتیی حیزب سەردانی چەند وڵاتی ئورووپایی کردو لە هەر وڵاتێك چەندین کۆڕو کۆبوونەوەی حیزبی، دیداری سیاسی‌و دیپلوماسی‌و وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنەکانی پێك هێنا. بە دوای گەڕانەوەی کاك مستەفا بۆ کوردستان، رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ پێك هێنا. لەو وتووێژەدا سکرتێری گشتیی حیزب ئامانج‌و مەبەستەکانی ئەو سەفەرەو هەڵوێست‌و ڕوانگەو بۆچوونەکانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بەرامبەر بە گرنگترین ڕووداو و مەسەلەکانی ڕۆژ شی دەکاتەوە. دەقی ئەم وتووێژە لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" دایە.

## پەیامی دفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی کۆچی‌دوایی کاك عومەر بۆتانی‌یەوە



**بەڕێز مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان!**
**وێڕای سڵاوێکی برایانە**

خەبەرمان زانی کە کاك عومەر بۆتانی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی پارتی لە دیمەشق فەوتی کردوە، بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان‌و بنەماڵەی خوالێخۆشبوو و سەرجەم هەڤاڵانی پارتی دەکەین‌و خۆمان بە بەشداری خەمتان دەزانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠٠٥/٤/٢٣**

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی بەبۆنەی هەڵبژاردنی نۆهەمین دەورەی سەرکۆماریی

هاونیشتمانانی بەڕێز!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

لە هاوینی ئەمساڵدا دەورەی چوارساڵەی سەرکۆماریی محەممەد خاتەمی کۆتایی پێ دێ‌و بە پێی بەرنامەی داڕێژراوی شوورای نیگابان، ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردان بۆ نۆهەمین دەورەی سەرکۆماریی هەڵبژاردن دەکرێ. ڕێژیم ئەمجارەش وەك رابردوو لە هەموو پیلانێك کەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و بەم چەشنە ڕواڵەتێکی شەرعی‌و دێموکراتیك بدا بە دەسەڵاتەکەی خۆی. بەڵام ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی چەند ساڵی دوایی ئەوە دەردەخا کە خەڵك ئەمجارەش زۆر بە کەمی بچنە نێو گەمەی هەڵبژاردنێك کە بەهۆی کۆماری ئیسلامی، تەنیا بۆ چەواشەکردنی خەڵك بەڕێوە دەچێ. پێویستە هێندێك بە وردی سەرنجی هۆکارەکانی دڵساردی‌و بێزاریی خەڵك لە شانۆی هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامی‌دا بدەین. سیستمی حکوومەتیی کۆماری ئیسلامی خۆی لە خۆی‌دا لەسەر بناغەی دوو چەمکی دژ بە یەك دامەزراوەو یاسا بنچینەیی‌یەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو دوو چەمکەیە" یەکەم کۆماری یا "جمهوریت" بە واتای سیستمێکی دێموکراتیك‌و دامەزراو لەسەر بناغەی دەنگ‌و ئیرادەی خەڵکە" دووهەم ئیسلامی، پشتبەستوو بە دەستوورو یاسای ئاسمانی‌و نەگۆڕو بێ‌نیاز لە ویست‌و ئیرادەی خەڵك. لەو سیستمەدا ئەوەی کە دەکرێ نیشاندەری ئیرادەی خەڵك بێ، (سەرکۆمارو نوێنەرانی مەجلیس‌و...)ـەو لایەکەی دیکە کە خۆ بە پارێزەری یاسا ئایینی‌یەکان دەزانێ وەلیی فەقیهە کە هەموو دەسەڵاتێکی بە دەستە، بێ‌ئەوەی لە بەرانبەر هیچ نیهادێکدا وەڵامدەر بێ. سەرکۆماریش کە بەڕواڵەت سەرۆکی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری‌و هەڵبژاردەی خەڵکە، بێ‌دەسەڵات‌و وەڵامدەر بە وەلیی فەقیهە. بە واتایەکی دیکە لەو ڕێژیمەدا نە هەڵبژاردن بایەخێکی هەیەو نە هەڵبژێردراو دەتوانێ ئەرکی نوێنەرایەتیی خۆی بەڕێوە بەرێ.

ئەزموونی دەسەڵاتدارەتی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا ئەوەی سەلماندوە کە هەڵبژاردنەکان ناتوانن کاریگەری‌یەکی ئەوتۆیان لە دێموکراتیزەکردنی وڵات‌و یاساو ڕێساکانی‌دا ببێ. خەڵکی ئاگاو وشیاری ئێران لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا ئەو ڕاستی‌یانەیان بە باشی تەجروبە کردوە، بۆیە فریوی پیلان‌و تەبلیغاتەکانی ڕێژیم ناخۆن‌و لە هەڵبژاردنەکان‌دا بەشداری ناکەن. دوای تێپەڕبوون بەسەر بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە دوو دەورەی پێشوودا، بە هیواو ئاواتی ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە نیزام‌و سەقامگیرکردنی دێموکراسی، ئێستا خەڵك بەشداری لە بەخاك ئەسپاردنی تەوەهومی ئیسلاحپەزیریی ڕێژیم‌دا دەکەن.

یەکێك لە کۆسپە سەرەکی‌یەکانی سەر ڕێگای دێموکراسی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەڵاواردن‌و جیاوازیدانانێکە کە یاسای بنەڕەتی یا قانوونی ئەساسی خوڵقاندوویەتی‌و نیوەی کۆمەڵ واتە ژنان لە مافی خۆ کاندیداکردن بۆ پۆستی سەرکۆماری بێ‌بەش دەکا. لە لایەك ژنان وەك نیوەی کۆمەڵ بە پێی یاسا لە مافێکی دێموکراتیك بێ‌بەش دەکرێ‌و لەلایەکی دیکەوەو بە بیانوویەکی دیکە کەمایەتی‌یەکی بەهێزی سوننی مەزهەبی وڵات کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردیش دەگرێتەوە، لە مافی خۆکاندیداکردن بۆ سەرکۆماری مەحرووم دەکرێن، ئەوە کەمایەتی‌یە ئایینی‌یەکانی دیکەش وەك یەهوودی، مەسیحی‌و زەردەشتی‌و تەنانەت بەشێك لە شیعە مەزهەبەکانیش دەگرێتەوە. سەرەڕای ئەوانە جارێکی دیکە دابەشکردنی کۆمەڵانی خەڵك بە خودی‌و غەیرە خودی‌و ڕەدکردنەوەی سەڵاحییەتی کاندیدا غەیرە خودی‌یەکان لەلایەن شووراری پاوانخوازو بەدەسەڵاتی نیگابان، بەڕوونی نێوەرۆکی غەیرە دێموکراتیکی هەڵبژاردن لە ئێراندا دەردەخا.

بەشدارنەبوونی خەڵك لە هەڵبژاردنی دەورەی دووهەمی شووراکانی شارو دێ‌و مەجلیسی حەوتەم‌دا ڕوونترین پەیامێك بوو کە بە کاربەدەستانی ڕێژیم دراوە کە دەورانی هیوابەستنی خەڵکی بە سندووقەکانی دەنگدان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌دا تەواو بوەو خاڵی کۆتایی لەسەر دانراوە.

ئەگەر گەلانی ئێران بەگشتی ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتدارەتیی ٢٦ ساڵەی کۆماری ئیسلامی‌یان تێپەڕ کردوە، گەلی کورد وەك ئاڵاهەڵگری خەبات دژی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی ئەو شانازی‌یەشی پێ بەخشراوە کە بە پشتبەستن بە خەباتی نەپساوەی بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی‌و دابینکردنی ئازادی‌و دێموکراسی‌و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریش‌دا هوشیارانەو ئاگایانە هەڵسوکەوتی کردوەو پەیامی ڕوون‌و شەفافی خۆی ناردوەو هەڵوێستی شیاوی گرتوە.

## کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاپۆرتی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران دا

ڕاپۆرتی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران دا لە ڕێکەوتی ٢٨ی فێوریەی ٢٠٠٥دا، لە لایەن ناوەندی دێموکراسی‌و مافەکانی مرۆڤ‌و کارەوە، بڵاو کرایەوە.

لە بەشی کەمینە نەتەوەیی‌و نەژادی‌یەکان دا هاتوە:

هەڵاواردن‌و ئازاردانی کوردان بە درێژایی ساڵەکانی دوای شۆڕش (١٣٥٧) درێژەی هەبووە. بە هۆی نەبوونی متمانە بە ویستی جودایی‌خوازانەو لایەنگری لە بیانی‌یەکان تێکهەڵچوونی وەخت بە وەخت لە نێوان هێزە دەوڵەتی‌یەکان‌و گرووپە کوردی‌یەکان دا ڕووی داوە. لە چەند ساڵی رابردوودا مۆڵەتی ڕادەربڕین‌و ڕەخساندنی بوار بۆ کاری فەرهەنگی‌و چاپ‌و پەخشی بەرنامە رادیۆ ـ تەلەفیزیۆنی‌یەکان بە زمانی کوردی بەرینتر بۆتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەش دا، هەنووکەش لە قوتابخانە دەوڵەتی‌یەکان دا خوێندن بە زمانی کوردی بوونی نیەو بواری بۆ نەڕەخسێنراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (PDKI) دەڵێ، بە لای کەمەوە سێ ئەندامی حیزبی ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٤داو ٣ کەس لە لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئێعدام کراون. حیزبی ناوبراو هەروەها دەڵێ کە "لیباس شەخسی‌یەکان" Vijilant لە تێکهەڵچوون لەگەڵ کوردان دا، حەوت کەسیان کوشتوەو ژمارەیەك لە هەڵسووڕاوانی حیزب زیندانی کراون.

## ڕەفسەنجانی دەیەوێ بازاڕی هەڵبژاردن بە "مەترسیی ئەمریکا" گەرم بکا



هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرۆکی "کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام" لە چاوپێکەوتنی ئەندامانی ڕێکخراوی ئیسلامیی خوێندکارانی ئێران‌و بەشدارانی کۆبوونەوەی "هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، بزووتنەوەی خوێندکاری‌و بەشداریی خەڵك"دا، ساڵی ١٣٨٤ی بە ساڵێکی گرنگ لە تەمەنی شۆڕشی ئیسلامی ناوبردو، پاش ئاماژە بە بوونی ئەمریکایی‌یەکان لە ئەفغانستان‌و عێراق دا گوتی کە ئەمریکایی‌یەکان سیاسەتی خۆیان لەمەڕ داهاتووی زۆر لە وڵاتانی ناوچە دیاری کردوە.

ڕەفسەنجانی گوتی: "ئێران لە یەکەم ئامانجەکانی هێرشی ئەمریکایی‌یەکانەو سیاسەتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ماوەیەکە لەسەر مێزی کاربەدەستانی ئەمریکایەو، ئەوان لە هەر دەرفەتێك بۆ زەبر وەوشاندن لە نیزام‌و خەڵکی ئێمە کەڵك وەردەگرن". سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام گوتی: "جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەمریکا لەگەڵ ئێمە، لەگەڵ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەفغانستان‌و عێراق جیاوازەو، وڵاتی ئێمە بە سەرنجدان بە پێکهاتنی ژێربیناکان‌و پەروەردەکرانی هێزە پسپۆڕو شارەزاکان‌و بەرهەمهێنان لە ڕادەیەکی بەرین دا، لەگەڵ زۆر لە وڵاتانی ناوچە جیاوازەو دوژمنانی ئێمەش بە باشی لەمە ئاگادارن." ڕەفسەنجانی هەوڵی دا لە وەبیرهێنانەوەی مەترسیی ئەمریکاو بەرنامەکانی بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە بۆ گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە مانگەکانی داهاتوودا کەڵك وەربگرێ‌و گوتی: "ئەگەر لە نێوخۆی وڵات دا، قۆڵەکان بە شێوە جۆراوجۆرەکانی دەرهاویشتن‌و پاڵ پێوەنان، زۆرایەتی لە مەیدان وەدەربنێن، ئەمە دەتوانێ هەلی لەبار بۆ بێگانەکان بە مەبەستی گەیشتن بە قازانجەکانیان بخولقێنێ." ڕەفسەنجانی، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ساردو سڕو هەڵبژێرانی سەرۆك کۆمارێکی لاوازو بە دەنگی کەمەوەی بە ویست‌و ئارەزووی دوژمنانی شۆڕش داناو، ئامادەیی خۆی بۆ هاتنە نێو پێشبڕکێی هەڵبژاردن ڕاگەیاند. **شاراوە نیە کە مەبەستی ناوبراو لە "زۆرایەتی‌یەك کە قۆڵەکان هەوڵ دەدەن لە مەیدان وەدەری بنێن"و "سەرکۆمارێکی بە توانا بە دەنگێکی زۆرەوە"، تەنیا خۆیەتی!**

## کۆماری ئیسلامی یەکێك لە ١٠ ڕێژیمی سەرکوتکەری ئازادیی چاپەمەنی‌یە



لە ڕاپۆرتی تایبەت بە ساڵی رابردووی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور لەبارەی ئازادیی بیروڕا دەربڕین‌و چاپەمەنی‌یەوە، تونێس، لیبی، سووریە، ئێران‌و عەرەبستانی سەعوودی لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی سەرکوتکەری ئەو ئازادییانە دان.

لە ملهوڕترین ڕێژیمەکانی ناوچەدا کە بریتین لەو چەند وڵاتەی ناویان برا، دەزگا جاسووسی‌و سەرکوتکەرەکان، هەر چەشنە داهێنان‌و دەست پێشخەری‌یەکی ڕاستگۆیانە لە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ڕووداوەکان داو، هەنگاونانی ڕۆژنامەنووسان لە هێندێك بواری ئاستەمی وەك باسکردنی گەندەڵیی حکوومەتی، ئیسلامگەرایی، تابووە کۆمەڵایەتی‌و ئایینی‌یەکان‌و پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا، دەپرسنەوە.

ڕاپۆرتی هەواڵنووسانی بێ‌سنوور دەڵێ: لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٤دا وەزعی ئازادیی چاپەمەنی لە ئێران دا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرەو خراپی چووە. ئێران یەکێك لە دە وڵاتی سەرکوتکەری ئازادیی چاپەمەنی‌یە، زۆر مەترسی، هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسانی ئێران دەکەن‌و، ڕۆژنامەنووسان کاتێك بەند دەکرێن، بێ‌حورمەتییان پێ‌دەکرێ. ئێران لەمێژ ساڵە گەورەترین بەندیخانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ ڕۆژنامەنووسانە.

"اخبار روز"

## ڕێپێوان‌و ناڕەزایەتی دەربڕینی کرێکارانی سنە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی کرێکارەوە

ڕۆژی یەکشەممە، ١٣٨٤/٢/١١، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، نزیکەی ٩٠٠ کەس لە کرێکارانی سنە بە بۆنەی "١ی مای، ڕۆژی جیهانیی کرێکار"ەوە لە پێش ئیدارەی کاری سنەدا کۆبوونەوەو دواتر ڕێپێوانێکی هێمنیان بەرەو هۆڵی فەجر وەڕێ خست. کرێکاران لە حەوشی هۆڵی فەجردا کۆبوونەوەو بەیاننامەیەکی ١٥ ماددەیی‌یان خوێندەوەو پاشان چەند کەس لە کرێکاران ناڕەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر بێ‌عەداڵەتیی ڕێژیم دەربڕی. بەڵام لە لایەن هێزی ئینتیزامی‌یەوە بە هەڕەشەو گوشار کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ‌هات‌و دەستبەسەر زەبتی ڕۆژنامەنووسەکانیش داگیرا.

شایانی باسە کە ئەم کۆبوونەوەو ڕێپێوانە بۆ ناڕەزایەتی نیشاندان لە بەرامبەر کۆبوونەوەیەك دا بوو کە ڕێژیم بەڕواڵەت بۆ کرێکاران لە هۆڵی فەجردا پێکی هێنابوو. هەروەها لەم کۆبوونەوەدا ژمارەی هێزی دژی‌شۆڕش لە کرێکارانی بەشدار زۆرتر بوو.

# سکرتێری گشتیی حیزب: ڕیاسەتی جمهووری لە ئێران‌داو هەروەها پەرلەمان، زۆرتر شتی زاهیرین بۆ فریودانی خەڵکی دنیایە، بۆوەی نیشان بدەن کە حکوومەتێکی موتەممەدن و ئەورۆپییە

## وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سەبارەت بە ئاکامی سەفەرە دیپلۆماسی‌یەکەیان بۆ ئۆرووپا

**ئاماژە:**

**چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، کاک مستەفا هیجری دوای سەفەرێکی چەندمانگە بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی ئورووپایی گەڕایەوە بۆ کوردستان. بەڕێزیان لەم سەفەرەدا وێڕای پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوە بۆ ئەندامانی حیزب لەو وڵاتانەی سەردانی کردن، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە لێپرساوە دەوڵەتی‌و نادەوڵەتی‌یەکان‌و کەسایەتی‌یە ئورووپایی، ئێرانی‌و کوردەکان دیدارو چاوپێکەوتنی کرد. "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" بۆ تیشک خستنەسەر ئاکامەکانی ئەو سەفەرە وتووێژێکی لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا هیجری پێک هێناوە. ئەوەی لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز دەقی ئەم وتووێژەیە.**

**"کوردستان"**



**پ: کاک مستەفا! لە سەرەتادا بەخێرهاتنی بەڕێزتان دەکەم‌و زۆر سوپاس بۆوەی کە وەختی خۆتت لە ئیختیار ناین‌و لەم وتووێژەدا بەشداریت کرد. سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێ‌بکەم کە مەبەستی بەڕێزتان لە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات چی بوو؟**

و: زۆر سوپاستان دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان هێناپێشێ کە بتوانم کاروباری سەفەری دەرەوەم لەگەڵ بیسەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران باس بکەم. وەکوو ئاگادارن لە مانگی چواری ساڵی ڕابردوودا کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبەکەمان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد. ئەو کۆنگرەیە مەجموعەیەک گۆڕانکاریی لە حیزبدا پێک هێنا کە یەکێک لە گرینگترینی ئەو گۆڕانکارییانە، بریتی بوو لە گۆڕینی شیعاری ستراتیژیکی حیزب، دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان کە ساڵانێکی زۆر بوو حیزبی دێموکراتی ئەو شیعارەی هەڵگرتبوو، ئەو شیعارە لەو کۆنگرەیەدا گۆڕا بە دامەزراندنی سیستمی دێموکراتیکی فیدراڵ لە ئێران‌داو دابین کردنی مافی نەتەوەیی گەلی کورد لەو چوارچێوەیەدا. ئێمە بە پێویستمان زانی لە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەماندا کە سکرتێری حیزب سەفەری دەرەوە بکا بۆ وەی کە لەگەڵ دۆستەکانمان لە ئورووپا، لەگەڵ ئوپوزیسیۆنی ئێرانی‌و هەروەها لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردی لە دانیشتنەکانی حزووری‌داو لە نزیکەوە نەتایجی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەوان ڕابگەیەنێ. ئەوە بەشێک لە ئەرکە سەرەکی‌یەکانی من بوو لەو سەفەرەدا، بێجگە لەوانە وەکوو ئاگادارن ئێمە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی فەعالمان لە دەرەوەی وڵات لە نێو وڵاتەکانی ئورووپایی‌دا کاروتێکۆشانیان هەیە، پێویست بوو لەگەڵ ئەوانیش هەم دانیشتن بکرێ لە ڕابیتە لەگەڵ مەسەلەی ئەم ئاڵوگۆڕانەو هەروەها جوابدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە ڕەنگە لەو ماوەیەدا بۆ هەرکام لەوانە هاتبێتە پێشێ. هەروەها لێکدانەوەی کارو تێکۆشانی ئەو هاوڕێیانەمان لە دەرەوە.

بێجگە لەوە پێوەندیگرتن بە ڕێکخراوەکانی ئوپەزیسیۆنی ئێرانی چ کورد چ غەیری کورد کە ئێمە پێوەندیمان هەیە ساڵەهایە لەگەڵیان پێویست بوو لەگەڵ ئەوانە کە بەشێکیان ڕێبەرایەتی‌یەکەیان لە دەرەوەی وڵات دایە چاوپێکەوتن بکەین بۆ ئەوەی سیاسەتی نوێی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی دەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا دەگەڵیان باس بکەین‌و جارێکی دیکە هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ ئەو دۆستانەمان دووپات کەینەوەو سیاسەتی حیزبی دێموکرات لەو کۆنگرەیەدا بەوان ڕابگەیەنین. ئەوە بوو کە لەلایەن ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئەو مەئموورییەتە بە من سپێردرا کە بچمە دەرەوەو لە نزیکەوە ئەو کارانە جێبەجێ بکەم‌و خۆشحاڵم ئێستا دوای بەئەنجام گەیاندنی مەئموورییەتەکان جارێکی دیکە گەڕاومەتەوە نێو هاوڕێیانی تێکۆشەرو کادرو پێشمەرگە دڵسۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**پ: بە لەبەرچاوگرتنی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و هەروەها تەریک کەوتنەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئێران لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ئایا گۆڕانێک لە هەڵوێستی ئورووپایی‌یەکان دا بە نیسبەت ئێران پێک هاتوە؟**

و: ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە کە ناکرێ قەزاوەتێکی گشتی لەو بارەیەوە بکرێ. بێجگە لەوەی ئورووپایی‌یەکان وەکوو ئیتحادییەی ئورووپا لەوێ‌دا یەک دەگرنەوەو سیاسەتێکی یەکگرتوو ڕەچاو دەکەن. بە نیسبەتی زۆر مەسائیلی دەرەوەی خۆیان کە یەک لەوان ئێرانە، کە دەگەڵیان دادەنیشی‌و قسەیان دەگەڵ دەکەی جیاوازی لە بۆچوونەکانیان بە نیسبەتی ئێران‌و خاڵەکانی دیکەی مەربووت بە دنیادا هەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا ژمارەیەکی بەرچاو لەو وڵاتانە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەتوانن بە دیالۆگ بە باسکردن دەگەڵیان ئاڵوگۆڕ لە ئێران‌دا پێک بێنن ئێستا وەزعەکە فەرقی کردوە. وەکوو ئاگادارن ماوەی دە دوازدە ساڵ لەمەوپێش ئورووپا سیاسەتێکی گرتەبەر بە نیسبەتی ئێران کە خۆیان نێویان نابوو سیاسەتی "دیالوگی ڕەخنەگرانە" بەو مانایەی کە لەگەڵ ئێران دیالۆگەکەیان بپارێزن، پێوەندی‌یەکەیان بپارێزن‌و دانیشتن بکەن لە نزیکەوەو لەو دانیشتنانەدا ڕەخنەی خۆیان لە ڕابیتە لەگەڵ مافی مرۆڤ‌و مەسائیلی دیکە کە بۆیان دێتە پێشێ، لە ئێران بگرن، بەو هیوایەی کە ئێران بە هۆی ئەو دیالۆگ‌و لێکنزیک بوونەوانە بەرەو ئازادی‌و مافی مرۆڤ هان بدەن، بەڵام تەجروبەی ساڵانی ڕابردووی ئورووپایی‌یەکان لەگەڵ ئێران بۆ زۆربەیانی دەرخستوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو ماوەیەدا نەک هەر بەو سیاسەتە ئاڵوگۆڕێکی دێموکراتیکی تێ‌دا پێک نەهاتوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بووەو لەو پێوەندی‌یەدا میسال‌و شاهیدی یەکجار زۆر هەن کە ئێمە تەکیەمان لەسەر کردوە بۆ نموونە هەڵبژاردنەکانی دەورەی حەوتەمی پارلمان کە لەودا مەجلیس یەکدەست کراوە، لە ژێر پێ‌نانی مافی ژنان، دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتەکانی دراوسێ بە تایبەتی عێراق، ئەوانەو زۆر نموونەی دیکە هەبوون کە ئێمە باسمان کردن‌و ئورووپایی‌یەکان بۆخۆشیان دیارە شارەزای ئەو مەسەلەیە بوون. بۆیە ناتوانم بڵێم ئورووپایی‌یەکان بە نیسبەت ئێران وەکوو یەک بیردەکەنەوە، بەڵام تاکوو ئێستاش ئەو فرسەتەیان بە ئێران داوە کە بە شێوەی موزاکەرەو وتووێژ بچنە پێش بۆوەی کە بتوانن ئەو گیروگرفتانەی کە لە ڕابردوودا لە پێوەندی لەگەڵ ئازادی هەیان بوو بە تایبەت ئێستا مەسەلەی موهیمتر لەویش کە مەسەلەی وزەی ئەتۆمی یا بڵێین چەکی ئەتۆمی‌یە کە ئێران بەرەو ئەوە دەچێ ئەوەی وەدەست بێنێ لەگەڵی دەموزاکەرەدان. تا بە موزاکەرە بتوانن ئەو مەسەلەیە حەل بکەن. هەرچەند ئەوەندەی ئەمن لە نزیکەوە دەگەڵ ئورووپایی‌یەکان قسەم کرد بەشێک لەوانە نائومێدن بە ئایندەی ئەو وتووێژە، بەڵام دیسانەکە هەر دەیانەوێ ئەو ڕێگایە ئیدامە بدەن بەڵام تەبیعی‌یە کە لەو مەسەلەیەدا زۆر سوورن کە ئێران نابێ لە مەسەلەی ئەتۆم‌دا بچێتە پێشێ‌و ئیعتمادی پێ ناکەن وەکوو وڵاتێکی یاغی چاوی لێ‌دەکەن‌و نیگەرانی ئەوەن کە ئەگەر ڕۆژێ ئێران دەسڕەسیی پەیدا بکا بە ئەتۆم، حەتتا ئەگەر بۆ کەڵک وەرگرتنی سەنعەتییش بێ دەتوانێ بە ئاڵوگۆڕێک تەبدیلی بکا بە چەکی ئەتۆمی‌و گیروگرفتێکی گەورە بۆ دنیاو بەشێک لە دنیا کە ئورووپایە کە لە ئێرانیش نزیکە پێک بێنێ. بۆیە بۆچوونەکانی ئورووپایی‌یەکان لەو پێوەندی‌یەدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. دیارە تەبیعی‌یە کە چاوپێکەوتنەکانی منیش لە نزیکەوە لەگەڵیان‌و تەوزیحی ئەو وەزعییەتەی کە لە ئێراندا هەیە بەنیسبەتی مەسەلەی ئازادی، بەنیسبەتی لەژێرپێ‌نانی مافی مرۆڤ، لەژێرپێ‌نانی مافی نەتەوەکانی ئێرانی، ئەو تەبعیزو جیاوازییەی کە لە ئێراندا هەیەو ئەو بێ‌کیفایەتی‌یەی کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی ئێستا دەرهەق بە ئێران دەیکەن، ئەوانە مەسائیلێک بوون کە یارمەتی دا بە ڕوونبوونەوەی زیاتری ئورووپایی‌یەکان.

**پ: هەروەک بەڕێزتان لەسەرتادا ئیشارەتان پێ‌کرد یەکێک لە گۆڕانکاری‌یەکانی کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب گۆڕینی دروشمی ئیستراتیژیک بوو لە خودموختاری بۆ فیدرالیزم. هەڵوێستی حیزب‌و ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە ئورووپایی‌و ئێرانی‌یەکان لە دەرەوەی وڵات بەرامبەر بەو گۆڕانە چ بوو؟**

و: ئەوەی کە پێوەندیی بە ئورووپایی‌یەکانەوە هەیە، دەتوانم بڵێم بەبێ ئیستیسنا ئەوانەی ئەمن چاوم پێیان کەوتوە کە ژمارەشیان زۆر بوو، بەتێکڕا تەئیدی ئەو سیاسەتەو ئاڵوگۆڕە دەکەن‌و لەو باوەڕەدا بوون کە مەسەلەی فیدرالیزم، مەسەلەی ئەورۆی دنیایە، شکڵێکی عادڵانەی سیاسی‌یە لە شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، چوونکە لە فیدرالیزم‌دا دەکرێ مافی یەکسان بۆ نەتەوەکان لەنەزەر بگیرێ‌و پێیان وایە کە نەتەوەکانی ئێرانی بەو شێوەیە دەتوانن وێڕای ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئێراندا پێکەوە بژین‌و بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئێران هەوڵ بدەن، لە مافی وەك یەك بەهرەمەند بن‌و داوتەڵەبانە لە ئێراندا بمێننەوە، ئەوە بۆچوونێک بوو بەگشتی هەموو ئورووپایی‌یەکان بوویان‌و لەو پێوەندی‌یەدا پشتگیریی حیزبی ئێمەیان دەکردو پێیان وابوو ئەو ئاڵوگۆڕە، ئاڵوگۆڕێکی دێموکراتیکەو پیرۆزبایی‌یان لە ئێمە دەکرد بۆ دیاریکردنی ئەو دروشمە.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە سەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، ئەوانەی کە ئێمە پێوەندیمان دەگەڵیان هەیە وەکوو هێندێک لە ئەحزابی چەپی ئێرانی، هێندێک لە ئەحزاب‌و شەخسییەتەکانی دێموکراتی ئێرانی، ئەوانیش پێیان وایە ئەو ئاڵوگۆڕە کە لە کۆنگرەی حیزبدا، لە شیعاری حیزبدا هاتۆتە پێشێ، شیعارێکی باشە، ئەوان بۆ خۆشیان بەشێکی زۆریان لەو باوەڕەدان یەکگرتوویی ئێران لە داهاتوودا تەنها شتێک کە دەتوانێ تەزمینی بکا، ڕازیبوونی نەتەوەکانی ئێرانە، چونکە ئێستا سەردەم، سەردەمی ئازادبوونی نەتەوەکانە" بە پێچەوانەی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران قەزاوەت دەکاو پێی وایە مافی نەتەوەکان، جا بە شکڵی خودموختاری بێ یا بە شکڵی فیدراڵیزم بێ، هەنگاوێکە بەرەو جودابوونەوە، ئەو هێزانە پێیان وایە بە پێچەوانەیە، ڕێگای یەکگرتوویی ئێران لە چوارچێوەی جوغرافیایی ئێراندا ئەو ڕێگایەیە کە ئێمە باوەڕمان پێیەتی‌و ئەوان بەشێکی زۆریشیان بۆ خۆشیان شیعارەکەیان هەر ئێرانێکی فیدراڵە لە داهاتوودا. دیارە هێندێک ئەحزاب‌و شەخسییەتی دیکە هەن کە لەڕاستی‌دا ئێستاش لە ئاڵوگۆڕەکانی دنیاو لە واقیعییەتەکانی مەنتەقە تێ‌نەگەیشتون‌و ئوسوولەن نەوعێک شۆڤینیزم بەسەر فکریاندا زاڵە، ئەوانە ئێستاش پێیان وایە کە وەختێک باس لە مەسەلەی نەتەوە دەکەین، وەختێک باس لە مافی نەتەوەکان دەکەین، ئەوە بەرەو جودابوونەوە لە ئێرانە، ئەوە لەتلەتکردن‌و دابەشکردنی ئێرانەو، بەو شێوەیە بە توندی بەرەنگاری دەکەن. بەڵام بە خۆشی‌یەوە دەتوانم ئەوەی زۆر بە ئیعتیبارەوە بڵێم کە ئەگەر لە ڕابردوودا بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بەو شێوەیە فکریان دەکردەوە، ئێستا زۆرن ئەو ڕێکخراوو سازمان‌و ڕووناکبیرانەی ئێرانی بەتایبەت ئەوانەی کە حەتتا لە فکری ئەوان دایە کە ئێران یەکپارچە بمێنێتەوە، مەسەلەی فیدراڵییان بۆ مەترەحە. دیارە ئەوە مەوزووعێک نیە کە تەنها لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یا بڵێین هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ئێرانەوە مەترەح کرابێ، بەڵکوو ئێستا مەسەلەی فیدراڵیزم باسێکە کە لە نێو مەحافیلی ڕووناکبیریی ئێران‌و لە نێوان هێندێک شەخسییەت کە ئاڵوگۆڕەکانیان دەرک کردوە، لە ئێراندا باسی لەسەر دەکرێ‌و ئێستا ئەو تابۆیە شکاوە کە کەسێک لە نێوخۆی ئێران نەوێرێ لەسەر ئەو مەوزووعە باس بکا، بەڵکوو بۆتە باسێکی ڕۆژ کە خەڵك فکری لێ دەکاتەوەو باسی لەسەر دەکاو پێم وابێ ئێمەش بۆخۆمان دەبێ زیاتر سەعی بکەین لە ڕێگای تەبلیغاتی خۆمانەوە مەوزووعەکە زیاتر بکەینە مەوزووعی ڕۆژ بۆ ئێرانی‌یەکان. یانی لە جیاتی وەی کە تەنیا حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەسانەهایەکی گرووهی یەکجار زۆرو ئیمکاناتێکی زۆر کە لە ئیختیاری دایە تەبلیغ دژی مافی نەتەوایەتی دەکاو هەر نەوع مافێکی نەتەوایەتی‌و جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی "تجزیە"ی ئێران‌و وابەستەبوون بە بێگانەگان دەبەستێتەوە. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەکوو هێزەکانی دێموکراتیی کوردی ئێرانی کە باوەڕمان بە مافی نەتەوایەتی هەیەو هەروەها وەکوو بڵێین باقیی ئازادیخوازانی ئێران کە باوەڕیان بەو بەرنامە هەیە بتوانین بە تەبلیغاتی خۆمان ئەو پروپاگەندەیەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەی‌کاو ئەو سەمپاشی‌یەی دەی‌کا بە دژی مافی نەتەوەکان، بتوانین تا حەددێک پووچەڵ بکەینەوە.

**پ: کاک مستەفا لە ڕێکەوتی دووی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٣، چەند مانگ لەمەوبەر لە شاری لەندەن لە وڵاتی ئینگلستان، کۆبوونەوەی نوێنەرانی نەتەوەکانی ژێر ستەمی ئێران بەڕێوە چوو. ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە چۆنیەتیی پێکهاتنی ئەو کۆبوونەوەیەو ئاکامەکانی باس بکەی؟**

و: بەڵێ ئەوەش یەکێک لەو بەرنامانە بوو کە لە دەستووری کارێکدا کە بۆ من دیاری کرابوو، بەڕێوەچوو. وەکوو دەزانن ماوەیەکی زۆرە، لە مێژساڵە پێوەندیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانی هەیە. زۆرجار هەوڵمان داوە کە بتوانین لەگەڵ ئەوان یەکیەتی‌و یەکگرتوویی‌یەک پێک بێنین، بەڵام بە دەلایلی زۆر کە ئێستا جێگای باسی نیە، مەوەفەق نەبووین، بەڵام لە کۆنگرەی سێزدەهەم‌داو بەدوای وی‌دا لە کۆمیتەی ناوەندی‌و هەروەها لە دەفتەری سیاسی ئەو باسە بۆ مە مەترەح بوو کە ئێستا کە نەمان‌توانیوە یەکگرتوویەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەریی ئێران پێک بێنین، زۆرتر ئینێرژیی خۆمان‌و وەختی خۆمان بخەینە سەر یەکگرتن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی بندەستی ئێرانی. دەلیلەکەشی ئەوە بوو کە پێمان وا بوو نەتەوەکانی بندەستی ئێرانی وەکوو ئێمە لە ژێر ستەم‌دان، ئەو ستەمەی کە لەسەر میللەتی کورد هەیە، بەشێوەیەک لەسەر ئەوانیش هەیە، بە دەردی ئێمە ئاشنان، لە قسەی یەکتر باشتر حاڵی دەبین‌و بەو نەتیجە گەیشتین دەگەڵ وان لەسەر نەوعە یەکگرتنێک کە جێگای ئومێدی زیاترەو دەتوانێ پایەدارتر بێ، تێ‌بکۆشین. بۆیە ئێمە بەدوای ئەو تەوسیەیەدا تێ‌کۆشاین کە ئەو پێوەندییانەی کە دەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوەکانی ئێرانیمان بوو، چڕتر کەینەوە، ئەوە بوو کە ئێمە لەو ڕێکەوتەدا کە ئیشارەتان پێ‌کرد، لە لەندەن کۆبوونەوەیەکمان پێک هێنا لە مەجموعەیەک لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سەر بە نەتەوەکانی ئێرانی کە باوەڕیان بە مەسەلەی فیدراڵیزم هەبوو، باوەڕیان بە مەسەلەی نەتەوایەتی‌و حەق‌و حقووقی نەتەوایەتی لە ئێراندا بە شێوەی موساوی هەبوو، لەگەڵیان ڕێک کەوتین‌و ئەو یەکگرتنە کە بە نێوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"ـە، پێکمان هێنا کە لەسەر ئەساسی فیدراڵیزم لەسەر چوارچێوەی نەتەوەیی‌و جوغرافیایی پێک هاتوە. بەو مانایەی کە ئەو نەتەوانەی کە لە جوغرافیایەکی موشەخەسی ئێراندا دەژین، بتوانن کاروباری نێوخۆیی وڵاتەکەیان بەڕێوە بەرن‌و لە کاروباری گشتی وڵاتی ئێراندا بە گوێرەی نفووسێک کە هەیانە ـ دوایە قانوون دیاریی دەکا ـ بتوانن بەشدار بن. ئەوە کارێک بوو کە ئێمە لەوێ‌دا کردمان. بە خۆشی‌یەوە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو وە ئێستا چەند گرووپی دیکەش بەدوای ئیعلامی مەوجوودییەتی ئەو کۆنگرەیەدا، ئیعلامی ئامادەگییان کردوە کە مولحەق بن بەو کۆنگرەیە. من وای دەبینم کە ئەو کارە بەرەوپێش بچێ‌و ئومێدوارم کە لە داهاتوودا هێندێک لە گرووهەکانی دیکەی ئێرانی‌و شەخسییەتەکانی دیکەی ئێرانیش لە مەبەستی پێکهاتنی ئەو کۆنگرەیە ئاگاداریان بکەین، پەیوەست بن بەو کۆنگرەیەو کۆنگرەکەمان بەهێزتر بکەین.

بەڵام ئەوە تەبیعی‌یە هەموو کارێک بەستراوەتەوە بەوەی کە چەند تەبلیغی بۆ بکەی، چەند کاری بۆ بکەی‌و چەند هەوڵی بۆ بدەی بۆ وەی کە لە نێو گەلانی ئێراندا جێ بگرێ‌و خەڵکەکە لە مەبەستی ئەو کۆنگرەیە باش حاڵی بن. ئێمە وەکوو

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەنگۆی گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کوردی ئێرانی بۆ وڵاتی عێراق بەدرۆ دەخاتەوە

ماوەیەك لەمەوبەر دەنگۆیەك لە لایەن نەیارانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە کە گوایە "کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی چۆتە ئانکاراو بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەرانی کوردی ئێران بۆ عێراق لەو وڵاتەدا لەگەڵ بەرپرسانی UNی ئانکارا وتووێژی کردووە".

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو دەنگۆیە بە توندی ڕەت دەکاتەوەو هەموان دڵنیا دەکاتەوە کە هاوڕێی بەڕێز کاك خوسرەو عەبدوڵڵایی سەفەری بۆ تورکیە نەکردووەو بە شێوەی ڕەسمیو ناڕەسمی لەگەڵ بەرپرسانی UNدا وتووێژی نەکردوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە ڕەوشی نالەباری پەنابەرانی کوردی ئێران لە هەموو وڵاتانداو بەتایبەت پەنابەرانی کوردی ئێران لە تورکیەو وڵاتانی دیکەدا بە گوێی بەرپرسانی UN بگەیەنێ تا ڕێگاچارەیەك بۆ ئەو کێشەیە ببینێتەوەو تا ئێستا گەلێ هەنگاوی بەجێی لەو پێناوەدا هەڵهێناوەتەوە.

هاوڕێی تێکۆشەر کاك مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەفەری ئەم دواییانەی خۆیدا بۆ دەرەوەی وڵات چەند دیداری گرنگی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای UN لە ئورووپا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەنابەرانی کوردی ئێران لە تورکیەو ئەلتاشو ئەلکەرامە بەئەنجام گەیاند. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە پشتیوانی لە پەنابەرانی بێئەنوای کورد لە هەموو جێگایەك دەکاتو ئێشوئازارو هیواکانی ئەوان بە هی خۆی دەزانێو بەم شێوەیە ئەو دەنگۆیە کە بێگومان لە لایەن نەیارانی حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بڵاو دەکرێتەوە، بە توندی بەدرۆ دەخاتەوە.

## کونترۆڵی ئەو دەقو قسانەی کە لە ڕێگەی چاتەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن لە لایەن موخابراتی ڕێژیمەوە

موخابراتی ڕێژیم بۆ بەڕێوەبردنی بڕیاری سازمانی ئیتلاعات بە مەبەستی کونترۆڵکردنی ئەو دەقو پەیڤانەی کە لە ئینتێرنێت داو لە ڕێگەی "چات"ەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێن، چەند "وێب سایت"ی داناوە کە لە ڕێگەی چوونە نێو IDیەکانەوەو بە بیانووی دۆزینەوەی دۆستی چاتی، کۆپییەك لە تەواوی دەقە چاتییەکان هەڵدەگرن.

ئەو "وێب سایت"انە بریتین لە:

http://www.binamak.com
http//www.bf@gf.com
http://www.chatirani.com

## کۆچیدوایی مام ئەبوبەکر میهری، پێشمەرگەی دێرینو کۆڵنەدەری حیزبەکەمان لە ناوچەی برادۆست

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، مام "ئەبوبەکر مێهری"، پێشمەرگەی لەمێژینەو تێکۆشەری حیزبەکەمان بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدا کۆچیدوایی کرد.

مام ئەبوبەکر لە ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵەکانی ٤٦و٤٧دا وەکوو ئەندام هاتنە نێو ریزی تەشکیلاتی حیزبو لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەوپەڕی لێهاتوویییەوە خەباتی کرد.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا، مام ئەبوبەکر وەکوو پێشمەرگە لە ریزی تەشکیلاتی حیزب دا درێژەی بە خەباتو تێکۆشان، بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی کورد دا.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٦٦داو لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لە نزیك سنووری تورکیەدا لەگەڵ دوو پێشمەرگەیتر لە لایەن سوپای تورکیەوە گیراو زیاتر لە دوو ساڵونیو لە بەندیخانەدا بەند کرا. بەڵام لە پاش ئازادبوونی بە هێزو ورەیەکی پتەوترەوە دەگەڕێتەوە نێو ریزەکانی حیزبو درێژە بە خەباتو تێکۆشانی دەداتەوە.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٣دا کە بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە لەگەڵ مەرگدا بەربەرەکانێی دەکرد، هەربۆیە لە لایەن حیزبەوە نێردراوە بۆ نێو بنەماڵەو کەسوکاری تا ئەوەی کە لە ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٤دا کۆچیدوایی کرد.

ڕۆحی شادو ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی پڕ ڕێبوار بێ

## کۆچیدوایی مرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو ئەندامێکی دڵسۆزو لەمێژینەی حیزب لە پیرانشار

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٦، برایم نەمەکی، ناسراو بە "مام برایم قازی"، ئەندامی لەمێژینەو دڵسۆزو تێکۆشەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشی، لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچیدوایی کرد.

مام برایم ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی پێوەندی بە تەشکیلاتی حیزبەوە دەگرێو هەروەها یەکێك لە ئەندامانی چالاكو هەڵسوڕی حیزب لە ساڵەکانی ١٣٤٦و١٣٤٧دا بوە.

پاش ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب، لە ساڵی ١٣٥٧دا، مام برایم بوو بە پێشمەرگەو لە خەباتو تێکۆشانی ئاشکرای حیزب دا چالاکانە بەشدار بوو.

مام برایم مرۆڤێکی دڵسۆزو وەفادار بوو کە بەکردەوە ئەم تایبەتمەندییەی لە مەیدانی خەبات دا نیشان داو هەروەها برایەکی بە ناوی "حسێن نەمەکی" لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا شەهید بوە.

مام برایم بە هۆی چوونەسەری تەمەنو نەخۆشیو بە مۆڵەتی حیزب لە ساڵی ١٣٧٤دا ڕۆیشتەوە نێوخۆی وڵاتو هەرلەوکاتەشدا هەمیشە خۆی بە پێشمەرگە دەزانیو لە تەبلیغ کردن بۆ حیزبو وشیارکردنەوەی خەڵك دریغی نەدەکرد.

ڕۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی پڕڕێبوار بێ.

## هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم نارازییەکی چالاکی سیاسیی زانکۆی زابۆلیان بە توندی بریندار کرد

ڕێکەوتی ١٣٨٤/٢/٣، هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی یەکێك لە سیاسییە چالاکەکانی زانکۆی زابول کە لە تێکدانی دانیشتنی تەبلیغاتیی مستەفا موعین لەم زانکۆیەدا کە بە بۆنەی بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ٢٧ی جۆزەردانەوە پێکهاتبوو، شوێن دەستی گرینگی دەبێ، هێرش دەکەنە سەریو لە ئاکامدا بە توندی برینداری دەکەن کە تا ئێستا لە نەخۆشخانەی زابول دا بەستەری کراوە.

### هەوڵی بەرپرسەکانی زانکۆی زابول بۆ پێشگرتن لە جەژنی تەواوبوونی دەورەی خوێندنی خوێندکارە کوردەکانی زانکۆ شکستی هێنا

خوێندکارە کوردەکانی زانکۆی زابول سەرەڕای هەوڵی بەرپرسەکانی زانکۆ بۆ پێشگرتن لە پێکهێنانی جەژنی تەواوبوونی دەورەی خوێندنیانو بێبایەخدان بە داخوزای بەرپرسەکان، جەژنێکی ڕازاوەو ڕێکوپێکیان بەڕێوەبرد. پێکهێنانی ئەم جەژنە لەگەڵ بەشداریو پێشوازیی خوێندکارە فارسو تورکو بەلووچەکانو...دا بەرەوڕوو بوو. شایانی باسە کە خوێندکارە کوردەکان بە هەڵواسینی ئاڵای کوردستان لە سینگیانو شاییو گۆڤەندی کوردی جەژنەکەیان ڕازاندبۆوە.

## دادگای دوو ڕۆژنامەنووسی کورد بەڕێوەچوو

بەیانیی ڕۆژی ١٣٨٤/٢/١٠، لە لقی چواری دادسەرای گشتی (عمومی)و شۆڕشی سنەدا، کۆبوونەوەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی کە دراوەتە پاڵ "ئیجلال قوربانی"و "سەعید ساعدی"، دوو ڕۆژنامەنووسی کورد بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێری "ایلنا"، ئەو تۆمەتانەی کە بۆ ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە شی کراوەتەوە بریتین لە: "هەنگاو لە دژی ئەمنییەتی وڵات لە ڕێگەی تەبلیغ بۆ تەحریمی هەڵبژاردن"، "تەوهینکردن بە ڕێبەریو پیرۆزییەکانو پەرەپێدان بە ناکۆکیی قەومیو مەزهەبی"، "لێنەهاتوو نیشاندانی بنەمای نیزام"، "چالاکیی تەبلیغاتی بۆ حیزبە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی"و "تەوهینکردن بە بەرپرسانی نیزام" کە ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە کوردە لە وتەکانیانداو لە دانیشتنی ریفۆرمخوازانی کورد لە زانکۆی کوردستاندا دەریان بڕیوە.

لەم دانیشتنەی دادگادا کە نوێنەری "مدعیالعموم"یش بەشدار بوو، ئەم دوو ڕۆژنامەنووسە کوردە تەواوی ئەو تۆمەتانەی کە دراوەتە پاڵیان بەدرۆ خستەوە.

هەروەها شکایەتکارەکانی ئەم پەروەندە بریتین لە: بەسیجی خوێندکاریو حەراسەتی زانکۆی کوردستان، ئیدارەی گشتی ئیتلاعاتو ئیدارەی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامی.

شایانی باسە کە لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا قازی پەروەندە بۆ "ئیجلال قەوامی"و "سەعید ساعدی"، کەفالەتێکی ١٤ میلیۆن تمەنی تەرخان کردووەو ڕایگەیاند کە دانیشتنی دوایی بۆ لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکان لە ڕێگەی ئاگادارییەکەوە ڕادەگەیەندرێت.

ریفۆرمخوازانی کورد کە بانگەشەی بەدیهێنانی داخوازییەکانی کورد لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی نیزامدا دەکەنو دەیانەوێ لەو ڕێگە شکست خواردووەوە مافەکانی کورد بەدەست بهێنن، تەنانەت ناتوانن مافی ئازادی ڕادەربڕین بۆ وتەبێژان لە دانیشتنەکانی خۆیاندا مسۆگەر بکەن.

## ئاگاداریی ناوەندی سێی کوردستان بۆ خەڵکی گوندەکانی "قایر"و "فلکان" لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ

بە ئاگاداری خەڵکی گوندی "فلکان" دەگەیەنین کە بەپێی دابەشکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوارگەی "شین کان"، دراوە بە خەڵکی گوندی "قایر"، هەروەها سەرجەم لەوەڕگەو هەوارگەکانی ناوچەی ورمێ لە لایەن حیزبەوە بەسەر ئاواییەکانی ناوچەدا دابەش کراوەو کەس بۆی نیە دەستکاریی ئەو دابەشکردنە بکا.

خەڵکی گوندەکانی "قایر"و "فلکان"، بەتایبەتی خەڵکی گوندی "فلکان" دەبێ ئەوە بزانن کە ڕێژیمو دەستوپێوەندییەکانی لە کێشەی پێکهاتوو لە نێوانیاندا بۆ بەڕێوەبردنی پیلانە دژیگەلییەکانی خۆیان کەڵك وەردەگرنو بەکردەوە هیچ هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی یەکجاریو کۆتاییهێنان بە کێشەکە نادەن. هەربۆیە داواکاریمان لە خەڵکی گوندی "فلکان" ئەوەیە کە کێشەی خۆیان لە ڕێگای پیاوماقوولانو ریش سپییەکانی ناوچەوە چارەسەر بکەن.

هەر کەسو لایەنێك کە ببێتە هۆی درێژەکێشانو چارەسەرنەبوونی کێشەکە خۆی بەرپرسیارەو دەبێ وەڵامدەر بێ.

**ناوەندی سێی کوردستان**

درێژەی لاپەڕەی ١. . .

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی. . .

گەلی کورد لە مێژە زوڵمو زۆری کاربەدەستانی نیزامو سیاسەتی هەڵاواردنو جیاکردنەوەو بە پلە دوو دانانی هاونیشتمانانی کوردی لە ئێراندا بە قوولی هەست پێ کردوە. بۆیە جارێکی دیکە سیاسەتی ڕیاکارانە، بزەی درۆزنانەو فریوکارانەی هیچ کاندیدایەکی سەرکۆماریو هەوڵی نەزۆکی هیچ دەستەو تاقمێك با لە ژێر ناوی ئیسلاحخوازانی کوردیشدا بێو بیهەوێ لە ئاستی بەرزی هەستی نەتەوایەتیی کورد کەڵك وەربگرێو نێوەرۆکی داوا سەرەکییەکانی کورد ئەوەندە دابەزێنێ تا لە چوارچێوەی تەسکی یاسا بنەڕەتییە ناتەواوو غەیرە دێموکراتیکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا جێی بێتەوەو تەنیا پشت بە بەڵێنێکی تەبلیغاتیی پێش هەڵبژاردنی کەسێك کە ئەگەر هەڵیشبژێردرێ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی نیە، ببەستێو، بەو شێوە مەشرووعییەت بە ڕێژیمی نامەشرووعی کۆماری ئیسلامی بدەن، هەر لە ئێستاوە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێ.

ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بەگشتیو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتیو ڕێکەوتنی شەپۆلی دێموکراسیخوازیو ئازدی مەیدانی هەڵسووڕانی بە ڕێژیمە دیکاتۆرو سەرەڕۆو کۆنەپەرستەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنگەبەرتر کردوە. نیزامی دیکتاتۆری ئێرانیش مەحکووم بە نەمانو لەنێو چوونەو وەڕێخستنی شانۆی هەڵبژاردن ناتوانێ یارمەتی بە مانەوەو لەسەر پێ ڕاوەستانی بکا. ئەگەر خەڵکی ئێران بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی بەرانبەر بە هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێو مەجلیسی حەوتەم ساردو بێتەفاوەت بوون، ئەمجارە پەیامی خۆیان بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری بە گوێی نەبیسی ویلایەتی فەقیە دەگەیەنن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتۆرانە کە باسمان کردن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژاردنەکانی نۆهەمین دەورەی سەرکۆماری تەحریم دەکاو داوا لە هاونیشتمانانی بەڕێز بەگشتیو خەڵکی خەباتکارو کۆڵنەدەری کوردستان بەتایبەتی دەکا کە لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکەنو بەم چەشنە بۆ جارێکی دیکە پەیامێکی ڕوونو ئاشکرا بۆ بیروڕای گشتیی جیهانی بنێرن کە خەڵکی کوردستان ئەو نیزامەیان لە تەواوەتی خۆیدا ڕەت کردۆتەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٤/٢/١٤ (٢٠٠٥/٥/٤)**

درێژەی

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کاك مستەفا هیجری

گەلی کوردو هەروەها ئەو نەتەوانەی دیکە کە لە کۆنگرەدا بەشدارن، "متعهد"ین کە لە نێو خەڵکەکانی خۆماندا ئەو مەسەلەیە تەبلیغ بکەین، حاڵییان بکەینو بتوانین خەڵکەکەش وردە وردە بە دەوری ئەو یەکگرتنەدا کۆ بکەینەوە بەشێوەیەك کە بتوانێ کۆنگرە ببێتە سەمبولو نوێنگەی ویستو داخوازیی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ وەی کە لە ئاڵوگۆڕەکانی ئایەندەی ئێراندا کە ئێمە چاوەڕوان دەکەین زۆری پێ نەچێ ئەو نەتەوانە پێکەوە بتوانن دیفاع لە مافی خۆیان بکەنو جارێکی دیکە وەزعییەتێکی وا نەیەتە پێشێ کە حکوومەتێکی دیکە بە نێوێکی دیکە وەکوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە کردی، جارێکی دیکە مافی نەتەوەکانی ئێرانی پێشێل بکاو قودرەتێکی مەکەزیی بەهێز لە ناوەند پێك بێنێ بۆ سەرکوتی مافو ئازادییەکانی گەلانی بندەستی ئێران.

**پ: پێکهێنانی ئەو کۆنگرەیە وەکوو حەرەکەتێکی مێژوویی سەیر دەکرێ، ئاسۆی ئەو کۆنگرەیە چۆن دەبینی؟**

و: وەکوو عەرزم کردی، ئەمن پێموایە ئەگەر ئێمە هەم وەکوو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە کە وەکوو دوو ڕێکخراوی کوردی لەو کۆنگرەیەدا هەینو نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکەش کە لەو کۆنگرەیەدا هەن، بتوانین بە باشی وەزیفەی خۆمان لە باری ناساندنی کۆنگرەو ئامانجەکانی بەو جۆرەی کە هەیە لە ئێرانو دنیای دەرەوە بە کۆڕو کۆمەڵەکانی نێونەتەوەیی، بە ڕێکخراوەکانی ئورووپاییو ئامریکایی بناسێنین بۆوەی کە لێی حاڵی بن، داهاتوویەکەی زۆر ڕوون دەبینمو پێموابێ کە ئەو کۆنگرەیە دەتوانێ حمایەتو پشتیوانی هەم خەڵکی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێو هەم دۆستانو ئازادیخوازانی ئورووپاییو دەرەوە.

**پ: ئێستا باسێکی گەرم لە نێو مەحافل چ لە داخلی ئێرانو چ لە دەرەوە مەسەلەی هەڵبژاردنی دەورەی نۆهەمی سەرۆك کۆماری ئێرانە، ئێستا قۆڵەکانی ڕێژیم هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی کە تەنووری ئەم هەڵبژاردنە گەرم ڕابگرنو بە بەرنامەو پلانی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن خەڵکی بێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان. نەزەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هەڵبژاردنەدا چیە؟**

و: پرسیارێکی جالب بوو، چوونکە ئەو پرسیارە لەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ ئورووپاییەکان بووم زۆرجار دەهاتەگۆڕێ کە چۆنی دەبینی، کێ ببێتە سەرۆك کۆمار باشترە، لە واقعدا جوابێکی کە من بۆوانم هەبوو، لێرەش دەمهەوێ عەرزتان بکەم ئەوەیە کە دیارە ئێمە ئێستا کومیتەی ناوەندی مەوزەعی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردن ڕانەگەیاندوە، بەڵام بەپێی تەجرووبەیەکی دیکە کە لە ڕابردوو هەمانەو بەپێی ئەو وەزعییەتەی کە لە ئێراندا هەیە، ئێستا وا دەبینم کە نەزەری حیزبی دێموکرات بەرەو تەحریم بێ، چونکە دەلیلەکانیشی زۆر ڕوونە، ئوسوولەن ئێمە، لانیکەم ئێمە وەکوو ئێرانیو وەکوو کورد کە ستەمدیدەی دەستی ئەم حکوومەتەینو لە چوارچێوەی بیروبۆچوونی حکوومەت باش شارەزاین، دەزانین کە سەرۆك کۆمار لە ئێراندا هەر کەسێك بێ هیچ تەئسیرێکی لە ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ئێران بەرەو دێموکراسی نیە، ئەوەی کە نفووزی ئەسڵیی هەیەو ئەوەی کە دەسەڵاتداری ئەسڵییە وەلیی فەقیهو دامودەزگاکانی ژێر مەجموعەی وەلیی فەقیهن وەك شووڕای نیگابانو وەك مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزامو دامودەزگاکانی لەو چەشنە. ڕیاسەتی جمهووری لە ئێرانداو هەروەها پەرلەمان زۆرتر شتی زاهیرین بۆ فریودانی خەڵکی دنیایە، بۆوەی کە نیشان بدەن کە حکوومەتێکی موتەممەدنو ئەورۆپییەو ئەو دامودەزگا حکوومەتییانەی هەیەو نیشان بدەن کەوا بە هەڵبژاردن، خەڵك هەڵدەبژێرێ. بەڵام بەعەمەل هەموومان لەو ماوەیەدا دیومانە کە ئەو بەرپرسو نوێنەرانەی کە بەرواڵەت بە هەڵبژاردنو بە ڕەئی خەڵك هەڵدەبژێردرێن، دەسەڵاتێکیان نیە. بۆیە ئەمن پێموابێ کە هەڵبژاردنی ئەوجارەی سەرۆك کۆماری وەك هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەمو بگرە کەمتریش دەبێ، ئەو پەرەکەی دەبێتە خاتەمییەکی دیکە کە لە ماوەی هەڵبژاردنیدا وەعدەووەعیدێکی یەکجار زۆریدا، خەڵکێکی زۆری بەخۆییەوە مەشغوول کرد، بەتایبەتی ئورووپاییەکان پێیان وابوو کە لە دەورانی سەرۆك کۆماری خاتەمیو ئیسلاحتەڵەبانداو مەسەلەی ئازادی لە ئێراندا حەل دەبێ، بەڵام ئێمە هەموومان دیتمان کە ئەوە لەواقیعدا سەرابێك بوو و بێجگە لە قسەی بێناوەڕۆك هیچ شتێکی عەمەلیی لەپشت نەبوو. بۆیە من پێوایە کە خەڵکی ئێران ئەوە باش تەشخیس دەدەنو ناچنە سەر سندووقەکانی ڕەئی. چوونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ئینتخاباتەکاندا نەوعە تاکتیکێك بەکار دێنێ، بۆوەی کە خەڵکی بکێشێتە سەر سندووقی ڕەئیو لە تلویزیۆنەکاندا نیشان بدا کەوا خەڵك بەشداری دەکەن، کەوابوو حکوومەت مەشرووعییەتی هەیە، خەڵك پشتیوانیی لێدەکەن، خەڵك لە حکوومەتدا لەگەڵی شەریکن. بۆیە من پێموابێ خەڵك لەوە حاڵی بوون وەکوو ئینتخاباتی ڕابردوو کە بۆ مەجلیسی حەوتەم کرا، خەڵك بەشداریی تێدا ناکەنو ئەوە لەواقیعدا حەقی بێئەملاوئەولای خەڵکە کە ئەو حکوومەتەیان ناسیوەو بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن.

**ـ سوپاس لەو دەرفەتەی بۆ ئێمە پێکتان هێنا.**

ـ منیش سوپاستان دەکەم.

**(*) ئەم وتووێژە لە لایەن "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"ەوە ئەنجام دراوەو بڵاو کراوەتەوە.**

# هەواڵەکانی کوردستان

## کرماشان

لە ئاکامی دژواربوونو نەگونجانی بارودۆخی نێوخۆیی و ناوچەیی لەگەڵ کەشوهەوای ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامیدا، ڕێژیمی بێپەنا لە خەیاڵی خاوی خۆیدا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بارودۆخە دەستی کردوە بە لەپێشگرتنی هێندێ کردەوەی بێئاکام و بێدەسەڵاتان.

❋ شەوی ١١ لەسەر ١٣٨٤/٢/١٢، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کرماشان بە مەبەستی تەبلیغ کردن بۆ بەشداری‌نەکردنی خەڵك لە شانۆی هەڵبژاردن دا کۆمەڵێك چالاکی‌یان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوەبرد.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتییان تێدا کراوە بریتین لە: شەقامی "جەوانشیر"، "فازی ١ی فەرهەنگیان"، "بازاڕی مسگەران"، "بازاڕی ئاڵتوون فرۆشەکان"، "بازاڕی پارچەفرۆشەکان" و شەقامی "مودەرس".

ئەو دروشمانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ تەحریمی هەڵبژاردندا نووسرابوون برتی بوون لە:

"ئێمە کوردەکانی کرماشان تا گەیشتن بە ئامانجەکانمان (ئێرانی فیدراڵ، کوردستانی ئازاد) لەم هەڵبژاردنەدا بەشدار نابین"، " ئەم هەڵبژاردنە تەحریمە".

جێگای ئاماژەپێکردنە کە ڕێژیم بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان فورمێکی ڕاپرسیی لە ڕێگەی پۆستەوە بە نێو خەڵك دا بڵاو دەکاتەوە تا خەڵك ئەم فۆرمە پڕ بکەنەوە. هەروەها هەرکەس کە ئەم فۆرمە پڕ بکاتەوەو لە ڕێگای ئیدارەی پۆستەوە بۆیان بەرێ بکا، لە قورعەکەشیدا بەشداری دەکەنو ئەگەر ناوی دەربچێ خەڵاتی دەکەن. ئەمە یەکێك لە پیلانەکانی ڕێژیمە بۆ ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان.

❋ ماوەیەك لەمەوپێش ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کرماشان لە هەنگاوێکی چالاکانەدا کۆمەڵێك کارو تێکۆشانی سەرنجڕاکێشیان لە جۆری بڵاوکردنەوەی تراکتو نووسینی دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی، لە گەڕەکی "فەرهەنگیان" (فازی ١)دا بەڕێوەبرد.

شایانی باسە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی دەوروبەر ئاگاداری ئەم چالاکییانە بوونو هەروەها هیواو خۆشحاڵیی خۆیان بەنیسبەت ئەم چالاکی‌یانەوە دەربری.

## کۆنگرەی مامۆستا هەژار لە زانکۆی "کوردستان"

ڕۆژی دووشەممە، ٥ی بانەمەڕی ١٣٨٤ی هەتاوی، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی، کۆنگرەی "مامۆستا هەژار"، شاعیری پایەبەرزو ناوداری کورد لە زانکۆی کوردستان داو بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر کە لە سەرجەم شارەکانی کوردستانەوە هاتبوون، پێك هات.

دەسپێکی کۆنگرەکە خوێندنەوەی چەند ئایەت لە قورئانی پیرۆز بوو. پاشان بەڕێوەبەرانی کۆنگرەکە (بنکەی شێعرو ئەدەبی زانکۆی کوردستان) بەخێرهاتنی میوانەکانیان کرد.

دواتر لە لایەن کاك ماجید ڕۆحانی‌یەوە وتەیەكو چەند بیرەوەری لەسەر مامۆستا هەژار خوێندرایەوە. بەدوای ئەودا شاعیری خۆشەویست کاك مەحیەدین هەقشناس کە بە یارمەتی دوو کەس چووە سەر سێن، شێعرێکی خوێندەوەو هەروەها کاك ئاسۆ وتارێکی لەژێر ناوی بەرەو موکریانی هەژار پێشکەش کردو کاك جەماڵ گولاّبییش وتارێکی خوێندەوە.

لە بەشی پاشنیوەڕۆی کۆنگرەکەدا کە کاتژمێر ٣ دەستی پێکرد، ئەم وتارو بابەتانە خوێندرانەوە: هەژاری دەوڵەمەند لە لایەن د.ئەحمەد پارساوە، "هەژار و هونەر" لە لایەن عومەر حیسامی‌یەوە، "بەیتی سەرەمەڕ" لە لایەن عەبدوڵڵا ڕەحمانی‌یەوە. هەروەها لە بەشێکی‌تردا لە لایەن "مامۆستا شەریف"ەوە پارچە شێعرێك خوێندرایەوە. دواتر چەند پارچە شێعرو مووسیقا لە لایەن چەند خوێندکارێکەوە پێشکەش کرا. کۆتایی‌هێنەری کۆنگرەکە گۆرانی‌یەك بوو کە لە لایەن هونەرمەند عەزیز شاهرۆخ ەوە پێشکەش کرا. شایانی باسە کە لە ڕۆژەکانی ٣و٤و٥ی بانەمەڕدا بەم بۆنەیەوە پێشانگایەکی کتێب لە زانکۆی کوردستاندا پێك هات. ئەم پێشانگایە کە تەواوی کتێبەکانی مامۆستا هەژاری تێدا دانرابوو لە لایەن خوێندکارانو خەڵکەوە پێشوازیی گەرمی لێکرا. هەروەها بڕیار وایە کە لە ڕۆژەکانی ٧و٨ی بانەمەڕدا هەر بەم بۆنەیەوە کۆنسێرتێك لە لایەن عەزیز شاهرۆخەوە لە هۆڵی فەجری سنەدا بەڕێوەبچێ.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە لە لایەن بەرپرسانی زانکۆوە هیچ یارمەتی‌یەك بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کۆنگرەیە نەکراوەو تەنیا خەڵکی وشیارو نیشتمانپەروەر یارمەتی‌یان پێشکەش کردووە.

## سەقزو بۆکان

ڕۆژی هەینی (١٣٨٤/٢/٤)، لە جادەی سەقز ـ بانەدا، بێنزێکی بارهەڵگر چەپ بوو، هەر ئەم ڕۆژەو لە بەرانبەر گوندی "ئایچی"دا تویوتا لانکرۆزێك وەرگەڕا.

هەروەها ڕۆژی دووشەممە (١٣٨٤/٢/٥)، لە جادەی نێوان میاندواو ـ بۆکان دا هەژدەچەرخێك چەپ بوو، هەر ئەم ڕۆژە ماشینێکی "پراید" لە نزیك "ساحێب"دا وەرگەڕا.

بەگشتی لە ئێران دا ڕۆژانە هەزاران پێکدادانو وەرگەڕانی ماشین ڕوو دەدات، بەڵام ڕێژیم لەباتی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەم ڕووداوانە، بە شێوەیەکی بەردەوام ڕادەی سزا بۆ شۆفێرەکان دەباتەسەر لەکاتێك دا کە خەڵك لەو باوەڕەدان کە دەبێ ئیدارەی ڕێنوێنی‌و لێخوڕین (ادارە راهنمایی و رانندگی) لەسەر ڕاهێنانو فێرکردنی یاساکانی هاتووچۆ لە قۆناغی سەرەتایی‌یەوە هەتا زانکۆ سەرمایە تەرخان بکا. بۆ ئەوەی ئەم ڕێگەچارەیەو دەیان ڕێگەچارەی شیاوی دیکە جێگەی بەرتیل‌سەندنو... بگرێتەوە.

## سەردەشت

لە شەوەکانی ٨٤/٢/٣و ٨٤/٢/٤دا، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتی‌یان لە جۆری بڵاوکردنەوەی cdیەکانی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوەو نەورۆز لە حیزبدا، ڕۆژنامە کوردستانو تراکتو دروشمی حیزبی‌و نەتەوەیی، لەم شوێنانەی خوارەوە، لە شاری سەردەشتدا بەڕێوە برد:

گەڕەکی دۆڵتانچك، سێڕێیانی ژاژۆکە، دەوروبەری مزگەوتی قیبلە، دەوروبەری شێخ مەولانە، گەڕەکی فەرهەنگیان، دەوروبەری ترمیناڵ، گەڕەکی نێزەرۆ (لەم شوێنانەدا لە شەوی ٨٤/٢/٣ کاری تەبلیغی کراوە).

کانی مەری، شەبەکەی٢، دەوروبەری نەخۆشخانە، گەڕەکی ئاشان، دەوروبەری سەرچاوێ، شەقامی کەمەربەندی، دەوروبەری چوارڕا (لەم شوێنانەدا لە شەوی٨٤/٢/٤ کاری تەبلیغی کراوە).

❋ بە نزیکبوونەوە لە بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ٢٧ی جۆزەردان، ڕێژیمی دژیگەلیی ئاخوندی کە لە ویستی خەڵکی وشیارو نیشتمانپەروەری کوردستان بۆ بەشداری‌نەکردن لە شانۆی هەڵبژاردن دا تێگەیشتوە، بەگومانی خۆی بۆ ڕاکێشانی خەڵك بە مەبەستی بەشداری لە هەڵبژاردن دا لە شاری سەردەشتو دەوروبەریدا دەستی کردوە بە جێبەجێ کردنی پیلانێکی بەرفراوان.

لەم پێوەندی‌یەدا کادرو ئەندامانی ئیدارەی ئیتلاعات خەریکی دانیشتنو کۆبوونەوەن لەگەڵ پیاوماقووڵانو سەرۆك عەشیرەتەکانو کۆنەئاغاکانو ئەو کەسانەی کە لە نێو خەڵك دا ڕێزیان لێدەگیرێو قسەیان بڕەوی هەیە. لەوەها ڕەوشێك دا دەبێ ئەم توێژانە لەوە بەئاگاتر بن کە بکەونە نێو ئەم پیلانەی ڕێژیمەوەو ئەوەش بزانن کە ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕەوایی‌یەکی لە نێو خەڵك دا نەماوەو ئەم هەوڵوتەقەلانەش تەنیا لە پێناو درێژەکردنەوەی تەمەنی ڕوو لە کورتیی خۆیو ڕەوایی وەرگرتنی خەڵکی لە بەرامبەر گوشاری دەرەکی‌دایەو ئەو وادەو بەڵێنانەش کە دەیدات تەنیا بۆ فریودانی خەڵکەو هەر کەسیش لەم پیلانەی ڕێژیم دا بەشداری بکا تەنیا خزمەت بە درێژەدانی تەمەنی پڕ لە نەهامەتی کۆماری ئیسلامی دەکاو هەورەها ڕێزو حورمەتی خۆیشی لە نێو خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە زوڵمو زۆری کۆماری ئیسلامی لەدەست دەدا.

## بەڕێوەچوونی کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغاتی لە لایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبەوە لە ورمێ‌و دەوروبەری

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/١٠، ئەندامانو لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ورمێو دەوروبەریدا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی سەرنجڕاکێشیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەبرد:

زانکۆی پەیام نوورو دەوروبەری، شارۆچکەی شوماڵی‌و جنوبی، شارۆچکەی تەرزیلو، فەلەکەی ئابیاری، مەیدانی کرێکاران، فلەکەی مادەر، شەقامی ئاهەن دوست، شەقامی حەسەنی، شەقامی دانشکەدەو زانکۆی گشتی ورمێو دەوروبەری، هونەرستانی ورمێ، زانکۆی دامپزیشکی نازلوو، زانکۆی حیرفەوفەننی نازلوو، زانکۆی نازلوو و خابگاکانی، فەلەکەو پارکی ساعەت، جادەی ئەلواج، شارۆچکەی دیزج، جادەی بەندی ورمێ.

ناوچەی تەرگەوەڕو گوندەکانی گوجار، قەرووێ، دەربەند، چەمان، توولی، سێڕێیانی ئەنبێو جادەی تەرگەوەڕی ورمێ.

## "بولفەت"ی سەردەشت

بە گوێرەی هەواڵێکی باوەڕپێکراو ڕێژیم لە هەوڵی دامەزرانی پایەگایەکی بەسیج لە گوندی "باساوێ"، سەر بە ناوچەی "بولفەت"ی سەردەشت دایە. هەروەها ڕێژیم لە درێژەی سیاسەتی شکست خواردووی بە بەسیجی‌کردنی خەڵك داو دابینکردنی هێز بۆ ئەو پایەگایەی کە بڕیارە دایبمەزرێنێ داوای لە خەڵکی گوندەکانی "زووران"، "کونەمشەکێ"، "واشەمەزین"، "کۆرِبناوێ"و "میرشێخیدە" کردوە کە لە هێزی بەکرێگیراوی بەسیج دا ناونووسی بکەن. ڕێژیم بە گومانی خۆی بەم کردەوەیەی دەیەوێت بۆ کاردانەوە لە بەرامبەر ویستو داخوازییە ڕەواکانی خەڵكو جووڵانەوەی هەقخوازانەی کورددا لە سیاسەتی دۆڕاوی بە بەسیجی‌کردنو جاشسازی کەڵك وەربگرێ، لەکاتێكدا کە هەستو شعووری نەتەوەیی خەڵك بەو ڕادەیە گەیشتوە کە چیدی فریوی ئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی ناخۆن. هەر لەم پێوەندی‌یەدا داوا لە خەڵکی نیشتمانپەروەری ئەم گوندانە دەکەین کە بە هاودەنگی‌و یەکگرتوویی ئەم پیلانە دژیگەلی‌یەی ڕێژیم پووچەڵ بکەنەوەو نەچنە ژێر باری داخوازی‌و گوشاری بەکرێگیراوانیەوە.

جێگای ئاماژەپێکردنە بڕیار وایە کە ڕێژیم ئەو پایەگایە بە سەرپەرستی بەکرێگیراوێك بە ناوی "عەلی عەولا مەریەمی"، خەڵکی گوندی "مەلاشێخە"، لە گوندی "باساوێ" دامەزرێنێ.

## هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ناڕازیی‌یەکی چالاکیی سیاسیی زانکۆی زابۆلیان بریندار کرد

ڕێکەوتی ١٣٨٤/٢/٣، هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی یەکێك لە سیاسی‌یە چالاکەکانی زانکۆی زابول کە لە تێکدانی دانیشتنی تەبلیغاتیی مستەفا موعین لەم زانکۆیەدا کە بە بۆنەی بەناوهەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ٢٧ی جۆزەردانەوە پێکهاتبوو، ڕۆڵێکی گرینگی دەبێ، هێرش دەکەنە سەری‌و لە ئاکام دا بە توندی بریندار دەکەن کە هێشتا لە نەخۆشخانەی زابول دا بەستەرییە.

## مەریوان

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٢٥ هاوولاّتی‌یەك بە ناوی "ڕەحیم ئیمانوێرد"، خەڵکی گوندی "ئاسنەوە" سەر بەناوچەی "خاوو میراوا"ی مەریوان کە خەریکی ئیشو کاری وەرزێری بوو، بەسەر مینی چێندراو لە لایەن هێزە دژیگەلی‌یەکانی ڕێژیمەوە دەکەوێتو لە ئاکامداو لە دوای چەند کاتژمێر ململانێ لەگەڵ مەرگدا، بە داخەوە گیانی لەدەست دەدات. پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی (١٩٩١ی زایینی)یەوە تا ئێستا (ساڵی ١٣٨٤) جگە لە خەڵکی ڕێبوار ئەمە ١١هەمین کەسە کە بە هۆی کەوتن بەسەر مینی پێشتر چێندراوی ڕێژیمەوە گیانی لەدەست دەچێت. هەروەها لە ئاکامی ئەم کردەوە دژی مرۆڤانەیەی ڕێژیمدا بە دەیان کەسیش تا ئێستا بریندار بوونو لاقیان پەڕیوە.

شیاوی باسە کە خەڵکی ناوچەی ناوبراو بە هۆی نزیکایەتی گوندەکانیان لەگەڵ سنوورداو لە ئاکامی شەڕی نێوان ئێرانو عێراقدا، گوندەکانیان وێران کراوەو تا ئێستاش ڕێژیم سەرەڕای دەیان وادەو بەڵێنی، هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکانو هەڵگرتنەوەی مینە چێندراوەکان هەڵنەهێناوەتەوە.

## مینڕێژکردنی سنووری شاری نەوسوود لە لایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە

سنووری شاری نەوسوود لە لایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی‌یەوە بۆ باری دووهەم مینڕێژ کراوە، بە جۆرێك کە ئێستا هیچ کەس ناتوانێ جگە لەو ڕێگانەی کە ڕێژیم دیاری کردووە هاتووچۆ بکا. تەنانەت یەکێك لە بەرپرسانی سوپای پاسدارانی ڕێژیم لە ناوچەی نەوسووددا بە هەڵە بەسەر مین دا ڕۆیشتو گیانی لەدەست دا.

شیاوی باسە کە ئەم کردەوەیەی ڕێژیم دەکرێ لە ئاکامی ترسو دڵەڕاوکێی ڕێژیمی ئاخوندی لە هەرچی زۆرتر پەرەگرتنی هەستو شعووری نەتەوایەتیی کوردو گونجاوبوونی بارودۆخە ناوچەیی‌و نێونەتەوەیی‌یەکان لەگەڵ داخوازییە ڕەواکانی کورد لە هەموو پارچەکاندا بە گشتی‌و لە کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی چاوی لێبکرێ.

## شنۆ

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٢/٥ی هەتاوی، هێزی بەناوئینتیزامی ڕێژیم بە گومانی دەستبەسەرداگرتنی چەكوتەقەمەنی‌و لە ئاکامی ترسو سەرلێشێواوی‌یەك کە بە هۆی ڕووداوەکانی ناوچەو نێوخۆوە لێیان نیشتووە، پەلامار دەبەنە سەر ماڵی چەند هاووڵاتی‌و پشکنینی ماڵەکانیان لە ناوچەی "نەلۆس"ی شنۆدا.

بەڵام دواتر سەرشۆڕانەو بێ‌ئەوەی کە شتێك وەدەست بهێنن گەڕاونەتەوە مۆڵگەکانیان.

❋ شەوی ٧ لەسەر ٨ی بانەمەڕی ١٣٨٤، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لە شاری شنۆ بە بڵاوکردنەوەی تراکتو بڵاوکراوەکانی حیزب، ڕاگەیەندراوی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"، چالاکیی تەبلیغاتییان نواند.

ئەو شوێنانەی کە کاری تەبلیغاتییان تێدا کراوە برتین لە: مزگەوتی جامعەو کۆڵانەکانی دەوروبەری، فەلەکەی مەجیدئاوا، چوارڕێیانی کرێکار (کارگر)، ترمیناڵی ٦، سێڕێیانی بانکی میللی قەدیم، پردی بازاڕ، مام تەمر، ڕەحیم ئاوا

هەورەها ڕۆژی ١٣٨٤/٢/٨، ئەندامانو لایەنگرانی حیزب لەبەر دارستانی "سوڵتان مستەفا" بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشو لە قەبارەیەکی گەورەدا دروشمی "بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"یان نووسیوە کە لە زۆربەی شوێنەکانی شاری شنۆوە دەبینرا.

خەڵکی شنۆ کە ئەم چالاکییە سەرنجیانی ڕاکێشابوو، ئافەرینو دەستخۆشی خۆیان بۆ بەڕێوەبەرانی ئەم چالاکییە دەنارد.

شایانی باسە کە ڕێژیم لەدوای دوو ڕۆژ بەکرێگیراوانی خۆی بۆ سڕینەوەی ئەو نووسراوە نارد کە بە تەواوی نەیانتوانیوە بیسڕنەوە.

## بەڕێوەچوونی کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغاتی لە لایەن ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبەوە لە ورمێ‌و دەوروبەری

ڕۆژی ١٣٨٤/٢/١٠، ئەندامانو لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ورمێو دەوروبەریدا کۆمەڵێك چالاکیی تەبلیغاتیی سەرنجڕاکێشیان لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەبرد:

زانکۆی پەیام نوورو دەوروبەری، شارۆچکەی شوماڵی‌و جنوبی، شارۆچکەی تەرزیلو، فەلەکەی ئابیاری، مەیدانی کرێکاران، فلەکەی مادەر، شەقامی ئاهەن دوست، شەقامی حەسەنی، شەقامی دانشکەدەو زانکۆی گشتی ورمێو دەوروبەری، هونەرستانی ورمێ، زانکۆی دامپزیشکی نازلوو، زانکۆی حیرفەوفەننی نازلوو، زانکۆی نازلوو و خابگاکانی، فەلەکەو پارکی ساعەت، جادەی ئەلواج، شارۆچکەی دیزج، جادەی بەندی ورمێ.

ناوچەی تەرگەوەڕو گوندەکانی گوجار، قەرووێ، دەربەند، چەمان، توولی، سێڕێیانی ئەنبێو جادەی تەرگەوەڕی ورمێ.

## گوندی قزل کەند ـ سەڵماس

چەند ڕۆژ لەمەوپێش هێزەکانی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی پێشگیری لە کاروکاسبی خەڵکی گوندی "قزڵ کەند"ی سەڵماس ـ کە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان جیا لە کارو کاسبی پڕمەترسی لە نێوان سنوورەکاندا لە ئاکامی سیاسەتە دژی گەلی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا نیە ـ دەچنە ئەو گوندەو دەستبەسەر نزیکەی ٤٠سەر ئەسپی خەڵکی گوندی ناوبراو کە بۆ بردنی گازۆئیل بەرەو سنوور کەڵکیان لێ وەردەگرت، دەگرنو ١٠سەر ئەسپی‌تریش بە دەسترێژ دەکوژن.

هەروەها بەرپرسانی ڕێژیم لە باتی پێکهێنانی بارودۆخی شیاو بۆ کارو کاسبی خەڵك، خاوەن ئەسپە دەستبەسەر گیراوەکانیان، داوەتە دەستی بەناو دادگاکانی ڕێژیمو لەوانەیە سزایەکی قورس بۆ ئەم کەسانە دیاری بکرێ.

## دەستبەسەر داگرتن و زەوتکردنی ئەموالی سی دی فرۆشەکان لەلایەن ڕێژیمەوە

ماوەیەکە گرووپێك لە هێزەکانی ڕێژیم کە خۆیان بە ناوی "ادارەی مبارزە علیە مفاسد اجتماعی و اماکن" ناساندووە، دەستیان کردوە بە زەوت کردنی‌و ئەموالو دەستبەسەرکردنی CD فرۆشە کوردەکانی شاری سەڵماس، هەفت وان، مەلحەمو دەوروبەری.

هەروها تا ئێستا چەندین دەستگا کامپیوتێری خەڵکیان گرتووەو خاوەنەکانیان بەرێی دادگا کردوە.

شایانی باسە کە بەرپرسایەتیی ئەو هێزە دژی گەلی‌یە لەدەست دوو بەکرێگیراو بە ناوەکانی مێهدی پاشاپوورو جەبار کازمی دایە.

## نەغەدەو پیرانشار

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٢/١٢، لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی خەباتگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ناوچەی نەغەدەو پیرانشاردا کۆمەڵێك کارو چالاکیی تەبلیغاتی لە شێوەی بڵاوکردنەوەی تراکتو ڕۆژنامەی "کوردستان"و CDی حیزبی‌و نووسینی دروشمی حیزبی‌و شۆڕشگێڕانە، لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەڕێوەچوو:

1ـ ناوچەی نەغەدە:

گوندەکانی "کانی مەلا"، "کانی بوداغ"، "دەشت قوڕێ"، "بایزئاوێ"، "شاولێ"، "گەڵوان"و "قارنێ"

٢ـ ناوچەی پیرانشار:

گوندەکانی "سەرۆکانی"، "ئەمبێزێ"و "گردکشانە"

شیاوی باسە کە ئەم چالاکی‌یانە لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵك دا بەرەوڕوو بوە.

## مەهاباد

### برینداربوونی سێ کەس لە خەڵکی مەدەنی لە ئاکامی دەسترێژی کەسانێکی نەناسراو لە ماشینی هێزی ئینتیزامی

ڕۆژی دووشەممە، ١٣٨٤/٢/١٠، کاتژمێر ٩/١٥ دەقیقەی شەو، لە شەقامی "تاڵەقانی" (ئاش مام ئەحمەد)ی مەهاباددا، لە لایەن سەرنشینانی ماشینێکی "جیپ گالانت"ەوە لە ماشینێکی گەشتی هێزی ئینتیزامی تەقە کرا. بە هۆی ئەو دەسترێژی‌یەوە سەرنشینەکانی ماشینی هێزی ئینتیزامی خۆیان لە نێو خەڵك دا هاویشتو ئەم کردەوە بوو بە هۆی برینداربوونی ٣ کەس لە خەڵکی مەدەنی، لاوێك بە ناوی "شۆڕش خاکپوور"و کەسێکی‌تر سەر بە بنەماڵەی "سەیدی"و ژنێك. شایانی باسە کە "شۆڕش خاکپوور" بە هۆی گوللە لە ملی کەوتوە بارودۆخی زۆر ناڵەبارە.

## کوژرانی هاووڵاتی‌یەکی بێتاوان لە گوندی "گاگەشی خوارێ"

شەوی دووشەممە، ١٣٨٤/٢/٥ی هەتاوی، ژمارەیەك لە جاشە بەکرێگیراوەکان لە هەنگاوێکی زەبوونانەو نامرۆڤانەداو بە مەبەستی بێئاکامی بەدناوکردنی پێشمەرگەو چاوترسێنکردنی خەڵك، گوندی "گاگەشی خوارێ" لە ناوچەی مەهاباددا دەدەنە بەر دەسترێژی کوێرانەی خۆیان.

لە ئاکامی ئەم کردەوە دژیگەلی‌یەدا کەسێك بە ناوی حسێن عەزیز ئەقدەم کە پێنج گوللەی بەرکەوتبوو، گیانی لەدەست دا.

# ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن‌و ئەوان لەمێژە ئەم هەڵبژاردنەیان تەحریم کردوە

## وتووێژ لەگەڵ بەڕێز کاک حەسەن ڕەستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب

هەڤپەیڤین: عەلی بداغی

**کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا خۆی بۆ بەڕێوەبردنی نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئامادە دەکا، کە پتر لە هەموو کاتێک لە گێژاوی قەیرانە نێوخۆیی‌و دەرەکی‌یەکان دا گێژ دەخوا. هەر بۆیە دەبینین کە ساردی‌یەکی تەواو کەشی ئەم هەڵبژاردنەی داگرتوەو دابڕان‌و کەلێنی نێوان دەسەڵات‌و دەزگا حکوومەتی‌یەکان‌و کۆمەڵانی خەڵك ڕۆژ بە ڕۆژ پتر خۆدەردەخا. بۆ باس لەسەر هەڵبژاردنی نۆهەمین خولی سەرکۆماری‌و لێکدانەوەو تاوتوێ کردنی ئەم پرسە کۆمەڵە پرسیارێکمان لە گەڵ بەڕێز کاک حەسەن رستگار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هێنایە گۆڕێ. سەرنجی خوێنەرانی "کوردستان" بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە ڕادەکێشین:**

**پ: بەڕێز کاك حەسەن! گەلانی ئێران لە ماوەی چارەگە سەدەیەك لە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٢٠ جا، لە قۆناغی جیاوازو جۆراوجۆردا شاهیدی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بوون. هەڵبژاردن وەك یەکێك لە بنەماکانی دیموکراسی چەندە لە ئێرانی ئیسلامی‌دا خزمەتی بە پرۆسەی دیموکراسی لەو وڵاتەدا کردوە؟ یان بە ڕوویەکی دیکەدا بەشداریی خەڵك لەو زنجیرە پرۆسەیەدا چ ئاکامێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی بۆ گەلانی ئێران لێ‌کەوتەوە؟**

و: من پێم وایە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا تەنیا چەند جار هەڵبژاردن کراوە. یەکێکیان هەڵبژاردنی ١٠ی خاکەلێوەی ٥٨ بوو کە لەودا گەلانی ئێران بێجگە لە گەلی کورد، کە دواتر باسی دەکەین، ئەوەندە لە دەسەڵاتی پاشایەتی بێزار ببوون کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی دەنگیان بەو سیستەمەدا. هەر ئەو کات حیزبی ئێمە بڕوای وابوو کە دەبێ نێوەرۆکی ئەو ڕێژیمە بۆ کۆمەڵانی خەڵك ڕوون بێتەوە. واتە کۆماری ئیسلامی چ حەق‌و حقووقێك، چ ماف‌و ئازادی‌یەك بۆ گەلانی بندەستی ئێران قائیل دەبێ. کاتێك پاش چەند دیدارێك لە تاران وەڵامی ئەو پرسیارانە بە ڕوونی نەدرانەوە. حیزبی ئێمەو گەلی ئێمەش ئەو هەڵبژاردنەی تەحریم کرد. باقیی هەڵبژاردنەکانی دیکەی ئەو ڕێژیمە زیاتر لە نێو سیستم دابوو، نەك لەنێو کۆمەڵانی خەڵك دا. ئەوەی ڕاست بێ هەڵبژاردنێك کە تا ڕادەیەك خەڵك تێی‌دا بەشداریی چالاکانەیان بوو، هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ٧٦ بوو. تین‌و تەوژم‌و گوشاری کۆمەڵانی خەڵك وای تەنگ بە ڕێژیم هەڵچنیبوو کە ناچاری کرد تا ڕادەیەك ڕێگە بە هێندێك لە مۆرەکانی خۆی بدا کە نەرمترو لەسەرەخۆتر دەجووڵانەوەو قسەیان دەکرد. کۆمەڵانی خەڵك ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو بە بەشداریی چالاکانەیان "نا"یەکی زۆر قاتعیان بە کۆماری ئیسلامی گوت‌و لە ڕاستی‌دا ئەو ڕێژیمەیان ڕەت کردەوە، چونکە کاندیدای کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو هەڵبژاردنە ناتقی نووری بوو، بەڵام خەڵك "خاتەمی"یان کردە سەرکۆمار. خەڵکانی ئێران پێیان وابوو کە بەو ئاڵوگۆڕە، واتە هەڵبژاردنی خاتەمی بە سەرکۆماری ئاڵوگۆڕی قووڵ‌و بنەڕەتیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی دێتە گۆڕێ‌و گەلانی ئێران بە بەشێك لە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان دەگەن. بەڵام پاش ماوەیەك دەرکەوت کە خاتەمییش پیاوی ئەو گۆڕەپانە نیە. ئەو بیانووی ئەوەی هەبوو کە مەجلیس پشتیوانیی لێ‌ناکاو بەبێ پشتیوانیی مەجلیسێکی لایەنگری خۆی ناتوانێ بەرنامەو پرۆژەکانی بکا بە قانوون‌و بەڕێوەیان بەرێ. بۆیە دیسان هەڵخەڵەتاندن یا فریودانێکی دیکە هاتەگۆڕێ‌و خەڵك بۆوەی بیسەلمێنن کە خوازیاری ئاڵوگۆڕو ڕیفۆرمن، بەشداریی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەمیان کردو ئەوجار مەجلیسیشیان دایە دەست لایەنگرانی ڕیفورمخوازی لە ئێران دا کە خاتەمی ڕێبەری دەکردن. بەڵام بۆ هەموولا ڕوون بۆوە کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا بە ئاڵوگۆڕی مۆرەکان هیچ ئاڵوگۆڕێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی نایەتە دی. گەرچی لە هەڵبژاردنەکانی یەکەمین خولی شووراکانیش دا خەڵك بەشداریی چالاکانەیان کردو حیزبی ئێمەش دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند تا خەڵکەکەی خۆمان لە جیاتی ئەوەی مۆرەیەکی ڕێژیم هەڵبژێردرێ، کەسانی دڵسۆزی خۆیان هەڵبژێرن. هەڵبژێراوەکانی ئەو هەڵبژاردنەش بە زۆری کەسانی جێی متمانەی خەڵك بوون. بەڵام ڕێژیم بە هیچ جۆر نە ئەو دەسەڵاتەی دا بە شووراکان کە لە قانوونی ئەساسی دا بۆیان دیاری کراوەو نە ئەو دەرفەتەشی پێ دان کە کارەکانیان بەڕێوە ببەن. ئەوە بۆ خەڵکی ڕوون بۆوە کە ڕێژیم مل بە پاشەکشە نادا.

هەڵبژاردنێکی دیکەش کە دەکرێ ناوی هەڵبژاردنی لێ‌بنێین، هەڵبژاردنی مەجلیسی حەوتەم بوو. بۆیە دەڵێم دەکرێ ناوی هەڵبژاردنی لە سەر دانێین چونکە خەڵك زۆر بە ڕوونی‌و بە ئاشکرا ئەم هەڵبژاردنەیان تەحریم کرد. بەشداری نەکردنی خەڵك بۆخۆی جۆرێك بەشداری کردنە. یانی خەڵك سەلماندیان کە ئەو ڕێژیمەیان ناوێ. ئەو کەم بەشداریکردنەی خەڵك ئیعتیبارو ڕەوایی ڕێژیمی نەك تەنیا لەنێو خۆ بەڵکوو لە دەرەوەش یەکجار هێنایە خوارێ. بۆیە دەڵێم لەو هەڵبژاردنانەدا تەنیا چەند دانەیەکیان هەڵبژاردن بووە، باقی‌یەکەی جێگۆرکێی مۆرەکانی ڕێژیم لە نێو سیستم دابووەو خەڵك بەشداری‌یەکی ئەوتۆی تێیاندا نەبووە.

**پ: کەشی بانگەشەو پڕۆپاگەندەی ئەم هەڵبژاردنە زۆر ساردەو خەڵك گرینگی‌یەکی ئەوتۆیان پێ‌نەداوە. هۆی ساردو بێ‌ڕووح بوونی کەش‌و فەزای ئەم هەڵبژاردنانە لەچی‌دا دەبینن؟**

و: پێشتر دەگوترا کە لە نێو دەسەڵات دا دوو لا هەیە، ڕیفۆرخوازو پاوانخواز. کۆمەڵە کەسانێك پێیان وابوو کە ڕیفورمخوازەکان دەتوانن بارێك لەسەر شانی گەلانی ئێران سووك بکەن. بەڵام کە ئێستا دەرکەوتوە کە ئەو هیواو ئۆمێدەش چی لێ‌شین نەبوو، ئاسایی‌یە کە ئەو کۆمەڵە کەسانەش دڵساردو بۆ هەڵبژاردنەکەش خەمسارد دەبێ. ئەوجار با بێینە سەر مەسەلەیەکی گرنگتر لەوەش. ئەو هەڵبژاردنە لە ڕاستی‌دا هیچ لایەنێکی دێمۆکراتیکی تێ‌دا نیە. لە نێو وڵاتێکی پتر لە ٧٠ میلیۆنی‌دا ئەو سەرکۆمارە هی کێیە؟ دەبێ هی کێ بێ؟ هەروەك دەزانین لە یاسای بنچینەیی ئێران دا مەزهەبی ڕەسمی شیعەی ئەسناعەشەری‌یەو سەرکۆمار دەبێ لە پەیرەوانی ئەو مەزهەبە بێ. کەوابوو بۆ خەڵکانێکی یەکجار زۆری ئێران چ ئەوانەی سونین، چ ئەوانەی مەسیحی یا کەلیمین‌و چ ئەوانەی زەردەشتین یا هەر شیعەن بەڵام شیعەی دوازدە ئیمامی نین ئەم هەڵبژاردنە بێ سوودەو پێشێلکاری مافەکانیانە. جیا لەوەش بە پێی قانوونی ئەساسی بۆ شیعە دوازدە ئیمامی‌یەکانیش تەنیا کەسێك دەتوانێ ببێ بەسەرکۆمار کە باوەڕی بە ویلایەتی فەقیەو جێی پەسندی ویلایەتی فەقیە بێ. کەوابوو ئەو هەڵبژاردنە یەکجار ستەمکارانە دواکەوتوویانەیە ئەویش لە سەردەمی ئێستادا. کەوابوو ئەو خەڵکە بەشداری لە هەڵبژاردنی چ جۆرە سەرکۆمارێك دا بکا؟ سەرکۆمارێك کە هیچ لایەك لە دەردو مەرگی ئەوان ناکاتەوە، چارەسەری گیروگرفتی ئەوان ناکاو لە خۆیانی نازانێ. لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی ئێراندا بە کورد، بەلووچ، تورکمەن، ئازەری هیچ مافێکی نەتەوایەتییان لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا لەبەرچاو نەگیراوە، هیچ کام لەو نەتەوانە مافی ئەوەیان نیە بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن، ناتوانن بۆخۆیان ناوچەکەیان بەڕێوە ببەن‌و دەبێ لە ناوەندەوە ئوستاندارو فەرمانداریان بۆ بنێردرێ. بە کورتی ئەم ڕەوتەی لە ئێران دا دەچێتەپێشێ لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی سەردەم نایەتەوە. هەر بۆیەش خەڵك لەمبارەشەوە زۆر بە ساردی دەڕوانن ئەو هەڵبژاردنە، سەرەڕای هەمووی ئەمانەش نیوەی حەشیمەتی ئێران کە ژنانن مافی هەڵبژاردنیان بۆ سەرکۆماری نیە خۆت حیسابی بکە سەرکۆمار بۆ چەند دەرسەدی گەلان‌و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەڵدەبژێردرێ؟

**پ: ئەگەری شکستی ڕیفۆرمخوازەکان لەو هەڵبژاردنەداو لەدەستدانی پۆستی سەرکۆماری وەك دوایین هێمای بوونیان لە دەسەڵات دا، پێکهاتەی دەسەڵات‌و ڕێژیم تووشی چ گۆڕانێك دەکا؟**

و: ئەمن پێم وایە ڕیفۆرمخوازەکان چ بەشداری بکەن‌و چ نەیکەن، ئەوان‌و ڕیفۆرمخوازی لە ئێران دا شکستی خواردوە. تەنانەت بۆ تەواویتی ڕێژیمیش ئەگەر ڕێژیم بیهەوێ بە مەبەستی گریم‌و ڕوتووشی نیزام بە ساختەو فریویش بووبێ، کەسێك لەنێو ڕیفۆرمخوازەکان هەڵبژێرێ، دیسانەکەش ئەوە هیچ دەردێك لە دەردەکانی ڕێژیم چارەسەر ناکا. لەوانەیە ئەو ساتوسەودایە لەنێو سیستمی ڕێژیم دا بکرێ. بەڵام خەڵك لەو پرۆژەیەدا بەشدار نابێ‌و لە هەڵبژاردنەکان بۆ مەجلیسی حەوتەم دا نیشانیان دا کە هیچ باوەڕێکیان بە ڕیفورمخوازەکان نەماوەو چیتر بۆیان بانادەنەوە.

**پ: ڕیفۆرمخوازەکان بۆ بردنەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکان دوا کارتی خۆیان واتە کەڵکاوەژوو لە هەستی نەتەوایەتی‌و پرسی نەتەوەیی گەلانی ئێرانیان بەکار هێناوەو ڕاست لەو کاتەشدا دیکۆمینتی گۆڕینی ناوچە عەرەب نشینەکانی ئێران بە ئیمزای دەفتەری سەرکۆماریی ڕیفۆرمخواز ئاشکراو بڵاو بۆوە. ئەمە چەندە لە سەر تاکتیکی ڕیفۆرمخوازەکان شوێن دادەنێ‌و کار دەکاتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

و: بە باوەڕی من هیچکام لەو فرتو فێڵانە ناتوانێ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەلاڕێدا بباو فریویان بدا. چونکە ئێمە بینیمان لە کاتێکدا کە سەرکۆمارو زۆرایەتیی مەجلیسی شەشەم لە پاوانی ڕیفۆرمخوازەکان دابوو، چییان بە قازانجی گەلانی ئێران‌و نەتەوە بندەستەکانی ئێران کرد؟ هەتا ئێستا لە بێ‌دەسەڵاتی‌و بێ‌هێزی‌دا بتوانن بیکەن؟ سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ئەو دیکۆمێنتەی کە باسیشت کرد ئەگەر ئەوە ڕاست بێ هەڵەیەکی زۆر گەورەو مێژوویی‌یە کە ویستوویانە بیکەن. ئێستا سەردەمی ئەوە نەماوە نەتەوەیەك لە شوێنی خۆی هەڵقەنی، ڕایگوێزی بۆ شوێنێکی دیکەو لە شوێنێکی دیکەوە نەتەوەیەکی دیکەی بۆ بەری. ئەوە لە مێژووداو بە تایبەت لە سەدەی بیستەم دا سەلمێنراوە کە هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیی ناوچەکان دراون شکستیان خواردوە. چ لە تورکیە، ڕووسیەو عێراق. وەها پیلانێك جیا لەوەی جینایەتکارانەیە، هەر لە پێشەوە شکست خواردوانەیە.

**پ: هەر لە پێوەندی لەگەڵ هێنانەگۆڕی پرسی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران لە لایەن بەناو ڕیفۆرمخوازەکانەوە دەبینین کە چالاکیی تاقمی بەناو ڕیفورمخوازی کورد لە کوردستان پتر لە هەموو ناوچەیەکی ئێران بەرچاوترە. شار بە شاری کوردستان دەگەڕێن‌و بانگەشە بۆ بەشداریی هەڵبژاردن بە قازانجی بە ناو ڕیفورمخوازەکان دەکەن. بۆ لە کوردستان زیاتر لە هەموو جێ‌یەك؟**

و: با لە پێش دا ئەوە بڵێم هەر ئەو جۆرەی کە باسمان کرد کە ڕیفۆرمخوازەکان کاتێك مەجلیسی یاسادانانیان بە دەستەوە بوو، سەرکۆمار لە خۆیان بوو هیچ کارێکیان بە قازانجی نەتەوەکانی ئێران نەکرد. یا لە دەستیان نەهات‌و لە جەوهەرو نێوەرۆکیش دا نەیانویستوە کە بیکەن. کەوابوو بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە لە کاتی ئێستادا درۆو دووڕوویانەیە. ئەوەش کە دەڵێی لە کوردستان چالاکن بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی لەمێژینەی کورد. ئەوان دەزانن کە لە کوردستان هەستی نەتەوایەتی‌و ناسیونالیستی زۆر بەهێزەو ڕابردوویەکی مێژوویی هەیە. دەیانەوێ لەو هەستە کەڵك خراپ وەرگرن. لە لایەکی دیکەش دەبینین کە کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێران چۆتە دەرێ‌و بۆتە مەسەلەیەکی جیهانی. بە ناو ڕیفۆرمخوازەکان دەیانهەوێ لەوەش کەڵك وەربگرن‌و خەڵك ڕاکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بۆ گوتنی "ئا" بۆ ڕێژیم. لە نێو کوردەکانیش دا ئەگەر کەسانێك هەبن کە بە نییەتێکی باش‌و دڵسۆزانە دەیانەوێ گەلی کورد بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان تا گوایە شتێك بە قازانجی گەلی کورد وەدەست بێنن لە هەڵەدان، چونکە لەو سیستەمەدا واتا سیستمی ویلایەتی فەقیەدا هیچ ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی گەلانی ئێران ڕوو نادا. تەنانەت ئەوە دامان نا کەسێکیش باوەڕی بە هێندێك ئاڵوگۆڕ هەبوو چۆن دەتوانێ لە وڵاتێك دا کە هەموو دەزگاکانی دەسەڵات لە پاوانی پاوانخوازان‌و کورد نەویستان دایە، ئازادی ئەحزاب نیە، دەربڕینی بیروباوەڕ یاساغە، ببێتە "منشأ"و چاوگەی گۆڕان؟ بەڵام ئەو مەبەستانەی ئەوان لە کوردستان وەدی نایەن.

**پ: هەڵبژێرانی کوردێك لە وڵاتی فرەنەتەوەی وەك عێراقی دراوسێ بۆ سەرکۆماری ئەو وڵاتەو لە کاتێك دا هەر ئەو کوردە خۆی، حیزبەکەی‌و نەتەوەکەی بەردەوام لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە سەرکوت کراون‌و لە هەموو بەشداری‌یەکی سیاسی‌دا بێبەش کراون چەندە دەتوانێ کاریگەر بێ لەسەر ڕەوتی هەڵبژاردنەکان لە ئێران دا؟**

و: ئەوەی ڕاست بێ عێراق بەرەورووی کۆمەڵێك گۆڕانکاریی قووڵ‌و بنەڕەتی بۆتەوە. ماوەی دوورو درێژی دیکتاتۆری‌و سەرکوت‌و کوشتار ئەو ئاکامەی لێ‌کەوتۆتەوە، کە گەلانی عێراق بە کوردو بە عەرەبەوە توانیویانە تا ڕادەیەکی زۆر ئازادیی خۆیان وەدەست بێنن. هەر ئەوەی کە کوردێك لە عێراق دا بۆتە سەرکۆمار خۆی لەخۆی‌دا ئاماژەیە بە گۆڕانێکی قووڵی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داو ئەو ئاڵوگۆڕەش چ بمانهەوێ‌و چ نەمانهەوێ کاریگەریی هەیە هەم لەسەر ناوچەکەو هەم لەسەر دۆزی کورد بەگشتی. چونکە تا ئێستاش دەماندی کە زۆر وڵات حاشایان لە بوونی کوردیش دەکرد، ئێستا کەسێك دەبێتە سەرکۆماری وڵاتێکی گەورەو گرنگی وەك عێراق کە ماوەیەك پێش ئێستا پێیان دەگوت چەتە، پێیان دەگوت یاغی‌و کەسێك بوو کە بە قەولی ڕێژیم ناسنامەی عێراقییان لێ‌دەستاندەوە. ئێستا ئەو کەسە بۆتە سەرکۆماری عێراق. دیارە ئەوە مۆژدەیەکی خۆش‌و هیوابەخشە، هەم بۆ گەلانی ئازادیخوازی ناوچەو هەم بۆ گەلی کوردیش. گرنگتر لەوە ئەوەیە کە لەمەودوا عێراق بە سیستمی فیدراڵ بەڕێوە دەچێ. ئەو سیستمە لە دنیادا سەرکەوتنی زۆری وەدەست هێناوە. چ لە وڵاتانی فرەنەتەوە یان پانوبەرین دا. گەلی کوردو هەموو ئازادیخوازانی ئێران بە چاوی هیواوە دەڕواننە ئەو سەرکەوتنەی عێراق‌و ئەوە دەبێتە بزوێنەرێکی بەهێز بۆ خەباتی دوارۆژی گەلانی ئێران تا سیستمێکی فیدراڵ‌و دیموکراتیکی هاوچەشن بەسەر ئێران دا حاکم بکەن.

**پ: زۆر کەس لایان وایە کە بە هاتنی هاشمیی ڕەفسەنجانی، ئێران بەسەر هەموو قەیرانەکان دا بازدەدا. وێدەچێ کە ڕەفسەنجانی زۆر ئیمتیازی ئابووری‌و سیاسی (ئەگەر براوەی هەڵبژاردن بێ) بە دنیای دەرەوە بدا بۆ وەی نیزامی ئیسلامیی ئێران پارێزراو بێ. لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسە چیە؟**

و: من پێشەکی لام وایە کە هێنانە مەیدانی ڕەفسەنجانی بۆ شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بە تەواوی نیشانەی ئیفلاسی ئەو ڕێژیمەیە. چونکە ڕەفسەنجانی لە ساڵانی پێشوو بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەم دا دەری خستوە کە تا چ ڕادەیەك لە نێو کۆمەڵانی خەڵك تەنانەت لە تاران دا نفووزو پێگەی جەماوەریی هەیە. تەنانەت [پلەی] "سی"هەمیان بە فرتوفێڵ‌و ساختەچێتی بۆ دروست کرد، ئەویش بە ناچار خۆی کشاندەوە. جیا لەوەش ڕەفسەنجانی خاوەنی کارنامەیەکی یەکجار ڕەشە. ٩ ساڵ سەرۆکی پارلمانی ئەو ڕێژیمە بووە، ٨ ساڵ سەرکۆماری ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرو جینایەتکارە بووەو بۆخۆی ڕاستەخۆ بەپێی بەڵگەکانی دادگای میکونووس دەستی لە تیرۆرو جینایەت دا بووە. کەوابوو مۆرەیەکی ئاوا ناتوانێ مونجی بێ‌و ڕێژیم لە ڕووخان‌و قەیران ڕزگار بکا. هەربۆیە پێم وایە ئەوە نیشانەی ئیفلاسی ڕێژیمەو ئەوە دەگەیەنێ کە ڕێژیم گەیشتۆتە کۆتایی قۆناغی تەمەنی دەسەڵاتەکەی.

لەلایەکی دیکەشەوە، تازە ئەو دەرفەتە بۆ ڕێژیمی ئێران نەماوەتەوە. نە وڵاتە ئورووپایی‌یەکان دەتوانن وەك پێشوو لەگەڵ ئێران ساتوسەودا بکەن‌و نە ئەمریکاش بەوە ڕازی دەبێ کە ئەو تەزمینە بدرێتە کۆماری ئیسلامی. لە هەمووی گرنگتر کۆمەڵانی خەڵك‌و نەتەوەکانی ئێرانیش بەهیچ جۆر بەوە ڕازی نابن کە وڵاتانی ئورووپاو تەنانەت ئەمریکاش لەسەر ئەساسی ئازادی‌و مافەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەونە ساتوسەوداوە.

**پ: سەرەڕای وردە وردە یەکلابوونەوەی پێکهاتنی هێزو لایەنەکان‌و دەرکەوتنی کاندیداکان کەچی ئۆپوزیسیۆن چ بە کۆدەنگ‌و یا خۆ بەجیا ئەرك، ڕۆڵ‌و هەڵوێستی خۆیان بەڕوونی دیاری نەکردوە. هۆی ئەم درەنگ وەخۆکەوتن‌و هەڵوێست گرتنە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

و: بە باوەڕی من ڕەنگە پرسیارەکە بەو شێوەیە ڕاستتر بێ کە بڵێین ئەوە ڕێژیم کاندیداکانی خۆی دەسنیشان کرد، نەك هێزو لایەنەکان. وەختێك دەتوانین بڵێین هێزو لایەنەکان کە ڕێژیم مۆڵەتی ئەوەی دابێ کە هەموو لایەك‌و تەنانەت خەڵکی

بۆ لاپەڕەی ١١



# عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

## دەرچوونی رۆژنامەیەك، دوو رۆژنامە بە تیراژی سەدهەزار نوسخە سەد جار باشترە لە دەرچوونی سەد رۆژنامە بە تیراژی چەند سەد نوسخە

**بەبۆنەی ١٠٧ ساڵەی لەدایك بوونی رۆژنامەگەریی کوردی فستیڤاڵی بەدرخان لە رۆژانی ٢١-٢٣/٤/٢٠٠٥ لە شاری دهۆك بەڕێوە چوو. ئەم وتارە دەقی قسەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کەسایەتیی سیاسیی و ئەدەبی کوردە لەو فستیڤاڵەدا**



ئێوارەتان باش دۆستانی خۆشەویست. راستی‌یەکەی ئەوەیە کە ئەمن باسێکم نەنووسیوە، ئەوەی بە منیش گوترابوو ئەوە بوو کە نیو سەعات دەتوانم قسە بکەم. لەبەر ئەوە کورت کردنەوەکەشی بۆ من کارێکی بەزەحمەتە. ئەو باسە کە من دەمەوێ لێرە بیکەم باسێك نیە کە لێرە موناقەشە بکرێ و تەواو بکرێ. لەسەر رۆژنامەنووسی بە شێوەی تایبەتی و لەسەر نووسینی کوردی بە گشتی هێندێك تێ بینیم هەن کە پێم وا نیە ئەمن تەنیا کەس بم کە ئەو تێبینیانەی هەن. پێم وایە زۆر کەسی دیکە لە نووسەران و زانایان ئەو ئیشکالانەیان دیوە کە هەمانە. هیچ بە تەوازوعی مەگرن کە بڵێم لە جەمعێکی ئاوا دا کە هەڵبژاردەکانی نووسەر و رۆژنامەنووسان و موئەللیف و زانایانی کوردی لێ کۆبوونەوە، بۆ من قسە کردن رەنگە کەمێکیش لە ئەدەب خاریج بێ. بەڵام لە عەینی حاڵدا لەدەرفەتێکی کە بەمن دراوە حەتمەن نابوورم. ئەگەر ئیزنم بدەن قسەکانم دەکەم جا موناقەشەکە ئێستا دەبێ یا دوایە ئەوە بە ئێوەی دەسپێرم. بەڵام ناتوانم قسەکانم لە دووسێ کەلیمە یا دووسێ دەقیقەدا کورت کەمەوە. ئەمن وێڕای سپاس بۆ ئەوانە کە ئەو فستیڤاڵەیان رێك خستوە قسەکانم بەم جۆرە دەست پێ دەکەم.

ئەوەی کە پێوەندی بە مێژووی رۆژنامەنووسی‌یەوە هەیە، یان ئەوە کە پێشەنگانی رۆژنامەنووسی چیان کردوە و چیان نەکردوە کاری من نیە، کاری مێژوونووسان و زانایانە. ئەوەی کە ئەمن دەمەوێ لێرە لێی بدوێم وەزعی رۆژنامەنووسی لە هەل ومەرجی ئێستادا و لەوەش بەولاوەتر وەزعی نووسینی کوردی لە هەلومەرجی ئێستادا. کە دەشلێم وەزعی نووسینی کوردی مەبەستم ئەو لەهجەیەیە کە بۆ خۆم دەیزانم چونکی بەداخەوە ئەمن لەهجەی کرمانجیی ژووروو نازانم و تەنیا بەشی خۆم لە کوردیی کرمانجیی خواروو دەزانم، ئەمە رەنگە تەنیا رۆژنامەنووسی و ئەدەبیاتی نووسراو نەگرێتەوە بەڵکوو مولاحیزاتی من هێندێك دەزگای تەبلیغاتیی دیکەش بگرێتەوە کە رادیویە، تەلەڤزیونە چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان، لەپێش دا دەمەوێ بارە باشەکانی وەزعی رۆژنامەنووسی و نووسینی کوردی باس بکەم. بە باوەڕی من ئەوەی ئێستا دەکرێ، شۆڕشێکە لە مەیدانی فکر و ئەدەب دا. ئەم دەورانە بەبێ ئەملا و ئەولا دەورانێکی زێڕینی مێژووی کەلیمەی کوردی‌یە.

ئەوەی لەماوەی دە پازدە ساڵی رابردوودا واتە لەساڵی ١٩٩٠وە تا ئێستا کراوە چەند جار بەقەد هەموو ئەوەیە کە لە مێژووی کورددا نووسراوە و هاتوتە سەر کاغەز. لەباری نیوەرۆکەوەش ئێمە حەتمەن لێی نارازین، شتی زەعیفی تێدا دەبینین. حەقیشمانە ئەو شتانە کە لاوازن ببینین بۆوەی چاکیان کەین. بەڵام پێم وایە لەسەر یەك ئەگەر پێشەنگانی حەرەکەتی رۆژنامەنووسیی کوردی لێ دەرکەین و بگەڕێینەوە بۆ ساڵەکانی نێوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا، موستەوای نێوەرۆکی ئەو شتانە کە ئێستا دەنووسرێن لەسەریەك کەمتر نیە لەوانە کە لەپێش ساڵی نەوەد کەوتوونە سەر کاغەز و نووسراون. بۆیە بە باوەری من دەبێ شانازی‌یان پێوە بکەین، دەس خۆشیان پێ بڵێین، نەك هەر قەمچی‌کاری‌و دار کاری‌یان بکەین وەك هێندێك لە نووسەران و رووناکبیران کە، بەداخەوە هەموو شتێك بە عەینەکی رەشەوە تەماشا دەکەن.

بێجگە لەوەی کە رۆژنامەنووسی پێشکەوتوە ئێمە لەو ماوەیەدا لەباری راگەیاندنی بیسراو و بینراویشەوە شۆڕشێکمان کردوە. ئێمە وەك کورد ئێستا لانی کەم چوار کاناڵی ئاسمانیمان هەن. چەندین دەزگای تەلەڤزیونی مەحەللیمان هەیە، چەندین رادیۆمان هەیە، هونەر و فەرهەنگی کوردی لە هەموو مەجالەکان دا چۆتە پێشێ، بەجۆرێك کە ئێستا ئێمە باس لە دروست بوونی سینەمای کوردییش دەکەین. کەوابێ ئەو دەورانە نابێ بە دەورانێکی چووك تەماشا بکەین، ئەوەی شانازیی رۆژنامەنووسیی ئێستایە هێندێك شتی دیکەشە. یەکەمیان ئەوەیە کە رۆژنامە بە شێوەی گشتی لە خزمەتی خەڵك دایە، دیارە ئەوانەی پێشەنگانی رۆژنامەنووسی کوردین هەموو کارەکەیان لە خزمەتی خەڵك دا بووە. تەعبیرێکی جوان ئەو برا عەرەبەمان بەکاری هێنا کە وەختێکی مقداد بەگ مەجالی پێ تەنگ دەبێ، فکرەکانی لە جانتاکەی دەنێ دەچێ لە کەنارەکانی نیل دەیان چێنێ. واتە ئەو کەلیمانە دەبا لە غەریبایەتی‌دا دەیان چێنێ و دەیان هێنێتەوە سەر کاغەز. کەوابێ ئەوان جێی شانازیمانن و جێی سوژدە بۆ بردنن. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە هێندێك دەورانی رەش لە تاریخی کوردستان دا دەبینین رۆژنامەنووسی ئەوەندە کە ئەمن ئێستا شانازیی پێوە دەکەم ئەوەندە لە خزمەتی قەزیەی میللەتەکەدا نەبووە. زۆرجار مەدح و سەناخوانیی زۆرداران بووە، زۆرجار بە بەژن و باڵای ئەو جینایەتانە هەڵگوتراوە کە دەرحەق میللەتی مە کراون. بەڵام ئێستا نەك هەر لە کوردستانی ئازاد، لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش دا و یەك لەوان لە ئێرانی ئێمە لاپەڕەی رووزەرد یان هەر نابینین یان بە دەگمەن دەبینین. ئەوە شانازی‌یەکی زۆر گەورەیە بۆ ئەوانە کە ئەمرۆ لە مەیدانی رۆژنامەنووسی‌دا کار دەکەن. باری شکل و فۆرم و ئەوەش، دەزانین قابیلی بەراورد کردن لەگەڵ رابردوو نیە، ئێستا لە کامپیوتێر کەڵك وەردەگرین، لە پێشکەوتووترین دەزگاکانی چاپ کەڵك وەردەگرین. کەوابوو ئاشکرایە لەو بارەشەوە زۆر پێش کەوتوە. ئازادیی چاپەمەنی پێم وایە قەت بەقەد ئێستا نەبووە. لە کوردستانی ئازاد کە بەشی هەرە زۆری رۆژنامە و نووسراوی لێ بڵاو دەبێتەوە، بەخۆشی‌یەوە ئەوەی دەتوانین پێی بڵێین خۆ سانسۆر کردن هەیە. دەنا بە شێوەی گشتی سانسۆر کردنمان نیە. ئیجازەم بدەن با هەر هوجووم نەکەینە سەر دەسەڵات داران و بڵێم ئەمەش شانازی‌یەك و سەروەری‌یەکە بۆ دەسەڵاتدارانی کورد کە لە حوکمی خۆیاندا سانسۆریان هەڵ گرتوە و ئیزن دەدەن تەنانەت قسە بە خۆشیان بگوترێ. ئەوە لە رۆژهەڵاتی نێوەراست دا بۆ کورد بە شانازی دەزانم چونکە نموونەی دیکە یەکجار کەمە. جگە لەوە رۆژنامەنووسان لە هەموو حەرەکەتەکان دا لەگەڵ خەڵك بوون و تەنانەت لەپێش خەڵکیشەوە بوون. ئەگەر نیسبەت بگرین لەو چین و توێژانەی کە لەپێناوی ئازادی دا قوربانی‌یان داوە، رۆژنامەنووسان نیسبەتی هەرە گەورەیان بەردەکەوێ، چونکی زۆریان لە پێناوی عەقیدەدا کەوتوونەتە زیندان، زۆریان لە پێناوی کارەکەیان دا شەهید بوون، تیرۆر کراون و تووشی زۆر جۆر چەرمەسەری بوون. جگە لەوە ئەو سەرکەوتنانە کە کورد بەدەستی هێناون بەشی رۆژنامەنووسان و نووسەران و شاعیرانی زۆر پێوەیە. ئەوانن کە دەردەکانی کۆمەڵیان بۆ خەڵك روون کردۆتەوە، ئەوانن کە هانیان داون بۆ مەیدانی خەبات، ئەوانن کە بۆ خۆیان لەگەڵیان بوون. ئەوانن کە لە زۆر مەیداندا هاتوونەتە پێشێ بۆ ئەوەی خەڵکەکەی بەقەولی ئێرانیان بەسیج بکەن. هەر وەك لەو دوایی‌یانەدا دیتمان ئەو هوجوومە گەورەیەی کە کرایە سەر سندووقەکانی هەڵبژاردن، راستە هێندێك هۆی دیکەشی تێدا کاریگەر بوون وەکوو ئەمنیەت لەم وڵاتەدا، وەکوو بە خۆشی‌یەوە یەك هەڵوێستیی رێبەرانی کورد، بەڵام نەخشی راگەیاندن نەخشێکی بەرچاو و جێگەی تەقدیر و سوپاس بوو. دەتوانین بڵێین ئەو شانازیانە کە ئێستا وەدەست کورد کەوتوون و ئەوە کە کورد بۆ خۆی حاکمە بەسەر ناوچەکەی خۆی‌دا، ئەوە کە کوردێك ئێستا سیاسەتی عێراقی بەدەستەوەیە، سەرکۆماری عێراق کوردە، سەرۆکی دیپلۆماسی‌یەکەی کوردە. ئەمە لە دەرەجەی یەکەم دا بەرهەمی خەباتی میللەتی کورد بە گشتی‌یە و بە دەرەجەی دووهەم بەرهەمی یەك ریزی و یەك هەڵوێستیی رێبەرانی کورد لەم مەرحەلەیەدایە. بەڵام بە راستی ناکرێ نەخشی رۆژنامەنووسان و نووسەران و وێژەرانی رادیۆ و تەلەڤیزیونەکان بەکەم بگرین. کەوا بێ ئەوانە هەموویان جێی شانازین. مەجبوورم بە کورتی بەسەری‌دا تێ پەڕم دەنا قسەم لەو بارەیەوە زۆرە، بەڵام راستی‌یەکەی ئەوەیە ئێمە کەم و کوڕییشمان هەن، ئەم کەم و کوڕی‌یانە هەروەك عەرزم کردن تەنیا ئەمنی دوور لە مەیدانی رۆژنامەنووسی نایان بینم. حەتمەن ئەوانە کە کاری تێدا دەکەن تەجروبەی زۆریان هەیە، ئەوانە کە بۆ دەورانی ئێستامان پێشەنگی بزوتنەوەی رۆژنامەنووسین زۆر شتی لەوە زیاتریان دەست نیشان کردوە، ئەمن پێم خۆشە ئیشارە بە هێندێك لەوانە بکەم: ئەو هەموو عینوانە کە وەك رۆژنامە دەردەچێ لەو بارەوە کە بە هەزاران گوڵ دەپشکوێ زۆر جێی خۆشحالی‌یە، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە لەسەر یەك ئەمە لە کەیفییەت، لە موستەوای نێوەرۆکی چاپەمەنیی کەم کردوتەوە. بێجگە لەوە تکلیفێکی زۆر دەکاتە سەر ئەموالی ئەم میللەتە. ئێستا ئەو حیزبە بۆ خۆی رۆژنامە دەردەکا ئەوی دیکە بۆ خۆی دەری دەکا هەمووی هی میللەتی کوردە. ئەمن ئەوەی بە نوختە زەعفێك دەزانم کە ئێمە لە کوردستاندا ئێستا پێم وایە رۆژنامەیەکمان نیە کە دە هەزار ژمارەی لێ دەربچێ. بە باوەڕی من دەرچوونی رۆژنامەیەك، دوو رۆژنامە بە تیراژی سەدهەزار نوسخە سەد جار باشترە لە دەرچوونی سەد رۆژنامە بە تیراژی چەند سەد نوسخە. ئەوەندە رۆژنامە دەردەچێ، ئەوەندە مەجەللە دەردەچێ کە هیچ کەس وەختی نیە بیان خوێنێتەوە و هیچ کەس تەقریبەن پارەی ئەوەی نیە بیان کرێ. چونکی زۆرجاران ئەو قسەیەی دەکەم ئەوانەی پارەیان هەیە ناخوێننەوە و ئەوانەی دەخوێننەوە پارەیان نیە. بەڵام ئەگەر هەمووشی بە مفتێ بۆ بچێ هیچ کەس ئەگەر هیچ کارێکی دیکەشی نەبێ وەختی ئەوەی نیە هەموان بخوێنێتەوە. لەکاتێکدا کە ئەگەر ئەمانە خولاسە بکەینەوە مەسەلەن دوو رۆژنامەمان دەربچێ بە تیراژی سەد، سەدوپەنجا هەزار نوسخە ئەو رۆژنامەیە دینارێك رەنگە نەخاتە سەر خەزێنەی میللەت، بۆ خۆی خۆی دەژێنێ. رۆژنامە لە جێیان دەبێتە ئیمپراتووری‌یەك، خۆی دەژێنێ هیچ، دەوڵەمەندیش دەبێ. کەچی ئێستا هەموو رۆژنامەکانمان دەبێ بە گەروویان دا بکەین، دەبێ میللەت پارەکەیان بدا. هەر لەو بارەیەوە لەباری نێوەرۆکەوە کتێب و دیوانە شێعر و چیرۆك و رۆمان هەموویان نەوعێك خۆتاڵ کردنی تێدا بێ لەلایەن دەزگا بەرپرسەکانەوە دەتوانن چاکتر بن. ئێمە دەزانین ئەو هەموو شاعیرەمان هەبووە لە هەر دونیادا لە دەورانێك دا کە تۆ ببینی، بەڵام هەمووی بیست سی شاعیرمان ماوەتەوە ئەوی دیکە هەموو ناویان کوێر بۆتەوە نووسەرانیش هەروا. واتە هەموویان ئەبەدی نین. کەوابێ ئە و خەرجی‌یەی دەیکەن، ئەو زەحمەتەی دەیکێشین سەرفی چاپ کردن و بڵاو کردنەوەی باشترەکانی بکەین. ئەگەر ئەمن سەرپەرستی رۆژنامەیەك یان بنکەیەکی بڵاو کردنەوەم شتێکم بۆ دێ لەباری نێوەرۆکەوە زەعیفە بەڵام چاپی دەکەم کۆمەگم نەك بە کۆمەڵەکم نەکردوە، بەڵکوو بە خاوەنی بەرهەمەکەشم نەکردوە چونکی وام کردوە ئەو فێر نەبێ. پێم نەگوتوە شتەکەت لاوازە برۆ بخوێنەوە، زەحمەت بکێشە چاکتری بکە با بۆت چاپ بکەم. هەر وەك مامۆستایەك لە دانیشگا یا لە ئامادەیی و ناوەندی ئەگەر قوتابی‌یەکەی لاواز بێ و لێی خۆش بێ لەواقیع دا نە خزمەتی بەو کردوە، نە خزمەتی بە کۆمەڵ کردوە. ئەو هیچ فێر نەبووە و ئەوانەی ئەویش لە دوارۆژدا دەرسیان پێ دەڵێ هیچ فێر نابن.

لەباری زمانیشەوە ئێمە وەزعمان باش نیە، شانازی بە هەموو کەلیمەیەك دەکەم کە دەکەوێتە سەر کاغەز. بەڵام بە داخەوە زمانێکی خراپ دروست بووە بۆ نموونە کوردی گۆڕین: لە هیچ و خۆرا هاتووین کەلیمەی کوردیمان گۆڕیوە بەبێ زەروورەت "گۆڕان" دەکەینە "گۆڕانکاری"، "کاریگەری" دەکەینە "کاریگەریەتی"، "تێدا" مان هەیە لە سلێمانی دەبێتە "تیا"، دەی‌کەینە "تیادا" یانی ئە زمانەمان هێناوە بە زۆری زۆرداری گۆڕیومانە. "زانستی"مان هەیە دەڵێین "زانستیانە" جاری وا هەیە دەڵێین "زانستانە".

رێگەم نیە تەوزیحی لەسەر بدەم دەنا تەوزیحم یەکجار زۆر لەسەری هەیە، کورد دەڵێ: "هاوکار"، "هاوماڵ"، "هاو وڵات" دەیکەینە "هاو وڵاتی" کەلیماتی کوردی جۆرێکی خراپ بەکار دەبەین. تەرجەمە لە فارسی‌یەوە، زۆر بە ئاسایی دەبینە موتەرجیم لە فارسی‌یەوە. نامهەوێ درێژی کەمەوە، بەڵام بە راستی شتی زۆر خراپمان هەیە. جا هی فارسی عەیبەکەی ئەوەیە وەك عەرەبی نیە و زۆری پێوە دیار نیە. "بۆ دهۆك هاتم" کورد دەڵێ "بۆ دهۆك هاتم" یا دەڵێ "هاتمە دهۆك"؟ "بۆ هەولێر چووم" دەڵێ "بۆ هەولێر چووم" یا "چوومە هەولێر"؟ "بۆ ماڵێ دەگەڕێمەوە" دەڵێ "دەچمەوە ماڵێ"! چونکی فارسی دەڵێ: "بە خانە بر میگردم"، "بە دهوك أمدم". پاشان هەندێك عیبارەتی دیکە کە لە عەرەبی‌یەوە تەرجەمە دەکرێن کە ئێوە عەرەبی زۆر باش دەزانن. یانی کورد لێرە عەرەبی زۆر باش دەزانێ.

بەڵام شتی دیسان سەیری تێدا دەبینی مەسەلەن "مجزرە" کە لە عەرەبی‌دا دوو مەعنای هەیە بە مەعنایەك قەسابخانەیە، بە مەعنایەك کوشتارە، دەڵێ "قەسابخانەکەی رۆژی فلان" هەروا بزانە مەیدانێکە و قەساب مەڕ و مالات سەر دەبڕن. لەحالێکدا دەتوانێ بڵێ "کوشتارەکەی رۆژی فلان"، "شەهید کردنی فلان". بابە ئەمن یادی قاتڵەکە ناکەمەوە، یادی شەهید بوونەکەی دەکەمەوە "ئیستیشهاد" یانی شەهید بوون، یانی تەڵەبی شەهادەت، ئیدی ئەمە یەکجار زۆرە. ئەمن ئەگەر دەزگا دەسەڵات دارەکان مەجالم بۆ پێك بێنن دەتوانم لە خزمەتیاندا بم. دەتوانم بۆیان بنووسم کە چن و هێندێکیش پێشنەهادم هەیە بۆ ئەوەی ئەمانە بەراستی پێیان رابگەین. چونکی مەسئوولیەتێکی زۆر گەورەیە لەسەر دەسەڵاتی کوردی و لەسەر دەسەڵات دارانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی. ماوەتەوە ئەوە کە بڵێم ئەگەر دەمانەوێ رۆژنامە بکەین بە دەسەڵاتی چوارەم کاری دەوێ، هەر کاری رۆژنامە نووسانیش نیە، رۆژنامەنووسان دەبێ ئازا بن و ئازاش هەن. بەڵام دەبێ دەسەڵاتی سیاسییش کۆمەك بکا. لە هەمووی موهیمتر دەبێ کۆمەڵیش پێ بگا. بە ئارەزو رۆژنامە نابێتە دەسەڵاتی چوارەم. ببوورن قسەکانم هەموویان دەزانم ناتەواون چونکی باسەکەم زۆر درێژتر بوو لەوەی کە ئێستا مەجالم هەیە.

### تێ بینی:

بۆ ئەم باسە زۆر نموونەی دیکە لە بارەی زمان و رێزمان و رێنووسەوە هەبوون کە دەمەویست لە فستیڤاڵەکەدا بیان هێنمە گۆڕێ. بەڵام کورتیی ماوەی قسە کردن دەرەتانی نەدام و لەبەر ئەوەی لەوێ باس نەکراون، بە دروستی نازانم لێرەشدا زیادیان بکەم. بۆیە هەڵیان دەگرم تا دەرفەتێکی دیکە دەرەخسێ.

# وچانێکی سێ ڕۆژە لە هەواری پەیڤە ڕنگینەکان
# (دووهەم فستیڤاڵی ڕۆژنامەنووسیی بەدرخان)

قادر وریا






**ڕێورەسمی دەست پێکردنی فستیڤاڵ**

**"بەیانیت باش دهۆك!**
**بەیانیت باش روحانەتی بەدرخانی‌یەکان! کە ئەمرۆ لێرەدا لەگەڵمان کۆ بوونەوە..."**

بەم پەیڤە جوانە، کاتژمێر ١٠ی پێش نیوەڕۆی پێنج شەمە ٢١ی نیسانی ٢٠٠٥ (١ی بانەمەری ١٣٨٤)، خاتوو کەژاڵ ئەحمەدی شاعیرو ڕۆژنامەنووس، لەگەڵ خاتوو پەروین عەبدولعەزیزی کەژاڵ گوتەنی "کیژە جوانەکەی دهۆك" ڕێورەسمی کردنەوەی دووهەمین فستیڤاڵی ڕۆژنامەنووسیی بەدرخانی لە هۆڵی محەممەد عارف جزیریی شاری دهۆك دەست پێکرد.

فستیڤاڵی بەدرخان، فستیڤاڵێکی ساڵانەی ڕۆژنامەنووسی‌یەو لەلایەن دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی بەدرخانەوە بەڕێوە دەچێ. فستیڤاڵی یەکەم، ساڵی ڕابردوو، لە بیرەوەریی ١٠٦ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا، لە سلێمانی پێك هات. دووهەمین فستیڤاڵی بەدرخانیش ئەمساڵ لە ١٠٧ ساڵەی دامەزرانی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەژێر دروشمی "چەسپاندنی دەسەڵاتی چوارەم تەواوکردنی پەیامی بەدرخانی‌یەکانە" لە ڕۆژی ٢١ ـ ٢٠٠٥/٤/٢٣دا لە دهۆك بەڕێوەچوو.

لە ڕێورەسمی کردنەوەی فستیڤاڵدا جگە لە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەنووس‌و کەسایەتیی کەلتووری‌و زانستی‌و ڕۆشنبیر لە شارەکانی دیکەی باشووری کوردستان، چەندین نووسەر، لێکۆڵەرو ڕۆژنامەنووس لە کوردستانی تورکیە، لە کوردستانی ئێران‌و لە کوردەکانی سووریەو لە ئورووپاوە بۆ ئەم فستیڤاڵە بانگهێشت کرابوون. لەنێو بەشدارانی فستیڤاڵدا، هەروەها نوێنەرانی چەندین حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسی‌و ناوەندو کۆمەڵەی کەلتووری دەبینران.

لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیشەوە، هەیئەتێك، پێکهاتوو لە هاوڕێیان: قادر وریا، عەبدوڵڵا بەهرامی‌و مستەفا مەعرووفی لە خزمەت کەسایەتیی سیاسی‌و ئەدەبیی ناسراو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، لەو فستیڤاڵەدا بەشدار بوون.

دوای ئەوەی مەراسیم بە سروودی بەدرخان کرایەوە، داوا لە بەڕێز دوکتور کەماڵ فوئاد سەرپەرستی گشتیی فستیڤاڵ کرا پەردە لەسەر پەیکەری میقداد مدحەت بەدرخان لابدا کە هونەرمەندی پەیکەرتاش زاهیر سەدیق لە سلێمانی بە تایبەتی بۆ ئەم فستیڤاڵە دروستی کردبوو. دوکتور کەماڵ دوای پەردە لادان، وتاری لێژنەی باڵای فستیڤاڵی خوێندەوە. لە وتەی لێژنەی باڵای فستیڤاڵدا هاتبوو: **"دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی لەو سەردەمەدا بە چاپکراوی هەنگاوێکی گەورە بوو لە ڕێگای خزمەتکردنی مەسەلەی کورد وەك وڵامێکی دەمکوتکەر بۆ ئەوانەی وایان ئەزانی کە بە لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم دا، ئیتر مەسەلەی کورد کۆتایی هات‌و لە ناوچوو."**

**پاشان د. فازل عومەر بە نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك وتارێکی خوێندەوە. وتاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك بەم ڕستانە کۆتایی پێهات:**

"... ل دوماهیێ من دڤێت بێژم: بەری ١٠٧ ساڵان هندەك ڕەوشەنبیرو سیاسێین کورد بناخێ ڕۆژنامەڤانیا کوردی داناو ئیرۆ ئەم هەوجەنە پێکڤە بناخێ پاشەڕۆژەکا گەشتر بۆ گەلێ خوە دامەزرێنین.

هوون ب خێر هاتنە دهۆکێ سەرچاڤان وەختەکێ خوەش لە مالا خوە ل ناڤ خەلکێ خوە ببۆرینن."

دوای د. فازڵ عومەر، بەڕێز سەرباز هەورامی نوێنەری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) وتاری حکوومەتی هەرێمی کوردستانی خوێندەوە. وتاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای ڕێزنان لە ڕۆڵی بەدرخانی‌یەکان‌و کاریگەریی ڕۆژنامەی "کوردستان" لەسەر هەستی نەتەوایەتی‌و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد، دوو ئەرکی گرنگی ئەمڕۆی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بەمجۆرە دەست نیشان کردبوو:

"ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستان بناغەدانەرو هەروەها ڕێبازی ڕۆژنامەگەریی کوردی بێت، ئەوکاتە ڕۆژنامەگەریی ئێمە دەتوانێ بە دوو ئەرکی گرنگ‌و بنچینەیی هەڵسێ:

یەکەم: دەتوانێ پەرژینی پاراستنی دەسکەوتە نەتەوایەتی‌یەکانمان بێ، مەترسییان لەسەر کەم بکاتەوە، لە ناو ڕای گشتی‌و دنیای ڕاگەیاندنی بێ‌سنووردا کاربۆ ئەوە بکات میللەتەکەمان ئەندامێکی کارای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێت.

دووهەم: ڕۆژنامەگەریی ئێمە ئازادانە بەڕێوەبچێت، چاودێر بێت بەسەر پێوەندی‌یەکانی نێوان خەڵك‌و یەکە کۆمەڵایەتی‌و کایە کەلتووری‌یەکانەوە. هەروەها وەك یەك لە دەسەڵاتەکان خوێندنەوەی هەبێت بۆ پێوەندی‌یەکانی نێوان دەسەڵات‌و جەماوەری گەلەکەمان."

چوارەم وتار کە لەو ڕێورەسمەدا پێشکێش کرا هی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بوو کە لەلایەن بەڕێز فەرهاد عەونی، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە خوێندرایەوە. سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان داوای کردبوو: "... لە یادی ١٠٧ ساڵەی ئەو ڕووداوە نەتەوەیی‌یە، نەتەوەییانە بیر بکەینەوە، نەتەوەییانە هەڵسوکەوت بکەین، نەتەوەییانە ڕەنگەکان هەڵبژێرین کە خۆی لە سەرجەمی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان دا دەبینێتەوە... پێویستە بەو قەڵەمە بنووسین کە تەعبیر لە پتەوکردنی ڕیزەکانمان دەکەن، بەو بیرە بنووسین کە تەنیا تۆوی کوردایەتی بڵاو دەکاتەوە..."

بە دوای وتاری نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دا، بەڕێز حەمید ئەبووبەکر بەرپرسی دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، مزگێنیی دۆزرانەوەی ژمارەکانی ١٠و ١٢ی "کوردستان" یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی بەهۆی پروفیسۆر دوکتور جەلیلی جەلیلەوە ڕاگەیاند. هەر بەم بۆنەیەشەوە پروفیسۆر جەلیلی جەلیل وتەیەکی کورتی پێشکێش کرد.

هەر لەو ڕێورەسمەدا، ناوی چەندین ڕێکخراوی سیاسی، بنکەو ناوەندی ڕۆژنامەنووسی‌و کەلتووری‌و ژمارەیەك کەسایەتی خوێندرانەوە کە بروسکەی پیرۆزباییان بۆ فستیڤاڵ ناردبوو. "ئایدین وایت" سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی یونان‌و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئێران لەو بەڕێزانە بوون کە پەیامەکانیان خوێندرایەوە.

لە دوابەشی بەرنامەی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکەمی فستیڤاڵدا، تیپەکانی بەڕێوەبەرایەتیی هونەری دهۆك بە بەڕێوەبردنی چەندین هەڵپەرکێی جوان‌و جۆراوجۆرو بە جلوبەرگی تایبەت بە پێکهاتە ئایینی‌و نەتەوەیی‌یەکانی دهۆك‌و دەڤەری بادینان، بەشدارانی فستیڤاڵیان نوقمی تەماشاو چێژو خۆشی کرد. دوابەدوای ئەم بەرنامە هونەری‌یەش، پێشانگەی بەرهەمەکانی کۆمەڵێك کاریکاتێریست هەر لە تەنیشت هۆڵی محەممەد عارف جزیری کرایەوە. ئەو بەرهەمە کاریکاتێریانە، گرفتەکانی ئەمڕۆی کوردستان‌و هێندێك دیاردەی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەنووسی‌و ڕاگەیاندنیان بە زمانی تەنز دابووە بەر تیشکی ڕەخنە.

دەست پێکردنی کۆڕو کۆبوونەوەو گفتوگۆ لەسەر باس‌و لێکۆڵینەوەکان

کاتژمێر ٤ی پێنج شەمە ١ی نیسان، دوای ئەوەی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێشانگەیەکی تابلۆی شێوەکاری، فوتوگراف‌و کۆلاژو پێشانگەی کتێبی لە بارەگای پەرتووکخانەی بەدرخان کردەوە، نۆبە گەیشتە پێشکێش کردنی باس‌و لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەم فستیڤاڵە.

لە کۆڕەکانی یەکەم ڕۆژدا کە لەلایەن بەڕێز جەوهەر کرمانجەوە، بەڕێوە بران، ئەم بەڕێزانە باس‌و لێکۆڵینەوەیان پێشکێش کرد:

پروفیسۆر دوکتور عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی بەدرخانی‌یەکان

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، چەند قسەیەك لەمەڕ ڕۆژنامەنووسیی ئەمڕۆ

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، شۆڕشی بەدرخان لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا

کاك نەجیب باڵایی، گۆڤارا هاوار وەك خوەندنگەهەکە ڕووناکبیری‌و نەتەوەیی

دوکتور عیزەدین گوتی: **"کە باسی بەدرخانیان دەکەین، دەبێ دوو هێڵی جیاوازو بە یەکداچوو پێکەوە بلکێنین‌و جاروبار لە یەکیان جیا بکەینەوە. یەکەم: مێژوو، دووهەم: ڕۆژنامەگەری‌و بیرو ڕووناکی... مێژووی سیاسیی بەدرخان پاشاو نەوەکانی دیارە. بەدرخان ساڵی ١٧٩٤ لەدایك بووەو ساڵی ١٨١٢ بووە بە فەرمانڕەوا، ئامانجی ئەو لە یەکخستنی کوردستان دا دیارە ـ گەلێك شوێنی خستە سەر میرنشینی بۆتان. وانو سابڵاخ‌و ڕەواندزو مووسڵ‌و شنگارو وێرانشارو سیوەرك‌و شنۆو ورمێی خستە سەر میرنشینەکەی‌و گەیشتە قەڵای ئامەد ـ دیاربەکر"**. دوکتور عیزەدین پاش ئیشارە بە ڕەفتارو کردەوە و هەنگاوەکانی میرەکانی میرنشینی بۆتان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا، چووە سەر خزمەتەکانی دیکەی بنەماڵەی بەدرخانی‌یەکان: **"کاتێك کە میرنشینەکانی کورد هیچیان نەمان، بەدرخانیان ڕوویان کردە شێوەیەکی دیکەی خەبات کە بەشداری‌یە لە خەباتی سیاسی‌و پێکەوەنان تا بەشداریکردن لەو حیزب‌و کۆمەڵانەدا کە لە دەوری شێخ عەبدولقادری نەهری‌یەوە دروست کران (تەعالی‌و تەرەقیی کوردستان، هێڤی، خۆیبوون‌و هتد). دواتر باسی خزمەتەکانی ئەو بنەماڵەیەی لە بواری کەلتووری‌دا وەك دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤار بە زمانی کوردی، بەکارهێنانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی‌و شێعری کوردیی کرد.**

**پوختەی باسەکەی مامۆستا حەسەن زادەش هەر لە "ئەدەب‌و هونەر"ی ئەم ژمارەیەی کوردستان دایە.**

ڕۆژی دووهەمی فستیڤاڵ

بەڕێوەبەری کۆڕەکانی ڕۆژی دووهەمی فستیڤاڵ، دوکتور موەفەق دەرگەڵەیی بوو. لە ماوەی زیاتر لە دوو سەعات دا (١٠ بۆ ١٢/٥) ئەم بەڕێزانە لێکۆڵینەوەیان پێشکێش کرد:

دوکتور فرسەت مەرعی، ڕێبازو کردەوەی بەدرخان بەگ لە کتێبی مێژووی ئاشووری‌یەکان بە دوای ڕووخانی نەینەوادا

خاتوو چرۆ شەهاب، تاوانی بڵاوکردنەوەی تایبەتمەندی‌یەکانی تاکەکان لە ڕۆژنامەدا

دوکتور جەمشید حەیدەری، چەند سەرنج‌و تێبینی‌یەك لەبارەی کتێبی "چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی نهێنیی کوردی"ی نەوشیروان مستەفا

بەڕێز محەممەد حەمۆ، هاوارو ڕەخنەیە گۆڤارێن سەردەمی دیکە

خاتوو چرۆ شەهاب لە بەشی یەکەمی باسەکەی‌دا مانای تایبەتمەندێتی‌و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکەی باس کرد. یەك لە پێناسەکانی "تایبەتمەندی" کە ئەو خاتوونە ئاماژەی پێکرد ئەوە بوو: **"مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە خەڵکی وازی لێ بهێنن‌و هەر بۆخۆی بژی‌و مافی هەیە بە تەنها بێت‌و هیچ کەسێك ئەو تەنهایی‌یەی لێ تێك نەدات."** دوایە هاتە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە کە "کەی‌و بۆچی بیرۆکەی تایبەتمەندێتی سەری هەڵدا" و گوتی **"لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە بنەماکانی ماف بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتی دەرکەوت، ئەویش لەبەر هۆکاری هاتنەکایەی yellow journalism، ڕۆژنامەی زەردەوە".**

چرۆ شەهاب لە بەشی دووهەم دا چووە سەر سنووری تایبەتمەندیی تاکەکان. لەم بەشەدا گوتی: **"تایبەتمەندیی تاك، تایبەتمەندێتی‌یەکە کە تاك پێویستی زۆری پێی هەیە بە هەموو شێوازێك پارێزگاری لێ بکات‌و نەهێڵێت نهێنی‌یەکانی ژیانی بە بێ‌ڕەزامەندیی خۆی بڵاو بکرێتەوە..." زەمانی سۆزداری‌و خێزانداری، باری تەندروستی، شوێنی نیشتەجێ بوون‌و ژمارەی تەلەفوون، باری دارایی، نامەو گفتوگۆی کەسەکان لەو لایەنانەی تایبەتمەندێتی تاکن کە لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوە کە دەبێ بپارێزرێن‌و ڕۆژنامەنووسان بۆیان نیە بیدرکێنن. خاتوو چرۆ چەند تایبەتمەندی‌یەکی دیکەی تاکیشی ناو برد کە ناکۆکیی بیروڕا هەیە لەسەریان سەبارەت بە چوونە نێو چوارچێوەی ژیانی تایبەتی یان نەچوونیان، بۆ وێنە: وێنەی کەسەکان، ژیانی کارو فەرمانە کەسەکان، بڵاوکردنەوەی ناوی کەسەکان، بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاستی‌یانەی کە چوونەتە ئەوپەڕی بیرچوونەوە، پیرۆزیی لاشەی مرۆڤ.**

لە بەشی سێهەم دا چرۆ شەهاب پاراستنی تایبەتمەندێتی لە یاسای عێراق لە هەردوو بواری یاسای سزاکان‌و یاسای شارستانی‌دا باس کردو ئاماژەشی بە پەسندکراوەکانی پارلمانی کوردستان کرد. لێکۆڵینەوەکەی چرۆ شەهاب گفتوگۆیەکی گەرمی لێ کەوتەوەو بوو بە هۆی ئەوە کۆمەڵێك بۆچوون‌و ڕوونکردنەوەی بەسوود بێنە گۆڕێ.

کۆڕەکانی دوانیوەڕۆش کە لە سەعات ٤ڕا دەستیان پێکردو تا نزیك ٧یان خایاند، لەلایەن بەڕێز مستەفا ساڵح کەریمەوە بەڕێوەچوون. ئەم بەڕێزانە لێکۆڵینەوەو باسیان پێشکێش کرد:

ـ دوکتور زرار سەدیق تۆفیق، دەربارەی جزیرەی بۆتان‌و هۆزی بۆختی لە سەدەکانی نێوەڕاست دا

ـ کاك شادمان مەلا حەسەن، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ـ خاتوو بەناز کوێستانی، پێوەندیی نێوان ڕۆژنامەنووسان‌و دەسەڵاتداران

لێکۆڵینەوەی کاك شادمان مەلا حەسەن، کە لە ڕێورەسمەکەدا لەبەر کەمیی ماوە، تەنیا توانی چەند بەشێکی کەمی لێ پێشکێش بکا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیی تێروتەسەلە. سنووری ئەو لێکۆڵینەوەیە لە ١٩٤٦/١/١١ تا ٢٠٠٣/٨/٦ دەگرێتەوە. نووسەر لە پێشەکیی لێکۆڵینەوەکەی‌دا، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، بایەخی لێکۆڵینەوەو گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکان باس دەکا. لە دەروازەی لێکۆڵینەوەکەی‌دا لە پێوەندیی "بزووتنەوەی ڕۆشنبیری‌و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانی ئێران"دا دەدوێ. دوایەش لە چوار بەش دا، مێژوو و تایبەتمەندیی "کوردستان" لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی تەمەنی‌دا دەست نیشان دەکا. لە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش دا، قامك لەسەر چەند تایبەتمەندیی بەرزی ئەم ڕۆژنامەیە دانراوە. لێکۆڵەر پێشنیارو ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ باشتر بوونی ئەو ڕۆژنامەیە لە بواری جۆراوجۆردا، لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا، دەربڕیون. توێژینەوەکەی کاك شادمان مەلا حەسەن کە وەك بەشێك لە پێداویستی‌یەکانی تەواوکردنی دوا قۆناغی خوێندن‌و وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە زانستی ڕاگەیاندن دا، لە ژمارە ٤ی گۆڤاری وەرزانەی ڕۆژنامەنووس دا بڵاو بۆتەوە.

لێکۆڵینەوەکەی خاتوو بەناز کوێستانی لەو لێکۆڵینەوانە بوو کە پێشوازی‌یەکی زۆری لێ کراو گەرمترین گفتوگۆی لێ کەوتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە بەشداران، بۆچوون‌و بیروڕای خۆیان لەسەر نێوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکەو بۆچوونەکانی خاتوو بەناز دەربڕی.

خاتوو بەناز لەبەر کەمیی ماوە، پەیوەندیی ڕۆژنامەنووسی بە دەسەڵاتەوە لەدوای ڕاپەڕین تا ساڵی ٢٠٠٠و لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ەوە تا ئێستای باس کرد. ئەو خاتوونە سەرنج‌و تێبینی‌یەکانی لەبارەی پێوەندیی ڕۆژنامەنووسان‌و دەسەڵات لە ماوەی ئاماژەپێکراودا، بەمجۆرە لە دەرئەنجامی باسەکەی‌دا دەربڕی (هەڵبژاردەیەکیان):

**١ـ لە زۆربەی قۆناغەکان دا پێوەندی‌و لێك تێگەیشتن... لاوازە.**

**٢ـ نەبوونی زمانێکی هاوبەش لەنێوان ڕۆژنامەنووس‌و بەرپرس دا نەبووە.**

**٣ـ خۆ دۆزینەوەی بەرپرسان لەو ئەرك‌و لێپرساوەتی‌یەی لەو قۆناغەدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.**

**٤ـ بەکارهێنانی کاری ڕۆژنامەوانی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی.**

**٥ـ هەست نەکردنی ڕۆژنامەنووس بە بەرپرسیارەتی‌و ئەرکی سەرشانی لەو قۆناغەدا.**

**٦ـ بە کەم سەیرکردنی ڕۆژنامەوان‌و کاری ڕۆژنامەنووسی لەلایەن بەرپرسانەوە.**

**٧ـ کار نەکردنی ڕۆژنامەنووسان‌و بەرپرسان لەسەر بناغەی هاووڵاتی بوون لە کۆمەڵگەدا.**

٨ـ چەق بەستوویی بەرپرسان‌و نەگۆڕانیان لەگەڵ گۆڕانی گەورەی کۆمەڵگەداو هەزم نەکردنی بیری مۆدێرن‌و بنەما شارستانی‌و ژیارییەکان.

ڕۆژی سێهەمی فستیڤاڵ:

لە کۆڕەکانی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێهەمی فستیڤاڵدا کە بەڕێز ئەنوەر محەممەد تاهیر بەڕێوەی بردن، لێکۆڵەران‌و بابەتەکانیان بریتی بوون لە:

ـ دوکتور سەلاح هروری، دیرۆکا کوردان‌و گۆڤارا "هاوار"

ـ خاتوو بەیان ئەحمەد، بەکارهێنانی ئەلفوبێیا میر جەلادەت بەدرخان

ـ کاك بەشار کیکی، میقداد میدحەت بەدرخان‌و هزرا مەدەنیەتێ

ـ کاك ڕەشید فندی، هەڵسەنگاندنێ مەسەلا هەرمەنییان لە ڕۆژنامەی کوردستان دا

ـ دوکتور ساڵح نیکبەخت، وتەیەکی کورت لەبارەی ئێستای ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لەنێو ئەم باس‌و لێکۆڵینەوانەدا، باسەکەی کاك ڕەشید فندی، زۆرترین گفتوگۆی لەسەر کراو بوو بە هۆی ئەوە زۆر زانیاری‌و بۆچوونی جۆراوجۆر لەسەر قەڵاچۆی هەرمەنییەکان، سوارەی حەمیدیە‌و ڕۆڵی کوردەکان لەم نێوەدا، دەربڕین.

بە داوی قسەکانی دوکتور نیکبەخت دا، پێشکێش کردنی باس‌و لێکۆڵینەوەکان کۆتایی پێهات. پێویستە بگوترێ هۆڵی کۆبوونەوەکان هەر سێ ڕۆژی فستیڤاڵ، بەردەوام پڕ بوون لە گوێگرو ئۆگرو، زۆربەی بەشداران سوودیان لەو باس‌و لێکۆڵینەوانە وەردەگرت کە پێشکێش دەکران.

ڕێورەسمی کۆتایی فستیڤاڵ

نیوەڕۆی شەمە ٢٣ی نیسان، هەر لە هۆڵی پەرتووکخانەی بەدرخان، ڕێورەسمی کۆتایی فستیڤاڵ بەڕێوەچوو. لەو ڕێورەسمەدا لەپێش دا ڕاگەیاندنی کۆتایی فستیڤاڵ خوێندرایەوە. پاشان جگە لەو بەڕێزانەی لێکۆڵینەوەو بابەتیان پێشکێش کردبوو، ئەم کەسایەتی‌و بنکەو ناوەندانەش بە بۆنەی خزمەتی بەرچاویان بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی‌و بوژاندنەوەی کەلەپووری ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەیی، خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێبەخشرا:

١ـ پروفیسۆر جەلیلی جەلیل ٢ـ ناوەندی هاڤیبوون بۆ لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی کوکدی (لە ئەڵمان) ٣ـ بنکەی ژین ـ سلێمانی ٤ـ دەزگای سپیرێز ـ دهۆك ٥ـ کتێبخانا بەدرخانیا ـ دهۆك ٦ـ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ٧ـ بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری‌و هونەری دهۆك ٨ـ پرۆژەی پەیکەرسازیی کوردستان.

پێویستە بگوترێ پروفیسۆر دوکتور کەمال مەزهەر کە سەرۆکی لێژنەی باڵای فستیڤاڵ بوو، نەیتوانیبوو ئامادەی فستیڤاڵەکە بێ. هەربۆیە لەسەر داوای ئەو بەڕێزە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وتاری سەرۆکی لێژنەی باڵای لە کۆتایی فستیڤاڵدا خوێندەوە.

بەشدارانی فستیڤاڵی دووهەمی بەدرخان لەسەر کۆمەڵێك خاڵ پێیان داگرت کە لە ڕاگەیاندنی کۆتایی دووهەمین فستیڤاڵی بەدرخان دا هاتوون. (ئەم بەشە لە ڕاگەیاندنەکە لە دوا لاپەڕەی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا هەیە.)

بەمجۆرە فستیڤاڵ سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی هێناو بەشداران بە کۆمەڵێك بیرەوەریی خۆش‌و ناخۆش ماڵاواییان لە شاری دهۆکی دەلال کرد.

بۆ نووسینی ئەم ڕیپۆرتاژە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١ـ یادداشتەکانی نووسەری ڕیپۆرتاژ لە ماوەی کۆڕو کۆبوونەوەکانی فستیڤاڵدا
٢ـ گۆڤاری "ڕۆژنامەنووس" ژمارە ٤
٣ـ حەوتوونامەی "بەدرخان" ژمارە ٥٦

# ناسیونالیزمی مەدەنی، یان گەڵاڵەیەك بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد؟

سەرکاو

بەشی سێزدەهەم

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرجەم ڕاگەیەندراو، نامەو ڕوونکردنەوەکانی خۆی لە دۆر ڕەوشی سەرەتای شۆڕش، داکۆکیی لە کۆمەڵێك پرەنسیپی وەك بە ڕەسمیناسینی شوناسە جیاوازەکان، یەکسانیی هەموان لە بەرامبەر قانوون، ئازادییە دێموکراتیکەکان، ئازادیی بیروبۆچوون، هەڵبژێران و هەڵبژاردن و دابەشکردنی عادیلانەی دەسەڵات کردوە کە لەڕاستیدا بە بەردی بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی، واتە کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ، فرە حیزب، فرە شوناس و فرە کولتوور، دەژمێردرێن**

## ١ـ قانوونیکردنی ئیقتیدارگەری لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە

لە هاوپێچی ڕاگەیەندراوێکدا کە لەمەڕ چاوپێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٥٨/١/١٥) لەگەڵ مێهدیی بازرگاندا بڵاو کرایەوە، بۆ تێگەیشتنی هەرچی باشتری خومەینی لە ویستە نەتەوایەتییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، ئاماژە بە فۆرمی "فیدراتیو" وەك سیستمێکی هەمەلایەنەتر کراوە، ـ گەرچی پێشنیارکردنی مۆدیلێکی ئەوتۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لە ئێراندا لە لایەن حیزبەوە بۆ کۆتایی چلەکان دەگەڕێتەوە ـ ئەمەش بۆخۆی نیشانەی خوێندنەوەی وردی دەستوداری کۆمەڵی ئێران فرەنەتەوەیە. لە هاوپێچی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە کە: "لەبەر بوونی چەند گەلی زۆرلێکراو لە ئێراندا، فۆرمی "فیدراتیو" ڕێگاچارەیەکی هەمەلایەنەتر لە قەڵەم دەدرێ."[1] بە داخەوە پێوەندیی بەردەوامو ڕاستەوخۆی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لەگەڵ خومەینیو مێهدیی بازرگاندا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی سیاسی بۆ ئەم کێشەیە، هیچ وەڵامێکی ڕوونی لەلایەن ڕێبەرانی ڕێژیمەوە پێ نەدرایەوەو ئەم بێ هەڵوێستیو خۆدزینەوە بە ئەنقەستەی خومەینیو کاربەدەستانی دەوڵەتی کاتی وای لە ڕێبەرانی بزاڤی کوردیو خەڵکی کوردستان کرد کە زۆر وشیارانە لەو هەلومەرجەی ئەوکاتدا بجووڵێنەوەو بەشداریی لە ڕیفراندۆمی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ٥٨دا نەکەنو دەنگ بە ڕێژیمێك نەدەن کە هیچ چەشنە ڕوانگەیەکی ڕوونی سەبارەت بە ویستە نەتەوەییو دێموکراتیکەکانی نەتەوەکانی ئێران نەبووو داوای بزووتنەوەی کوردی بۆ گونجاندنی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە قانوونی بنچینەییدا پشتگوێ خستبوو.

کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای دژکردەوەی جۆراوجۆری کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر مافو ئازادییە دێموکراتیکەکانی نەتەوەکانی ئێرانو یەك لەوان نەتەوەی کورددا، دیسانەکە هەر لەسەر گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لە ڕێگای دیالۆگو سیاسییەوە بەردەوام بووو بەشێوەی جیاجیا ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری کێشەکانو چەسپاندنی داواکارییەکانی خۆی دەردەبڕی. بەڵام بە پێچەوانەی هەوڵو تێکۆشانی ڕێبەریی حیزب، کاربەدەستانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا زۆر کەمتەرخەمو بێ متمانە بوونو تێکڕای سیاسەتو بەرنامەکانیان لە پێناوی حاشاکردن لە دۆزی نەتەوایەتیدا بوون.

## ٢ـ بۆچوونی حیزب سەبارەت بە ڕەشنووسی قانوونی بنچینەیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دۆر ڕەشنووسی قانوونی بنچینەیی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە: "ئەسڵە داڕێژراوەکانی قانوونی بنچینەیی دەبێ لە ئەنجومەنێك بەناوی "ئەنجومەنی دامەزرێنان"دا تاوتوێ بکرێن. ئەگەر نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ئێران، لە ئەنجومەنێکی ئەوتۆدا "ئەنجومەنی دامەزرێنان" کۆ نەبنەوە، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە قانوونێکی بنچینەیی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجو حەوجەدارییەکانی کۆمەڵگای شۆڕشگێڕی ئێران، بێتە کایەوە."[2] هەروەك پێشتر باس کران کە سەرانی کۆماری ئیسلامی باوەڕیان بە چارەسەری دۆزی میللی لە ئێراندا نەبوو، هەر بۆیە، نوێنەرانی ڕاستەقینەی گەلانی ئێرانیان لە داڕشتنی ئەو قانوونەدا بەشدار نەکرد. ئەوەش بۆخۆی نێوەرۆکی ناواقیعبینانە، نازانستیو ئیدئۆلۆژیکی سیستمەکەیانی بە ڕوونی دەرخست. چونکە لەڕاستیدا ڕێبەرانی ڕێژیم پێیان وابوو کە بە بازدان بەسەر ویستە نەتەوەیییەکانی نەتەوەکانی ئێراندا، بۆ هەتا هەتایە دەتوانن خەیاڵی خۆیان لەم پێوەندییەدا ئاسوودە بکەنو تەنیا ئەو شوناسە گرووپیو فیرقەیییە بەڕەسمی بناسن کە دەسەڵاتو هێز بە تەواوی لە دەستی واندا کۆ دەکاتەوەو گۆیا دەبێتە شوناسێکی گشتی. واتە لە یەکەم هەنگاودا دەتوانن تەواوی شوناسەکانی دیکە بسڕنەوە، شوناسی خۆیان وەك هەقیقەتێکی ڕەها بەسەر شوناسەکانی دیکەدا بسەپێننو پیرۆزی بکەن، ئا بەمجۆرە ئەگەر هەرکام لە نەتەوەکانی ئێران هەوڵی بەڕەسمیناسینو پشتبەستن بە شوناسی خۆی دا، بە پەنابردنە بەر داری تەکفیر ئەو مافە ڕەوایەی لێ بسەنرێتەوەو بە توندی سەرکوت بکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو باوەڕەدا بوو کە: "لە ڕەشنووسی قانوونی بنچینەییدا کۆمەڵێك دژایەتیو پارادۆکسیش دەبینرێن کە نێوەرۆكو مانای ئەسڵی ٢و ٥ لەگەڵ ئەسڵەکانی ١٣و ٧٦ لەو گرنگترینیانن. ئەسڵی دووهەم هەرچەشنە باڵادەستیخوازییەك ڕەت دەکاتەوەو ئەسڵی پێنجەمیش یەکسانیی تەواوی نێوان گەلانی ئێرانی ڕاگەیاندوە، بەڵام لە ئەسڵی سێزدەهەمدا کە مەزهەبی ڕەسمیی ئێرانی بە مەزهەبیجەعفەریو لە ئەسڵی ٧٦دا کە مەرجی "موسڵمانبوون"ی بۆسەرکۆمار داناوە، بە کردەکی مەزهەبی جەعفەری بە بەرزتر لە مەزهەبە سوونییەکانی دیکە سەیر کراوەو کەمایەتییە ئێرانییەکان ڕێگای بوونە سەرکۆمارییان لێ گیراوەو ئەمەش لەگەڵ دەقی هەر دوو ئەسڵی ٢و ٥دا بە تەواوی ناتەبایە. دیسانەکە ئەم هاودژییە لە ئەسڵی ١٠٦شیشدا دەبینین کە کەسانی نەموسڵمان هەرچەند خودان تایبەتمەندی مرۆڤی، فەزیلەت لێوەشاوەیی بن، ڕێگەیان نیە ببنە سەروەزیر سەرکۆمار و بە پێچەوانەی نێوەرۆکی ئەسڵگەلی ٢و ٥، کەسانی نەموسڵمانی هاوشانی موسڵمانان دانەناوەو..."[3] و هەروەها ئەو ڕوونکردنەوانەی کە لە ئەسڵەکانی ٢٤و ٢٥و٢٦و ٢٧ لەسەر ئازادییە دێموکراتیکەکان نووسراون، بۆخۆی بە جۆرێك لە بەرتەسککردنەوەی ئازادی دادەنرێو لەگەڵ بنەماکانی ئازادیو ئەسڵەکانی دێموکراسیو بنیاتەکانی شۆڕشدا ناتەبایە. گەڕانو پشکنینو گوێگرتن لە پێوەندییە تەلەفۆنییەکان، بەهەر شێوەیەكو لە لایەن هەر کەسێکەوە چ هەقیقیو چ حقووقی، دەبێ قەدەغە بکرێ."[4] زێدەباری ئەم کێماسییانە، گرنگترین کێماسیی گەڵاڵەی پێشنیارکراوی قانوونی بنچینەیی لە ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە، "بێ بەریبوونی گەلانی ئێرانە لە مافی خودموختاری، لە هیچکام لە ئەسڵو ڕستەکانی ئەم قانوونەدا، زاراوەی خودموختاری وەبەرچاو ناکەوێ. یەکێك لە پێداویستییەکانی شۆڕشی ئێرانو دێموکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێراندا ئەوەیە کە مافی سروشتو ڕەوای گەلانی ئێران، بە شێوەی "خودموختاری" یان "فیدراتیو" دانی پێدابنرێ. قانوونی بنچینەیی دەبێ کۆتایی بە هەر چەشنە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی کە بەرووی ڕێژیمی نگریسی پەهلەوییە، بێنێو مافە نەتەوایەتییەکانی ئەم گەلە چەوساوانە بەڕەسمی بناسێ. بەڕەسمیناسینی خودموختاریو... دێموکراسی لە ئێراندا گەرەنتی دەکا".[5]

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرجەم ڕاگەیەندراو، نامەو ڕوونکردنەوەکانی خۆی لە دۆر ڕەوشی سەرەتای شۆڕش، داکۆکیی لە کۆمەڵێك پرەنسیپی وەك بە ڕەسمیناسینی شوناسە جیاوازەکان، یەکسانیی هەموان لە بەرامبەر قانوون، ئازادییە دێموکراتیکەکان، ئازادیی بیروبۆچوون، هەڵبژێرانو هەڵبژاردنو دابەشکردنی عادیلانەی دەسەڵات کردوە کە لەڕاستیدا بە بەردی بناغەی کۆمەڵگای مەدەنی، واتە کۆمەڵگایەکی فرەڕەنگ، فرە حیزب، فرە شوناسو فرە کولتوور، دەژمێردرێن. جا بۆیە ئەگەر ئێمە بین ئەو پرەنسیپانەی کە ناسیۆنالیزمی کوردی پێی لەسەر داگرتون، بە زمانی سیاسیی ئەمڕۆ شیبیان بکەینەوە، دەبینین کە بزاڤی کوردی لە سایەی ئەزموونی سیاسیی خۆیەوە، چەندە خوێندنەوەیەکی دووربینانەی بۆ کێشەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران هەبووەو چۆن بە وشیارییەکی قووڵەوە ئەو مەترسییانەی دەستنیشان کردون کە پایەکانی کۆمەڵگا بنکوڵ دەکەنو شیرازەکەی لێم دەپچڕێنن. و ئێستا کە بە ڕوونی دەبینین کە ئەو کریزەی کە داوێنی ئێرانو وڵاتانی وەك وی گرتۆتەوە، لەچیڕا سەرچاوەی گرتوە.

سەرچاوەکان:

١ـ تلاش در راه تفاهم. ل ٤٥
٢ـ تلاش در راه تفاهم. ل ٤٧
٣ـ تلاش در راه تفاهم. ل ٥٧
٤ـ تلاش در راه تفاهم. ل ٦٠
٥ـ تلاش در راه تفاهم. ل ٦٢

# ١٢ی بانەمەڕ، ڕۆژی ڕێزگرتن لە "معلم"





هەموو ساڵێك لە ئێرانو لە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕدا، لە ڕۆڵو کاریگەریی توێژی مامۆستا لە ئێراندا ڕێز دەگیرێو یادی هەوڵو تێکۆشانیان بۆ پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی ئەو ئاوو خاکە بەرز دەنرخێنرێ. حاشا لەوە ناکرێ کە یەکێك لە پێوانەو میعارەکانی هەڵسەنگاندنی ڕادەی پێشکەوتوویی هەر وڵاتێك خوێندەواریو پلەی زانیاریی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. ئەمڕۆ لە جیهاندا سیستمی فێرکردنو پەروەردە وەك سەنعەت چاوی لێ دەکرێ، بەرهەمی ئەو سەنعەتەش ئەو مرۆڤانەن کە بۆ هەڵسووڕاندنی چەرخی کاروباری وڵاتێك پەروەردە دەکرێن، موهەندیسانو کرێکارە دەست ڕەنگینەکانیش مامۆستاکانن.

جێگەی خۆی بوو کە ڕێزگرتن لە ڕۆڵو پێگەی مامۆستا لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا بوایە، بەو حاڵەش دیاریکردنی ڕۆژێك لە ساڵدا بۆ ئەو مەبەستە تایبەتییە، بۆخۆی دەبێ بە چاوی ڕێزەوە سەیری بکرێ، بەڵام بۆ ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ بۆ ئەو یادە دیاری کراوە؟ ئەو ڕۆژە چ پێوەندییەکی لەگەڵ ڕۆژی "معلم"دا هەیە؟

لە ساڵنامەکانی سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ئاوا نووسراوە: "شهادت استاد مطهری، روز معلم". لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە لەبەر ئەوەی ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ ئایەتوڵڵا موتەهەری ئاخوندو مامۆستای زانکۆی تاران لەو ڕۆژەو لە ساڵی ١٣٥٨دا تیرۆر کراوە، بەو بۆنەوە ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژی "معلم" دیاری کراوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە نیە. ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی سەرکەوتنی خۆپیشاندانی مامۆستایانی ئێران لە شاری تاران لەبەر دەرکی مەجلیسی شوورای میللی لە ساڵی ١٣٤٠دا بوو. لەو ڕۆژەدا پۆلیسی شا تەقەی لە خۆپیشاندەران کردو مامۆستایەك بەناوی خانعەلی کوژار. خۆپیشاندانی مامۆستاکانو تەقەلێکردنیانو پشتیوانیی خەڵك لە خۆپیشاندەران دەنگدانەوەی زۆری لە ئێراندا هەبوو، بۆیە دوو کەس لە نوێنەرانی مەجلیسی شوورای میللیی ئەوکات بەناوی "خلعتبریو بهبهانی" دەوڵەتی شەریف ئیمامییان بەهۆی پشتگوێخستنی کێشەی مامۆستایان (فرهنگیان) "استیضاح" کرد. شەریف ئیمامی سەرۆك وەزیران لە کاتی وەڵامدانەوەدا لەگەڵ چەند نوێنەری مەجلیس بوو بە دەمەقاڵەیو لە ئاکامدا سەرۆکی مەجلیسی ناوبراوی لە پشتی تریبوونی مەجلیس کێشایە خوارێ، ئەویش دەستکێشانەوەی خۆیو دەوڵەتەکەی بە شا ڕاگەیاندو لە جێگەی ناوبراو دوکتور عەلی ئەمینی بۆ هێورکردنەوەی وەزعەکە کرا بە مەئمووری پێکهێنانی کابینە.

دەوڵەتی ئەمینی داخوازیی مامۆستایانی بۆ زیادکردنی مووچەی مانگانەیان پەسندکردو ڕێبەری خۆپیشاندەرانو لەڕاستیدا نوێنەری مامۆستاکان بوو بە وەزیری پەروەردەو فێرکردن، کە ئەو کات بەناوی وەزیری فەرهەنگ دەناسرا. بەو بۆنەوە بوو کە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ ڕۆژی ئەو سەرکەوتنە وەك ڕۆژی "معلم" ناسراو تا چەند ساڵ پاش ئەو ڕووداوە، هەموو ساڵێ لەو ڕۆژەدا ڕێز لە مامۆستایان دەگیرا. بەڵام ڕێژیمی "شا"ش بۆ ئەوەی ڕۆژی مامۆستایان وەبیرهێنەرەوەی خەباتو تێکۆشانی ئەوان نەبێو شکستو پاشەکشەی پێوە دیار نەبێ، ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر، ڕۆژی جێژنی سەدەی ئێرانییەکانیانی وەك ڕۆژی "معلم" دیاری کردوە. پێویستە ئەوەش زیاد بکرێ کە پێش ڕووداوی ١٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٤٠، ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر وەك ڕۆژی "معلم" دەستنیشان کرابوو، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، جارێکی دیکە مامۆستایان لە یەکەم بەهاری ئازادیدا بۆ زیندووکردنەوەی بیرەوەریی خەباتو تێکۆشانو سەرکەوتنیان، لە جیاتی ١٦ی ڕەزبەر، هەمان ١٢ی بانەمەڕیان وەك ڕۆژی "معلم" دەستنیشان کردوە، بەڵام بە ڕێکەوت لەو ڕۆژەدا ئایەتوڵڵا موتەهەری لە زانکۆی تاران تیرۆر کراو ڕێژیم ئەو دەرفەتەی قۆزتەوەو بۆ پاککردنەوەی بیرەوەریی مێژوویی مامۆستایانو لاوانی وڵاتو زەقکردنەوەی کوژرانی ئایەتوڵڵا موتەهەریو چەواشەکردنی خەڵك وای نیشان دا، بۆیە ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ بۆتە ڕۆژی مامۆستا، چونکە لەو ڕۆژەدا موتەهەری وەك مامۆستایەکی زانکۆ کوژراوە، هەرچەند پێشینەی مێژوویی ئەو ڕۆژە کە دەگەڕێتەوە بۆ ١٨ ساڵ پێش ئەو ڕێکەوتە.

ئێستا ڕێژیم لە ڕاستیدا ڕۆژی "معلم"ی کردوە بە ڕۆژی یادکردنەوە لە کوژرانی موتەهەریو باس لە کەسایەتیی مەزهەبیو زانستیی ناوبراو. هۆیەکی دیکەی زەقکردنەوەی ناوی موتەهەری لەو ڕۆژەدا کەمبایەخکردنی ماهییەتی خەباتکارانەی ڕابردووی مامۆستایانو پڕڕەنگ کردنەوەی رووکاری ئایینییە، دەنا موتەهەری لە ڕێگای دیفاع لە مافی مامۆستایان تیرۆر نەکرا. ئەوە "خانعەلی" بوو کە گیانی خۆی لە ڕێگای داخوازیی هاوکارەکانیدا بەخشی.

ڕێژیم تەنیا لەوە ڕازی نەبوو ڕۆژەکەیان کە وەبیرهێنەرەوەی خەباتو تێکۆشانو ڕژانی خوێنی مامۆستایان بوو، لە بیرەوەریی مێژوویی بسڕێتەوە، بەڵکوو بە هەزاران مامۆستای شۆڕشگێڕو خەباتکاری بە تاوانی پێشەنگی لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی ١٣٥٧داو دیفاع لە دەسکەوتەکانی شۆڕش بەدەست جەللادەکانی، ئەشکەنجەو ئیعدام کردو بە هەزاران مامۆستای شۆڕشگێڕی لە ئێران بەگشتیو لە کوردستان بەتایبەتی لە ژێر ناوی پاکسازیدا لەسەر کار وەلاناو بێکاری کردنو ڕەنجی دەیان ساڵەیانی بەفیڕۆ دا. ئێستاش دوای ٢٦ ساڵ کە بەسەر شۆڕشو بەسەر ئەو پاکسازییە نەنگینەدا تێدەپەڕێ، ئەو مامۆستایانە کە لەسەر کار بەناحەق لابراون، دەستیان لە خەباتی خۆیان بۆ گێڕانەوەیان بۆسەر کاری پیرۆزی مامۆستایەتی هەڵنەگرتوە. هەرچەند بەشێك لەوانە بەهۆی چوونەسەری تەمەنیان یا لە دنیا دەرچوون یا توانای جەستەییان لەدەست داوە، بەو حاڵەش ئەوانەی وا لە ژیاندا ماون، بۆ وەدیهێنانی مافی پێشێلکراویان هەوڵ دەدەن.

خستنەڕێی شەپۆلی دەرکردنو ڕاونانو زیندانیو ئیعدامو پاکسازیی مامۆستایان، بە بیانووی "شۆڕشی فەرهەنگی" بەتایبەت لە زانکۆکان، خەسارەتێکی قەرەبوونەکراوەی لە پەیکەرەی سیستمی ئامووزشی وڵات داو پلەی زانیاریی خوێندکاریی وڵاتی هێنایە خوارو ڕێگەی کردەوە بۆ داڕشتنی بەرنامەی بە مەکتەبیکردنی زانکۆکان کە بە خۆشییەوە لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بوو، نە تەنیا ڕێژیم بە مەبەستی خۆی نەگەیشت، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی بەهێزی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئێراندا کەوتە ڕێ کە خەباتو تێکۆشانی بەدژی دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی کردوەتە ئامانجو دروشمی خۆی.

دوای ٤٤ ساڵ بەسەر خۆپیشاندانی مامۆستایان لە سەردەمی ڕێژیمی شادا، ئێستاش مامۆستایان لەژێر باری گرانیو کەمبوونی مووچەی مانگانەدا دەناڵێننو بۆ ڕاپەڕاندنی باری گرانیی ژیانیان ناچارن ڕوو لە پیشەیەکی دیکەش بکەن بۆ ئەوەی بتوانن قەرەبووی کەموکوڕیی ژیانیان بکەنەوە. مامۆستایان ئەو کاتانەی کە دەبوو بۆ بردنەسەری پلەی زانستیی خۆیان تەرخان کردبان، بە ناچاری بۆ پەیداکردنی بژیویی ماڵو منداڵیان داناون. لە ئاکامدا ئەو مەسەلە کاریگەریی لەسەر هاتنەخواری پلەی فێربوونو فێرکردنی مامۆستایان داناوەو دادەنێو بە زیانی کۆمەڵگا شکاوەتەوە.

چ لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوودا و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، بە بیانووی ئەوە کە ژمارەی مامۆستایان لە وڵاتدا زۆرەو دەوڵەت ناتوانێ بوودجەی پێویست بۆ ئەو مەبەستە دابین بکا، لە ئاکامدا مووچەی مانگانەی مامۆستایان بە نیسبەت کارمەندەکانی دیکەی دەوڵەت کەمتر لە نەزەر گیراوە،بۆیە ئێستاش کێشەی سەرەکیی مامۆستایان خراپیی وەزعی ژیانیانە.

سروشتییە، ئەو کاتە مامۆستایەك دەتوانێ بە دروستی ئەرکی سەرشانی خۆی بە نیسبەت قوتابییانو خوێندکارانی وڵات بەڕێوە بەرێ کە ژیانی مادیی دابین کرابێ.

لە ڕۆژی مامۆستا "معلم"دا جارێکی دیکە پیرۆزباییان لێ دەکەینو ڕێز بۆ ئەرکو ماندووبوونو بۆ خەباتو تێکۆشانیان لە ڕێگای پەروەردەکردنی منداڵانو لاوانی وڵاتدا دادەنێین.

✻ ✻ ✻

# رووناکبیرو دەسەلات

## بەشی سێهەم: شێوەکانی پێوەندیی رووناکبیرو دەسەلات

رامبود لوتفپووری

لە ژمارەی پێشوودا باسی چۆنیەتی بەشداریو رۆلی رووناکبیرانمان کرد لە سیاسیەت داو گوتمان کە رووناکبیری لە خۆیدا کێشەیەکی سیاسی یەو رووناکبیرانیش مرۆڤی سیاسین، بەلام وەك لە ناو وتارەکەرا دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە شیکردنەوەی شێوەکانی پێوەندی رووناکبیرو دەسەلاتە.

گیانی رەخنەگرانەی رووناکبیران و دەرەوەستبوونیان بە کێشە سیاسییەکانەوە، دەبێتە هۆی بەرەورووبوونەوەیان لەگەل دەسەلات و ململانێییان لەگەل دەسەلاتداراندا. رووناکبیران لە باری ئارایی سیاسیو کۆمەلایەتی نارازینو بە دارشتنی تێۆریو پراکتیزەکردنی لە هەولی پێکهێنانی گۆرانکاریو چاکسازی دان، ئامانجێکی ئەوتۆ ناچاریان دەکا بکەونە کێشە لەگەل دەسەلاتی سیاسیدا چونکە ئەوە دەسەلاتی سیاسییە کە دەتوانێ زەخت بخاتە سەر کۆمەلگاو گۆرانکاری لە باری ئاراییو رەوشی کۆمەلگاو تاکەکانیدا پێك بێنێ. بەلام شێوازی بەشداریو بەرەورووبوونەوەی رووناکبیران لە دەسەلاتدا راستەوخۆ پێوەندی بە پێناسەیان لە خۆیانو ئەرکەکانیانو هەروەها بۆچوونیان لەمەر بەشداری سیاسیدا هەیە. بۆیە وەك چۆن هەلۆیستەکانیان لەمەر بەشداریی سیاسیدا هاوچەشن نین، بە یەك شێوەی دیاریکراویش بەرەورووی دەسەلاتی سیاسی نابنەوە.

شێوەکانی پێوەندیی رووناکبیران بە دەسەلاتەوە:

**١- رووناکبیرانی پاشکۆی دەسەلات:**

ئەم رووناکبیرانە راستەوخۆ لە دەسەلات دان نین بەلکوو هەلپەرستانەو بۆ بەرژەوەندی تاکەکەسییان لە دەسەلات نزیك دەبنەوەو بە دەسەلاتداراندا هەلدەلێن، رازاندنەوەی دەسەلات و پاساودانەوەی سیاسەتەکانی ئەرکی سەرەکیی ئەم رووناکبیرانەیە، زۆرتر خەریکی چەواشەکردنی راستییەکانو بیانووهێنانەوەو داپۆشینی کەموکورییەکانی دەسەلاتن، بە پێداگرتن لە سەر هەندێك لە خالە ئەرێنییەکانی دەسەلات (کە زۆرتر ساختەیی و ناراستیشن) هەولی دوورخستنەوەی سەرنجو بیروڕای گشتی لە خالە نەرێنییەکانیو چەواشەکردنی راستییەکان دەدەن، بۆ وێنە بە جێگای رەخنەگرتن لە سەرەرۆیی دەسەلاتدارانو نەبوونی پەرەگرتوویی سیاسیو ئابووری، باسی بەهێزیی ولاتو بوونی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن. ئەگەرچی دەسەلاتدارانیش لە مەبەستی هەلپەرستانەی ئەم رووناکبیرانە ئاگادارن، بەلام بۆ فریودانی خەلك و

**بەگشتی رووناکبیری ئۆرگانیك ئەگەر لە دەسەلات نزیکتر بێتەوە بەناچار دەبێتە پاساوەدەرو رەواییبەخشی سیاسەتەکانی دەسەلاتو چەواشەکەری راستییەکان، ئەگەرچی بەباشی لە راستییەکان تێ دەگا بەلام، ناتوانێ یا ناوێرێ باسیان بکا، بۆیە دەبێتە بۆیاخچیی هزرە دوگمو سواوەکانو بەرگی نوێ بەبەرکۆندا دەکا**

پاساوی سیاسەتەکانیان تا هەر کاتێك کە پێویستیان پێیان هەبێو قسەو پاساوەکانیان لە لایەن خەلکەوە وەربگیردرێن رایاندەگرن.

**٢- رووناکبیرانی دژ بە دەسەلات:**

ئەم رووناکبیرانە دژ بە هەرچەشنە بەشدارییەکی راستەوخۆ لە دەسەلات دان. بەلام، سەبارەت بە کێشە سیاسیو کۆمەلایەتییەکانیش بێ هەلۆیست نینو رەخنەگرانە چاوەدێری دەسەلات دەکەن، ناکۆکی لەگەل دەسەلاتو رەشبینی بەرامبەر بە دەسەلاتداران لای ئەم رووناکبیرانە بنەمایەکی سەرەکییە. بەردەوام رۆلی ئۆپوزیسیۆن دەگێرنو لە باری ئارایی نارازین. ناکۆکیو دژایەتییان لەگەل دەسەلاتو رەخنەو پەردەلادانیان لە سەر سیاسەتە چەوتو نهێنییەکانی دەسەلاتداران، ناخۆشەویستی لای دەسەلاتی کردونو بە تایبەت لە دەسەلاتە ئۆتۆریتەخوازو نادیمۆکراتیکەکاندا لە ژێر هەرەشەو مەترسیی سەرکوت دان. هەندێك جار لەبەر ئەوەی کە لە رەخنەگرتنو گۆرانخوازیدا راستییەکانی کۆمەلگاو دەسەلات لەبەرچاو ناگرنو سنووری ریالیزمی سیاسیو کۆمەلایەتی دەبەزێنن، تووشی بۆچوونی دەرهەست دەبنو بە ئایدیالیست ناوزەد دەکرێن. بلاڤۆکە ئازادو رێکخراوە ناحکومیو خوێندکارییەکان تریبوونی سەرەکیی ئەم رووناکبیرانەن.

**٣- رووناکبیرانی پرد:**

زۆر جار رووناکبیران راستەوخۆ دێنە نێو دەسەلاتو بەشداریی کێشەکانی دەکەن، ئەم رووناکبیرانە کە بە رووناکبیری ئۆرگانیك دەناسرێن لەسەر ئەو بروایەن کە بۆچاکسازیی کۆمەلایەتیو سیاسی تەنیا دەنگی نارەزایەتی هەلبرینو رەخنەگرتن بەس نیە بەلکوو پێویستە راستەوخۆ بێنە ناو دەسەلاتو بە شێوەیەکی پراکتیك هەولی چاکسازی بدەن.

ئەم رووناکبیرانە هەولی لێك تێگەیشتنو کەمکردنەوەی مەودای خەلكو دەسەلات دەدەن، لە لایەك رەخنەگری باری ئاراییو ئەو دەسەلاتەن کە تێیدا بەشدارن لە لایەکی دیکەشەوە خۆشیان لە مەر کێشەکان دا بەرپرسیار دەزانن و راستەوخۆو بەکردەوە هەولی چاکسازیو گۆران دەدەن.

هەلۆیستی رووناکبیرانی ئورگانیك بە پێی رادەی نزیکایەتییان لە خەلك یا دەسەلات جیاوازە، هێندێك جار لە خەلك نزیکتر دەبنەوەو دەبن بە پردێك بۆ گەیاندنی دەنگی خەلك بە گوێی دەسەلاتو بە رەخنەگرتن لە دەسەلاتو سیاسەتەکانی، ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیی دەسەلات پێك دێنن، هەر بەم هۆیەش زۆربەی کات لەلایەن دەسەلاتدارانەوە رێگایەکی ئەوتۆیان پێ نادرێو دەخرێنە ژێر زەختو چاوەدێرییەوە. بەلام هەندێك جاریش زۆرتر لە دەسەلات نزیك دەبنەوەو هەلپەرستانە بۆ وەرگرتنی قانو پلەی سیاسی هەولی فریودانی خەلكو پاساوی سیاسەتەکانی دەسەلات دەدەن، لێرەدایە کە رووناکبیری ئۆرگانیك دەبێتە کۆیلەو زۆرنازەنی دەسەلاتو دەسەلاتیش وەك پالەوانی کۆرو کۆبوونەوەکان کەلکی لێوەردەگرێ. ئەم رووناکبیرە لە هەولی بە پیرۆزکردنی رێبەرانو سەرکردە سیاسییەکان دایە، ئەگەر ئەمرۆ لەگەل رێبەرێکی شۆرشگێرەو پێداهەلبێژیەتی سبەینێ هەمان شێواز بۆ بەرپرسانی بوروکراسی بەکار دێنێ. باسی دیموکراسی دەکا بەلام، هەلسوکەوتی فالانژانەیە. جیاوازی لەلای ئەو واتە دژایەتیو دژایەتیش تاوانو خەیانەتە، بە پێی خواستی دەسەلاتو بەرژەوەندی خۆی هەلۆیست دەگرێ، بۆ وێنە ئەگەر پێویست بێ بە جێگەی نیشتمانپەروەریو نەتەوەخوازی، پەرە بە عەشیرەگەریو ناوچەگەری دەدا. رۆژێك کۆتری ئاشتییەو لایەنگری یەکیەتی رۆژێکیش فوو بە شەیپووری جەنگو جیاییدا دەکا. رۆژێك بانگەشەی سوسیالیزم دەکاو رۆژێکیش لە تەپلی سەرمایەداری دەدا. بەگشتی رووناکبیری ئۆرگانیك ئەگەر لە دەسەلات نزیکتر بێتەوە بەناچار دەبێتە پاساوەدەرو رەواییبەخشی سیاسەتەکانی دەسەلاتو چەواشەکەری راستییەکان، ئەگەرچی بەباشی لە راستییەکان تێ دەگا بەلام، ناتوانێ یا ناوێرێ باسیان بکا، بۆیە دەبێتە بۆیاخچیی هزرە دوگمو سواوەکانو بەرگی نوێ بەبەرکۆندا دەکا. سەرکەوتنی کاتی ئەم رووناکبیرانە لە درێژخایەندا دەسەلات تووشی رزینو قەیرانی رەوایی دەکا.

**رووناکبیری دەسەلاتخواز خۆی ئیدئۆلۆگە، ئاکادیمییەکی ئاشنا بە تیۆرو زانستە سیاسیو کۆمەلایەتییە نوێیەکانە، چونکە راستەوخۆ دەسەلاتی بە دەستەوەیەو دەتوانێ سەرچاوەی گۆرانکاریی گەورەو خێرا بێ. ئەم رووناکبیرە چون خۆی لە کۆتی هەرچەشنە بیروباوەرێکی کۆنو داخراو رزگار کردوە، زۆر بە ئاسانی هێلە سوورو پیرۆزەکان دەبەزێنێو بەردەوام بۆ گۆرانی کۆمەلایەتیو پێشخستنی کۆمەلگا خاوەنی پرۆژەو داهێنانە**

**٤- رووناکبیرانی دەسەلاتخواز:**

هەندێك بیریاری وەك "کانت" یا جان ئیستوارت میل" لەسەر ئەو بروایەن کە دەسەلات دەبێ بە دەست رووناکبیرانەوە بێ، واتە دەسەلاتی رووناکبیریان قبوولە نەك رووناکبیری دەسەلات، یا بلێین دەسەلاتی زانا نە زانای دەسەلات.

رووناکبیری دەسەلاتخواز خۆی ئیدئۆلۆگە، ئاکادیمییەکی ئاشنا بە تیۆرو زانستە سیاسیو کۆمەلایەتییە نوێیەکانە، چونکە راستەوخۆ دەسەلاتی بە دەستەوەیەو دەتوانێ سەرچاوەی گۆرانکاریی گەورەو خێرا بێ. ئەم رووناکبیرە چون خۆی لە کۆتی هەرچەشنە بیروباوەرێکی کۆنو داخراو رزگار کردوە، زۆر بە ئاسانی هێلە سوورو پیرۆزەکان دەبەزێنێو بەردەوام بۆ گۆرانی کۆمەلایەتیو پێشخستنی کۆمەلگا خاوەنی پرۆژەو داهێنانە.

ئەگەرچی کانت گوتەنی بە دەسەلات گەیشتنی رووناکبیران دەرباز بوونی خەلك لە زەلیلیو چووکەیی لێ دەکەوێتەوە، بەلام بە پێی تایبەتمەندیی زاتی دەسەلات رەنگە جاروبار دەسەلاتی رووناکبیریش لە رێبازو مەبەستە سەرەکییەکانی خۆی دوور کەوێتەوە بەرەو دەسەلاتپەرستیو پاوانخوازی، بە تایبەت لە کاتێك دا کە بنچینەکانی دیموکراسی لاوازو ناسەقامگرتوو بن. ❊

---

## راپۆرتی کۆبوونەوەی ئاڤریلی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال" لە شاری لەندەن

دەستەی راپەرێنەری "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال" لە رێکەوتی ٢٣ی ئاڤریلی ٢٠٠٥ (٣ی بانەمەری ١٣٨٤)، کۆبوونەوەی خۆی لە لەندەن پێك هێناو ئەم بریارانەی خوارەوەی پەسەند کرد:

١- سەرەتا کۆنگرە پرسی عەرەبی ناوچەی ئەهوازی تاوتوێ کردو پشتیوانیی بێئەملاوئەولای خۆی لە بزاڤی نەتەوەی عەرەب دژی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە پاکتاوی نەتەوەیی لە ناوچەی ئەهوازو سرینەوەی شوناسی نەتەوایەتیی ئەوان دەربری.

٢- کۆنگرە دوای باس لەسەر رەشنووسی ئەساسنامە، بە پەسندی گەیاندو بریار درا لەمەودوا ببێتە پایەی کارەکان بۆ بەرەوپێشچوونی بەرنامەکانی خۆی

٣- وتەبێژو جێگرەکانی "کۆنگرە" هەلبژێردران

٤- شوێنی کاتیی دەبیرخانەی "کۆنگرە" دیاری کرا

٥- "کۆنگرە" بریاری دا کە سایتی ئینتێرنێتی تایبەتی خۆی دامەزرێنێ بۆ وەرێخستنی راگەیەنەکانی دیکەش هەنگاوگەلێ بهاوێژێ

٦- هەروەها "کۆنگرە" هەلسەنگاندنێکی سەرەتایی لە "بوودجە"و "هەزینەجاری"یەکانی خۆی کرد

٧- پاش تاوتوێکردنی پرسی ئەندامانی نوێ، ئەندامەتیی سێ کەسی رەت کردەوەو ئەندامەتیی دووانی دیکەی بەستەوە بە تاوتوێکردنو کۆکردنەوەی زانیاریی زیاترو، دوو کاندیدای ئەندامیش بە کۆی دەنگ بە ئەندام وەرگیران کە بریتی بوون لە:

١- بەرەی یەکگرتووی ئازەربایجان
٢- ناوەندی فەرهەنگیی ئازەربایجان

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال
٨ی بانەمەری ١٣٨٤ (٢٧ی ئاڤریلی ٢٠٠٥)

**١- بەرەی یەگرتووی بەلووچستان**
**٢- بزاڤی فیدرال دێموکراتی ئازەربایجان**
**٣- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٤- حیزبی خەلکی بەلووچستان**
**٥- حیزبی هاوپێوەندیی دێموکراتیکی ئەهواز**
**٦- رێکخراوی داکۆکی لە مافەکانی گەلی تورکمەن**
**٧- کۆمەلە - رێکخراوی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

---

## خوێندکارانی کورد:
## لە هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێراندا بەشداری ناکەین

ئامادەکردنی: هاوار

لە کۆبوونەوەیەك دا لە ژێر ناوی "رەخنەیەك لەسەر ریفۆرمخوازانی کورد" کە بە بەشداریی خوێندکاران و کۆمەلێکی زۆر لە رووناکبیرانو رۆژنامەوانانو . .رۆژی دووشەممە (٨٤/١/٢٧) لە زانکۆی کوردستان لە سنە بەرێوەچوو، خوێندکارانی کورد هاودەنگ لەگەل یەکتر هەلبژاردنی سەرۆك کۆمارییان لە ئێران تەحریم کرد. لەم کۆرەدا خوێندکارانی کوردو چەند کەسێك لە ئامادەبووان بە تیشك خستنەسەر ئەوەیکە لە دارشتنی یاسای بنەرەتی ئێراندا هیچ پرسیارێك لە کورد نەکراوەو لە ماوەی ئەم چەند سالەدا کورد بەردەوام لە پرۆسە جۆربەجۆرەکاندا لە پەراوێزدا بووەو بە دەیانو سەدان جار کە لە نێوخۆوە کەوتۆتە بەر پەلامارو هەروەها کاربەدەستانی بالای ئێران هیچ کاتێ بەلێنەکانی خۆیانیان نەبردۆتە سەر، گوتیان: بە ئاماژە بەوەیکە ئێستەش ئەو کەسانەی کە دەم لە ریفۆرمخوازی ئەدەنو ناوبانگیان بە ریفۆرمخوازانی کورد هەیە رابردوویەکی رەشیان لە نێو خەلكدا بووەو هەیەو هەر ئەمانە لە پرۆسەی قەتلە زەنجیرییەکانداو قەلاچۆکردنی رووناکبیرانو چالاکانی کورددا دەستێکی بالایان هەبوو و ئێستەش نامەکانی ئەوکاتەیان وەکوو بەلگەیەك باس لە واقیعیبوونی ئەو کردەوانە دەکاو لەبەردەستدان قەت ناتوانین داهاتوویەکی باشو لەبار لە ئێران دا بۆ کورد رەچاو بکەینو بێگومان هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری ٢٧ی جۆزەردانی ئەمسالیش هەروەکوو جارانەو گەر ئێستەش پالێوراوەکانی سەرۆك کۆماری باسێك لە کورد دەکەن لەبەر دەنگدانەو لە خولەکانی پێشتریش دا ئەم باسو بابەتانەمان بیستوەو ئیتر فریوی دروشمە قەبەکان ناخۆین، مافی خۆمان دیاری دەکەین.

لەم کۆرەدا کە سەیدهاشم هیدایەتیو دوکتور محەممەدعەلی تەوفیقی بە نوێنەرایەتی لە لایەن ریفۆرمخوازانی کوردەوە وەلامی پرسیارەکانیان ئەدایەوە، سەرەتا هەریەك کورتەیەکیان سەبارەت بە ئامانجەکانی خۆیانو هەلبژاردنی سەرۆك کۆماریی ئێران باس کردو بەشداریکردنیان لە هەلبژاردندا بە ئەرکێکی شەرعی زانیو هەلۆیستی خۆیانیان راگەیاندو وتیان: "ئێمە باوەرمان بە کارکردنو جوولانەوەیەك هەیە کە لە چوارچێوەی یاسای بنەرەتیی ئێراندا بێو لەم پێناوەدا نامانەوێ بە هیچ جۆرێك لابدەینو هەرچەشنە کردەوەیەك دژ بە کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین".

ئەوان لە درێژەدا ئاماژەیان بەوە کرد کە بریارنامەیەکیان دەرکردووەو ١٥ خالی لەخۆی گرتووەو لەم رێبازەدا هەرکام لە پالێوراوەکان دان بە جێبەجێکردنی ئەم ١٥ خالە لە داهاتووی ئێران دا بنێن، ئەمان لایەنگری لێدەکەن.

هەر لەم پێوەندییە خوێندکارێك ئەم پرسیارەی کرد کە ئایا چ دەستەبەربوونێك لە هەمبەر ئەوەدا هەیە کە ئەم پالێورانە ئەم ١٥ خالە لەبەرچاو بگرن؟ سەید هاشمی هیدایەتی لەم بارەوە بەمجۆرە بۆچوونی خۆی دەربریو وتی: "ئێمە لەگەل مستەفا موعین، مەهدی کەرووبیو ئیبراهیمی یەزدیدا دانیشتنمان هەبووەو هەروەها بە هاشمیی رەفسەنجانیشمان گوتوە کە دانیشتنمان ببێ، بەلام بەداخەوە رەتی کردۆتەوەو دانی پێیان نەناوەو ئەگەر هەرکام لەم پالێوراوانە بەلێنی ئەوە نەدەن کە ئەم ١٥ خالە جێبەجێ بکەن ئێمە پالێوراوی سەربەخۆی خۆمان رادەگەیەنین".

هەروەها دوکتور تەوفیقی لەم بابەتەوە وتی: "خۆ چەکی پارەی بانکی نیە تاکوو لەم پێناوەدا دەستەبەربوونێك بێ".

لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا یەکێك لە ئامادەبووان لە رەخنەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کرد کە دوکتور تەوفێقی لە هەمبەر تیرۆرکردنی باوکیدا (سالی ٦٩ی هەتاوی) ٧ کەسی بێتاوانی بە حوکمی دەولەت لەسێدارە داوە، چۆن دەبێ بۆ یەك کەس ٧ کەس لەناو بچن؟ جەنابت سەرەتا پێویستە بنەمالەی ئەو شەهیدانە رازی بکەی ئەوجا باس لە ریفۆرمخوازی بکەی.

هەروەها ئەم کەسە لە درێژەی پرسیارەکانیدا وتی: ئاغای هیدایەتی هەولتان بۆ قەلاچۆکردنی رۆشنبیرانو تیرۆرکردنیان داوەو لە قەتلە زەنجیرەییەکان دا دەستتان هەبووەو ئێستا نامەکانتان لە مەکتەبی قورئان دایە، چۆن دەم لە ریفۆرمخوازی ئەدەنو داوای مافی کورد دەکەنو ئەتانەوێت سەربکەون؟

لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا "عەلی ئەشرەفی" یەکێکیتر لە ریفۆرمخوازانی کورد، وێرای دەربرینی راوبۆچوونی خۆی وتی: "گەر یەکێك لەم پالێوراوانە ئەم ١٥ داواکارییەی ئێمە لەبەرچاو نەگرن، هەلبژاردن تەحریم دەکەین".

❊❊❊

## دیداری نوێنەرانی حیزب لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئوسترالیا

سەرلەبەیانیی رۆژی هەینی، ٢٠٠٥/٤/٢٩، هاوڕێیان محەممەد هاشمی‌و زاهید کەریمی چاویان کەوت بە "بەڕێز بروس سۆر" (Bruce Soar)، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئوسترالیا. لە دیدارەکەدا سەرەتا بە کورتی لەسەر بارودۆخی کورد بەگشتی‌و کوردستانی ئێران بەتایبەتی ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. پاشان باس لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و وەزعییەتی ئێران بەگشتی، سیستمی ویلایەتیی فقیە، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ‌و هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆك کۆماریی ئێران کرا‌و دوابەدوای ئەوەش لەسەر ویست‌و داخوازی‌یەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و خەباتی چەندین ساڵەی بۆ وەدیهێنانی دێموکراسی‌و گەیشتن بە مافەکانی لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵ‌دا‌و پێکهاتنی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ"و هەنووکەیی‌بوونی پشتیوانیی وڵاتانی رۆژئاوایی بە ئوسترالیاشەوە لە پشتگیریکردنی هێزە دێموکراتیکەکانی ئێران دا بەگشتی‌و بەتایبەتی پشتگیری لە خەباتی رەوای گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەوەرەکانی دیکەی باسەکەی پێك هێنا. شایانی باسە کە بەڕێز بروس سۆر، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو دیدارە، ئاماژەی بە شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی لە ئاڵمان کردو پاشانیش بەڵێنی‌دا کە بەڕێز وەزیری دەرەوە لەسەر گفتگۆکان ئاگادار دەکاتەوەو داواکاریشی ئەوە بوو کە ئەم پەیوەندییانە بەردەوام هەبن‌و بەهێز بکرێن. هاوڕێیانی حیزبیش سوپاسی بەڕێزیان‌و وەزارەتی دەرەوەیان کرد کە ئەو دەرفەتەیان رەخساند تا بتوانن راستەوخۆ لە رێگای وەزارەتی دەرەوە کێشەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە گوێی دەوڵەتیی ئوسترالیا بگەیەنن.

# چالاکیی نوێنەرایەتی‌یەکانی حیزب لە ئورووپا

### بە بۆنەی رۆژی جیهانیی کرێکارەوە رێوڕەسمێك بە بەشداری کومیتەی حیزب‌و چەند رێکخراوی ئێرانی‌و کوردستانی‌و ئوتریشی لە وڵاتی ئوتریش پێك هات

رێکەوتی ٢٠٠٥/٥/١، بە بۆنەی ١ی مای "رۆژی جیهانیی کرێکار"ەوە، کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوتریش، لەگەڵ حیزب‌و رێکخراوە ئێرانی‌و کوردستانی‌و ئوتریشی‌یەکان‌و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی ئوتریش، بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ کرێکاران، زەحمەتکێشان‌و نەتەوەکانی لە ماف بێبەش کراوی جیهان‌و پشتیوانی لە داخوازی‌یەکانی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان‌و نەتەوەکانی ئێران، بەتایبەت کوردو پشتیگیری لە خەباتی وان بۆ ئازادی‌و دێموکراسی‌و بۆ رێزگرتن لە رۆژی جیهانیی کرێکار، رێپێوانێك‌و جەژنێکیان پێك هێنا.

لە رێوڕەسمەکەدا کاك "کەیومەرس شاسواری"، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئوتریش، لەگەڵ رێکخراوە سیاسی‌یەکانی ئێرانیی بەشدار لەسەر سیاسەت‌و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و هەلومەرجی ئێستای ئێران‌و پێویستی پێوەندی‌و هاریکاری هێزە دێموکرات‌و ئازادیخوازەکانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی دوان. هەروەها سەرەڕای خوشحاڵی هەموولا لەو چاوپێکەوتنە، بڕیار درا کە لە داهاتوودا چاوپێکەوتن‌و وتووێژی زۆرتر پێك بهێنن.

### بەڕێوەچوونی سمینارێك لەسەر رەوشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوچەی لیلسترۆم ـ نۆروێژ

رێکەوتی ٢٠٠٥/٤/٢٣ی زایینی، لە لایەن کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە ناوچەی لیلسترۆمی نۆروێژدا، سمینارێك بۆ بەڕێز کاك عەزیز ئەلیاسی، سەبارەت بە بارودۆخی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە بەشداریی کۆمەڵێك لە ئەندامانی حیزب پێك هات.

سمینارەکە سەرەتا بە راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کردو پاشان کاك قادر رەسوولی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە ناوچەی لیلسترۆم بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد.

دواتر کاك عەزیز ئەلیاسی بابەتەکەی خۆی پێشکەش کردو لە کۆتاییش دا وەڵامی پرسیاری بەشداربووان درایەوە.

### بەشداری چالاکانەی ئەندامانی حیزب لە رێوڕەسمی رۆژی کرێکارانی جیهان لە نۆروێژ

رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٢٠٠٥/٥/١ی زایینی، بە بۆنەی رۆژی هاوپێوەندیی کرێکارانەوە، رێوڕەسمێکی بەشکۆ پێك هات.

لەو رێوڕەسمەدا، کومیتەی حیزبیش، شان بە شانی هێزە هاوپەیمانە ئێرانی‌یەکان لە "یەکیەتیی کردەوە"دا، واتە "راه کارگر"و رێکخراوی "اتحاد فدائیان" بەشداری چالاکانەی کرد.

سەعاتی ٩ی سەرلەبەیانیی ١ی مای، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیان‌و ئەندامانی "یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران"و "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، وەك هەموو خەڵکی دیکەو هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی‌یە ئێرانی‌یەکانیش بۆ بەشداریکردن لەو رێوڕەسمەدا، لە "مەیدانی کرێکار"ی شاری ئۆسلۆ کۆبوونەوە.

لە ماوەی کاری کۆبوونەوەکەدا وتاری کومیتەی بەڕێوەبەریی رێوڕەسمەکە بڵاو کرایەوە کە لەودا تیشك خرابووە سەر مەسەلە گرنگەکانی ئێستای جیهان‌و کۆمەڵگای نۆروێژ‌و باس لەوە کرابوو کە کۆمەڵگای نۆروێژ پێویستی بە خەباتێکی بەرین بۆ دژایەتی لەگەڵ بێ‌عەداڵەتی‌و بێکاری‌و راسیزم‌و چڕکردنەوەی دێموکراسی‌و گۆڕانکاری لە دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی بایەخە ئینسانی‌یەکان هەیە. سەندیکا کرێکاری‌یەکانی نۆروێژ‌و هێزە سیاسی‌یە چەپەکانی نۆروێژ لە وتارەکانیاندا لەسەر ئەوە هاوئاهەنگ بوون کە رەوتی ئاشتی‌و دێموکراسی دەبێ سەرتاسەری دنیا بگرێتەوەو مافەکانی کەمایەتی‌یەکان بەگشتی‌و مافە ئینسانی‌یەکان لە هەموو دنیا دەستەبەر بکرێن. باشترکردنی ئاستی ژیان، دابینکردنی وەزعییەتیی باشتر بۆ پیرەکان، کەمئەندامەکان، بێکارەکان‌و هێنانەخواری سەعاتەکانی کارکردن‌و بردنەسەری ئاسایش‌و ئاسوودەیی بۆ کرێکاران بەتایبەتی‌و خەڵك بەگشتی لەو بابەتانە بوون کە بە شێوەیەکی گشتی باسیان لێ‌کرا.

هەر لەو شوێنەدا کومیتەی حیزب وتارێکی بەو بۆنەوە بە زمانی نۆروێژی ئامادە کردبوو کە لە تیراژێکی بەریندا لە نێو ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا بڵاو کرایەوە. دواتر هاوڕێیانی حیزبی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ هێزە ئێرانی‌یەکان‌و حزبی کاری نۆروێژدا، چوونە نێو ریزی دەستەکانی بەشدار لە رێوڕەسمەکەداو بە شەقامە سەرەکی‌یەکانی شارو بە بەردەگای پارلمانی نۆروێژدا، بە دروشمەو پلاکادری تایبەتی‌یەوە تێ‌پەڕین.

شایانی باسە کە ئەو رێوڕەسمە نزیکەی ٣ سەعاتی خایاند کە کومیتەی حیزب لە ناوچەی ئۆسلۆ بەشداری چالاکانەی خۆی نواند.

# یەکی مانگی مای رۆژی جیهانی کرێکار

ناسر ساڵحی‌ئەسڵ

رۆژی (١)ی مانگی مای ساڵی ١٨٨٦ کرێکارانی شارەکانی شیکاگۆو میلواکیی ئامریکا بە مەبەستی بردنەسەری هەق دەستەکانیان‌و کەمکردنەوەی ماوەی کاری رۆژانەیان بۆ هەشت سەعات‌و هەروەها نارەزایەتی دەربڕین لە هەلومەرجی تاقەت پرووکێنی کار لە کارگەکان‌و کارخانەکان دا دەستیان بە رێپێوانێکی ئارام کرد. بەڵام رێپێوانی کرێکارەکان بە هێرشی چەکدارانەی پۆلیس خەڵتانی خوێن کرا. تێکهەڵچوونی نێوان پۆلیس‌و کرێکاران بووە هۆی کوژران‌و برینداربوونی دەیان کرێکارو ژمارەیەکیش لە رێبەرانی کرێکاران قۆڵبەست کران.

دوای ماوەیەك ئەنترناسیۆنال سوسیالیست لە دانیشتنێکی دا لە شاری پاریس ئەو رۆژەی وەك رۆژی جیهانیی کرێکاران دیاری کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا کرێکارانی جیهان هەموو ساڵێ رێز لەو رۆژە دەگرن. جووڵانەوە مەزنە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و سیاسی‌یەکان جیا لە داخوازی‌و مەبەستە کورتخایەنەکان بە مەبەستی خولقاندنی ئەنگیزەو دیاریکردنی رێباز، پێویستیان بە ئامانجی درێژخایەن هەیە. بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەتی کە کۆتایی بە نیزامی کۆیلەداری هێناو هەروەها بزووتنەوەی سەدەی نۆزدەهەم بۆ هەشت سەعات کار لە رۆژدا، بزووتنەوەی وەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنان لە بەرەبەری سەدەی بیستەم، بزووتنەوەی مافی مەدەنی، بزووتنەوی خوێندکاری‌و پەرەدان بە پەروەردەیی کۆمەڵایەتی تێکڕایان ئامانجی درێژخایەنیان بوو کە ئاسۆی داخوازی‌یەکانی ئەوانی دیاری دەکرد لە راستی‌دا بزووتنەوەی کرێکاری خوازیاری دابەش کردنی سەرلەنوێی سەروەت لە ئاستێکی بەربڵاوو گشتگیردا بوو. بزووتنەوەی کرێکاری بە روونی بە مەبەستی دابینکردنی مافی کرێکاران‌و کەڵك وەرگرتن لە یاسای کاری پێشکەوتووو دێموکراتیك کە لەودا کرێکاران بتوانن لە بیمەی بێکاری، پەککەوتوویی، زیانی رووداوەکانی کار، پاکوخاوێنی شوێنی کار، پارێزراوبوونی شوێنی کار، خاوەن بەش بوون لە قازانجەکانی کارو... تێ‌دەکۆشێ. لە ئامانجەکانی دیکەی ئەو بزووتنەوەیە دەتوانین ئاماژە بە پێکهێنانی هاوسەنگی‌و هەماهەنگیی نێوان رادەی کارو حەق دەستی کرێکاران، پێکهێنانی کاری هەمیشەیی بۆ ئەوان، چوونەسەری رێژەی داهاتی تەرخان کراو بۆ کاروباری فەرهەنگی‌و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی میکانیزمی دادپەروەرانەی ماڵیاتی بەسەر داهاتەکان‌و هەنگاوگەلێکی لەم شێوەیە ئاماژە بکەین.

بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران قۆناغێکی دژوار تێپەڕ دەکا، سەرەڕای هەموو فشارەکانی کۆماری ئیسلامی‌و ئایین نامەکانی دژ بە کرێکاران، دیسانەکەش بزووتنەوەی کرێکاری ئاکتیڤ‌و چالاکە. لە چەند ساڵی رابردوودا رێژیمی کۆماری ئیسلامی لێبڕاوانە بۆ لەنێوبردنی بزووتنەوەی کرێکاری‌و بێ ناسنامە کردنی کرێکاری لە بەرنامەی کاری خۆی‌دا داناوە، هەر لەو پێوەندی‌یەدا دەتوانین بە دابەشکردنی عادڵانەی توانا ئینسانی‌یەکان لە کارگاکان‌و کارخانەکان‌و دامودەزگا دەوڵەتی‌یەکان، نەبوونی هیچ چەشنە ئەمنییەتێکی پیشەیی، لابردنی سوبسیدی کەلوپەلی پێویستی رۆژانەی کرێکاران‌و زەحمەتکێشان، دروستکردنی بازاڕێکی کاری هەرزان بۆ سەرمایەداران‌و دەیان خاڵی دیکە ئاماژە بکەین، کە هەموویان لە سیاسەتە دژەکرێکاری‌یەکانی رێژیمی ئێرانن. بۆ وێنە چاپەمەنی‌یەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی وەك رۆژنامەی "حیات نو" دان بەوەدا دەنێن کە لە ئێرانی ئەمڕۆدا ساڵانە سێ‌سەدهەزار پیشە سازدەبێ. ئەوە لە حاڵێك دایە کە لانی کەم ساڵانە هەشت سەد هەزار توانای کاری نوێ بە مەبەستی دیتنەوەی کار دێنە بازاڕی کارەوە بێ ئەوەی بتوانن کارێکی بەردەوام‌و باش وەدەست بێنن. رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەڵوێستێکی دژە کرێکارانەی دا دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران‌و عێراق دەستی کرد بە لابردنی سوبسید لەسەر شتومەکی پێویستی خەڵك بە تایبەت چینی کرێکار. کارخانەو کارگە دەوڵەتی‌یەکانی بە دەست‌و پێوەندەکانی خۆی فرۆشت‌و کرێکارەکانی لەسەر بنەمای گەڵاڵەی کەمکردنەوەی هیزی ئینسانی دەرکرد.

رێژیمی دەسەڵاتدار بەسەر ئێراندا لە هەنگاوێکی دژەکرێکارانەی دیکەدا کارگەکانی کەمتر لە پێنج کەس‌و کرێکارانی فەرشچنی لە مافە کاری‌یەکان بێبەش کرد. ئەوە لە حاڵێك دایە کە زۆربەی کرێکارانی ژن لەو کارگەیانەدا خەریکی کارن‌و بەم شێوەیە بووە هۆی هەژاریی ئەوان‌و تەنانەت بێ‌بەش بوونیان لەو مەزایایەی لە یاسای ناتەواوی کاردا هاتون. لە ماوەی نزیك بە ٢٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی‌دا دروستبوونی هەرچەشنە رێکخراوێکی راستەقینەی کرێکاری‌و سینفی لە کارگە پیشەیی‌یە گەورەکان قەدەغە کراو تەنیا شوورا ئیسلاشمی‌یەکانی بەستراوە بە دەسەڵات مافی چالاکییان هەبوو. هەروەها کرێکارانی کارخانەکان‌و کارگەکانی ژێری ٣٥ کەس، پەیمانکارو قۆنتەراتچی بوون‌و مافی پێکهێنانی هەرچەشنە رێکخراوێکیان لێ‌ئەستێنراوەتەوە.

رێژیم بە دانانی یاسای خانەنشینکردنی زۆرەملی‌و بەکرێ‌گرتنەوەی کرێکارانی کارگە پیشەیی‌یە گەورەکان وەك "نەوت‌و گاز"و بانگهێشتن کردنەوەی سەرلەنوێی ئەو کرێکارانە وەك کرێکاری پەیمانکارو کۆنتەراتچی هەنگاوێکی دیکەی بۆ تالانکردن‌و رووتاندنەوەی کرێکاران هەڵهێناوە.

بەڵام بارودۆخی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانی کوردستان زۆر دڵتەزێن‌ترە، چونکە لە کوردستان بە هۆی نەبوونی کارخانەو کارگەی گەورە زۆربەی کرێکاران بۆ شارە پیشەیی‌یەکان کۆچ دەکەن، کرێکارانی کورد لە دوو لاوە دەچەوسێندرێنەوە، هەم لە رووی مافە پیشەیی‌و چینایەتی‌یەکانیان‌و هەم لە باری نەتەوەیی‌یەوە.

بە سەرنجدان بەوە کە کرێکارانی کورد پسپۆڕ نین‌و زۆرتر وەرزین، ناچارن بۆ دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی ژیانیان هەموو ساڵێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان بڕۆنە شارەکانی دەرەوەی کوردستان بۆ کارکردن‌و ئەویش کاری تاقەت پڕوکێنی کورەخانەکان کە لە وەرزە کاری‌یەکەی‌دا بەردەوام ١٧ ساعەتی شەووڕۆژ کار دەکەن.

بەبێ‌ئەوەی مافی بیمەی دەرمانی‌و پێداویستی‌یە سەرەکی‌یەکانی وەك ئاوی‌خواردنەوەی پاك‌و ئەمنییەتی پیشەیی بیانگرێتەوە. ساڵانە هەزاران منداڵ‌و مێرمنداڵی کورد بە هۆی هەژاری‌و دەستکورتی‌یەوە واز لە خوێندن دێنن‌و دەچنە نێو کرێکارانی ناپسپۆڕ. کەم‌وزۆری حەقدەستی کرێکارانی کورەخانەکان لە لایەن خاوەنکارو ئیدارەی کاری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دیاری دەکرێ.



کرێکارانی ئێران‌و کوردستان کاتێك دەتوانن بە ئامانج‌و ویستە رەواکانی خۆیان بگەن کە نیزامێکی دێموکراتیك‌و بەدوور لە هەڵاواردنی جینسی، مەزهەبی، میللی‌و... لە ئێراندا بێتە سەرکارو رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوورە لەو تایبەتمەندییانە برووخێ.

یەکی مانگی مای رۆژی نێونەتەوەیی کرێکاران بە هەموو کرێکارانی ئێران بەتایبەت کرێکارانی کوردستان پیرۆزبایی دەڵێین‌و تا وەدیهاتنی ئامانجەکانیان لە پەنایان دەمێنینەوە.

❊❊❊

# ٣ی بانەمەڕ، ڕۆژی یەکیەتی و برایەتیی نێوان کوردو ئازەری

هەژیر
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ناسر فەتحی

لە مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پەیمان‌و ڕێکەوتن نامەگەلێکی زۆر، لە پێوەندی لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو مافی بڕیاردانی چارەنووس‌و هاوکارییەکانی نێوان وڵاتان‌و میللەتان‌و... بەستراوە کە تەواوی ئەم جۆرە ڕێکەوتننامانە بە جۆرێك لە جۆرەکان لەسەر داهاتووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کاریگەرییان بووە.

بەڵام ئەگەر هەرکات نوێنەرانی دوو حکوومەت‌و میللەتی دراوسێ‌و هاوسنوور بە پێشینەی بە یەکەوەژیانی سەدان ساڵەوەو بە مەیل‌و خواستی خۆیان بێنە سەر مێزی وتووێژو پرۆتۆکۆلێکی دوو مەبەستە کە گەرەنتی بێ بۆ چارەسەری زۆربەی گێرەو کێشەکانی نێوانیان‌و هەروەها ڕێزێك بێ بۆ بنەما دروستەکانی دراوسێیەتی، ئیمزا بکەن‌و لەسەر چارەسەریی ململانێ‌و ناکۆکییەکان لە ڕێگای دیپلۆماتیکەوە پێ داگرن، زیاتر گرنگیی ئەم مەقوولەیەمان بۆ دەردەکەوێ. ئەم باسە کاتێك زۆرتر سەرنج ڕادەکێشێ کە ببینین ٥٩ ساڵ لەمەوپێش دوو میللەت کە تەنیا چەند مانگێك دوور لە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی دەستیان کردوە بە دامەزراندنی حکوومەتی ناوچەیی‌و خۆیان دەسکەوتی زۆریان وەدەست هێناوەو پێشتریش هەردوو میللەت بەهۆی دەسەڵاتی ناوەندییەوە لەگەڵ ڕۆژەڕەشی‌و مەینەتی بەرەوڕووبوون‌و هێندێك جاریش سەرکردەکانی حکوومەتی ناوەندی بە پشتبەستن بە دەستەواژەی "ئاژاوە بنێوەو حکوومەت بکە" پیلانیان بۆ دادەڕشتن‌و هەوڵ دەدرا کێشەو ناکۆکی لە نێوان دوو میللەتی کوردو ئازەریدا ساز بکەن، ئیمزا کراوە. بەڵام، ئەم جارەیان ئەوان بە پێچەوانەوە یەك دەگرن‌و ڕووبەڕووی حکوومەتی ناوەندی دەبنەوەو هەڵوێستی وەك یەکیان هەیە.

نابێ لە بیرمان بچێ کە دوو کۆماری کوردستان‌و ئازەربایجان سەرەڕای هەبوونی زۆر خاڵ‌و ڕوانگەی هاوچەشن لە زۆر بواری جۆراوجۆردا بە یەکەوە ناکۆکییان هەبوو. بۆ وێنە پێکهاتەی ئەو دوو کۆمارەو حیزبەکانیان لە یەك نەدەچوو" حکوومەتی میللی ئازەربایجان‌و فێرقەی دێموکرات بیروباوەڕی کۆمۆنیستییان هەبووەو دەیانهەویست بە جۆرێك یاساو ڕێسای نیزامی سۆڤییەت لە ئازەربایجان دابەزێنن. بەڵام دەسەڵاتی کۆماری کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای دێموکراتیك‌و میللی دامەزرابوو. ئازەرییەکان خوازیاری ئەوە بوون کۆماری کوردستان لە ژێر چاوەدێریی حکوومەتی میللی ئازەربایجاندا بێ‌و لە نەهایەتدا بچێتە ژێر ڕکێفی ئەو حکوومەتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان خوازیاری ئەوە بوون کە هەروەك ئازەرییەکان خودموختارو سەربەخۆ بن‌و ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە پێوەندیدا بن. لە هەمووی گرنگتر کێشەی سنووری هاوبەشی نێوانیان بوو کە تەنانەت بووە هۆی هێندێك شەڕو پێکدادان لە نێوان ئەو دوو کۆمارە نوێ‌و ساوایەدا. تێگەیشتنی سەرکردەکانی فێرقەی دێموکرات ئەوە بوو کە شارەکان‌و ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ هەروەك میاندواو، ورمێ، سەلماس، خۆی‌و ماکۆ بەهۆی ئەوە کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو شارانە ئازەرین، دەبێ بخرێنە سەر ئازەربایجان. بەڵام کوردەکان‌و بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان ئاوایان بەڵگە دێناوە کە لەگەڵ ئەوە کە کۆی دانیشتوانی کورد لەو شارانەدا زۆرن، زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی دەوروبەری ئەم شارانەش کوردن‌و سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ناوچانە لە رووی ئیدارییەوە، سەر بە ویلایەتی ئازەربایجان بوون، بەڵام بە درێژایی مێژوو موڵکی کوردو سەر بە کورد بووە. گەرچی دوو حکوومەتی ئاماژەپێکراو بۆ چارەسەری ئەم کێشەو ناکۆکییانە دانیشتنگەلێکی زۆریان بە ناوبژیوانیی کونسولگەریی سۆڤییەت لە ورمێ پێك هێناو ئاکامێکی سەرکەوتووانەیان لێ نەکەوتەوە. بەڵام هەر کە سەرکردەکانی ئەو دوو دەسەڵاتە زانییان کە یەکیەتیی سۆڤیەت هێزەکانی خۆی ئەو پەڕەکەی تا بیستەمی بانەمەڕی ١٣٢٥ ـ ١٠ی مای ١٩٤٦ی زایینی ـ لە ئێران دەباتە دەرێ [شایانی باسە ئەم وڵاتە تاقانە پشتیوانی دەرەکیی دوو حکوومەتی ئاماژەپێکراو بووو گۆڕینی کوتوپڕی ستراتیژیی سۆڤییەتیش بەهۆی وەدەستهێنانی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوور لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە بوو]و هەروەها هەڕەشە بەردەوامەکان‌و پیلانەکانی حکوومەتی ناوەندی دژی ئەو دوو حکوومەتە ساوایەو گرنگیی پتەوکردن‌و بەردەوامی پێوەندیی دۆستانەی نێوانیان هاندانی تا لە ڕۆژی ٣ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی (٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ی زایینی) پەیمانی یەکیەتی‌و برایەتی لە شاری تەورێز لە حەوت ماددەدا ئیمزا بکەن.

نێوەرۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیە بەکورتی ئاماژەی کردوە بە: گرنگیی هەبوونی نوێنەرانی ڕەسمی لە خاکی یەکتردا، چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ناوچەی کێشە لەسەر، پێکهێنانی کۆمیسیۆنی هاوبەشی ئابووری، پشتیوانیی نیزامی‌و لۆژیستیکی لە یەکترو هاوڕابوونی دوو حکوومەتەکە لە وتووێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی‌و سزادانی کەسانێك کە خەریکی دووبەرەکی دروستکردن‌و تێکدانی پێوەندیی مێژوویی دوو میللەتی کوردو ئازەری بوون.

لە پێشەکیی ئەم ڕێکەوتننامەیەدا گرنگیی یەکیەتیی دوو میللەتی کوردو ئازەری بە ڕوونی دیارەو هەروەها ڕێکەوتنێك بە هەنگاوێکی گرنگ لە پێناوی پووچەڵکردنەوەی پیلان‌و ئاژاوەی دەڵاڵانی سیاسی دژ بەو دوو حکوومەتە دەتوانێ دابنرێ."چونکە میللەتی ئازەربایجان‌و کوردستان هەموو کاتێك لە قازانج‌و زیاندا پێکەوە شەریك بوون‌و لە عەینی حاڵیشدا تا ئێستا بەدەست ئیستیعمارو ئیستیلاجوویانەوە بۆ ئەو دوو میللەتە بە یەك ئەندازە فشار لەتمە وارید کراوە. میللەتی ئازەربایجان بۆ ڕزگاریی تەواوی دانیشتوانی ئێران لە ژێر ئیستبدادو دیکتاتۆری هەوڵی داوە. هەروەها میللەتی کوردیش لە ڕێگای ئازادیدا فیداکارییەکی زۆری کردوەو قوربانییەکی بێئەژماریشی داوە، بەڵام فیتنەو دەسیسەی دەڵاڵەکانی سیاسیی ئیستیعمار بۆتە سەبەب‌و بەرهەڵستی نەگەیشتنی ئەم دوو میللەتە بە ئاواتەکانی خۆیان‌و... ئەم دوو میللەتە شانبەشانی یەك بەربەرەکانێیان دەست پێکردو ئاڵای بەڕاستی دێموکراسی‌و ئازادییان بڵێند کردو لەبەر ئەوەی ئەو دوو میللەتە برایانە نەك هەر بۆ جێکردنەوەی ئازادیی خۆیان، بەڵکوو بۆ دامەزراندنی ئازادی لە سەرتاسەری ئێران بۆ هەموو وەختێکی دەستیان داوەتە دەستی یەکدی."(*)

بەرپرسان، نووسەران‌و ڕۆژنامەوانانی ئەو کاتیش بە هەند گرتنێکی تایبەتییەوە پێشوازییان لەو ڕێکەوتننامەیە کردو شێعرو وتاری سیاسیی زۆریان لە بڵاوکراوەکانی ئەوکاتدا بڵاو کردەوەو ئەوەیان بە دەسکەوتێکی مێژوویی‌و مەزن بۆ هەردوو میللەت لە قەڵەم دا. لەڕاستیدا ئەو ڕێکەوتننامەیە گرنگییەکی مێژوویی زۆری هەبوو" سەرەڕای ئەوە کە ئەو ڕێکەوتننامەیە ناکۆکییە سەرەکییەکانی بە بێ چارەسەری بەجێ هێشتبوو، بەڵام نیشاندەری یەکیەتی‌و یەکگرتوویی کۆماری کوردستان‌و کۆماری میللی ئازەربایجان بووو نوێنەرانی هەردوولا دوای چەند مانگ ناکۆکی‌و گێرو کێشە بەڵێنیان دا کە لە گۆڕەپانی سیاسی‌و نیزامیدا بەتایبەت لە بەرامبەر پیلانەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا هەڵوێستی هاوچەشنیان هەبێ.

ڕوونە کە بەستن‌و ئیمزاکردنی وەها ڕێکەوتننامەیەك دژایەتی‌و تووڕەیی حکوومەتی ناوەندیی لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەو ڕێکەوتننامەیە نە تەنیا ئەو دوو حکوومەتە ناوچەییەی بەهێز دەکردو چارەنووسی ئەوانی بە یەکەوە دەبەستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، لایەنەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەش ئەوەیان وەك دوو حکوومەت ئیمزا کردبوو. هەر بۆیە "قوام السلطنە"و گوێ لە مستەکانی بە خێرایی هاتن‌و دەستبەکار بوون بۆ ئەوەی ناکۆکی‌و کەلێن بخەنە نێو دوو حکوومەتی دراوسێوەو بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش لەلایەك دەیانهەویست ناکۆکییەکانی نێوان دوو حکوومەت، کێشە سنوورییەکان، کێشەی شارە جۆراوجۆرەکان‌و... پەرە پێ بدەن، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەوڵی پێکهاتنێکی بەدرۆدا بوون لەگەڵ هەردوو حکوومەتەکە. وەك ئەو ڕێکەوتننامەیە کە لە تاران بەبێ ئاگاداریی بەڕێوەبەرانی کۆماری کوردستان لەگەڵ سەرکردەکانی کۆماری میللی ئازەربایجان ئیمزا کرد.

ئێستا کە ٥٩ ساڵ بەسەر ئیمزاکردنی ئەو ڕێکەوتننامە مێژووییەدا تێدەپەڕێ، گرنگیی پێکهێنانی هاوپێوەندی‌و بەرەی هاوبەش نە تەنیا لەنێو دوو میللەتی کوردو ئازەریدا، بەڵکوو لە نێو تەواوی ئەو میللەتانەی کە لە ژێر زوڵم‌و ستەم دان، هەست پێ دەکرێ.

بەو هیوایە کە نوێنەرانی ڕاستەقینەی ئەم نەتەوانە بە وریایی‌و تێگەیشتوویی تەواوو لێکدانەوەی بارودۆخی ئێستای ئێران‌و جیهان، لە دەوری ستراتیژییەکی هاوبەش کە گەرەنتیی وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکانی تەواوی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران بێ، لە دەوری کۆ ببنەوەو بە خۆشییەوە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هەنگاوێکی گرنگ بوو لەم پێناوەدا.

**(*) حکوومەتی کوردستان، نەوشیروان مستەفا، ل ٢١٥و ٢١٤**

## درێژەی لاپەڕەی ٢، وتووێژی بەڕێز کاك حەسەن ڕەستگار

نەیارو کەسانی دژی ئەو سیستەمەو حکوومەتەش بتوانن خۆیان ڕێك بخەن‌و کاندیدای خۆیان هەبێ. کەوابوو دەسنیشان کرانی کاندیداکان تەنیا ل ەنێوخۆی سیستم دایەو ئەویش بەو شێوەی کە خۆمان دەیزانین. سەبارەت بە ئۆپوزیسیۆنیش دەبێ بە چەند لادا دابەش بکرێن. دەستەیەك ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێرانە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن کە ئەوان لە مێژە تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ئەو ڕێژیمە ڕوون کردۆتەوەو لە مەجلیسی حەوتەم‌و لەوە بە دواوە بە هەموو شێوەیەك "نا"یان بە ڕێژیم گوتووەو دەریان خستوە کە ئەو ڕێژیمەیان قبووڵ نیەو بۆ ئەو هەڵبژاردنەش بە باوەڕی من توندتر لە جاران ئەو "نا"یە بە ڕێژیم دەڵێنەوە. ئەوان تەکلیفی خۆیان لەگەڵ ڕێژیم ڕوون کردۆتەوەو هەڵبژاردنەکەشیان تەحریم کردوە.

دەمێنێتەوە ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەر. هەموو ئەو لایەنانەو بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بەوە نەبووە کە ئەو هەڵبژاردنانە ئاکامێکی بۆ گەلانی ئێران لێدەکەوێتەوە، باوەڕی بەوە نەبووە کە ئەو هەڵبژاردنانە بتوانن چاوگەی هیچ چەشنە گۆڕانێك بە قازانجی نەتەوەکانی ئێران بن‌و کەسانی دیکەش بەوشێوەیە بیریان کردۆتەوەو تەنانەت ئەو لایەنانەی کە پێشترو دوای هاتنەسەرکاری خاتەمی پێیان وابوو ئێران پێدەنێتە قۆناغێکیتر، ئێستا گەیشتون بەو قەناعەتەی لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌و بە بوونی ویلایەتی فەقیە و بە بوونی ئەو قانوونانەی کە بەشێکی هەرە زۆری خەڵکی ئێرانیان لە هەڵبژاردن‌و هەڵبژێران بێبەش کردوە، هەموو ئێستا لەسەر ئەوە کۆدەنگن‌و باوەڕیان وایە کە لە ئێرانی ئێستادا هیچ دەرفەتێك بۆ گۆڕان لەو سیستەمەدا نیەو هەر بۆیە بە شێوەیەکی موتڵەق واتە هەم ئۆپوزیسیۆنی دەرەوەو هەم ئۆپوزیسیۆنی ژوورەوە کە کۆمەڵانی خەڵك بن ئەم هەڵبژاردنە بە شانۆگەری دادەنێن‌و بەشداریی تێدا ناکەن. بەتایبەت هەروەکوو پێشتر باسمان کرد گەلی ئێمە لە کوردستان زۆر لەوە وریاترە کە جارێکی دیکە یا قەت فریوی ئەو ڕێژیمە بخوا.

**پ: سەبارەت بە ریفۆرمخوازانی کورد لە کودستان کە خۆیان وەك نوێنەری دەنگی کورد دەردەخەن‌و بەونازناوە لەگەڵ کاندیداکان کەوتونەتە ساتوسەوداو بە ناوگەرەنتی وەرگرتن، لێکدانەوەو بۆچوونتان چیە؟**

و: من پێم وایە ئەزموون‌و تاقیکردنەوەکانی ڕابردوو دەبێتە دەسمایەیەك بۆ داهاتوو. گەلی کوردیش هەروەك پێشتر باسم کرد زۆر لەوە وشیارترن کە فریوی کەسانێك بخۆن کە وانیشان دەدەن بۆ میللەتەکەیان دڵسۆزی دەکەن. ئەوان لەژێر ناوی ریفورمخوازیدا سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی دەڵەمەو بۆشیان بەکوردان دەدا، نەیانتوانی هیچ کارێك بە قازانجی گەلی کورد لە ئێران دا بکەن، تەنانەت لەو جێگایانەی کوردی تێدا سەرکوت دەکرا. خۆپیشاندانی هێمنانەیان لەخوێندا دەگەوزاند، کەچی ئەو بەناو ریفورمخوازانە نەقەیان لێوە نەدەهات‌و دەنگیان نەدەکرد. بەڵام ئەگەر لە شوێنێکی دیکە کەسێك گیرابا، تا ڕادەیەك دەنگیان هەڵدەبڕی‌و نیوەنووزەیەکیان لێوەدەهات. بەڵام لە کوردستان وانەبوو. من پێم وانیە ئەو کەسانەی دەیانەوێ گەرەنتی وەدەست بێنن ئینسانی نادڵسۆز بن. ڕەنگبێ ئینسانی دڵسۆزی تێدا بێ. کورد بە گشتی بۆ نەتەوەکەی خۆی دڵسۆزە. بەڵام ئەگەر باوەڕیان وابێ لە سیستمی ویلایەتی فەقیە دا ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی کورد دێتە گۆڕێ لێرەدا بە هەڵەداچوون.

**پ: چۆن دەتوانین بەو کەسانە کە بۆ دابەزاندن‌و بەرتەسك کردنەوەی مافی گەلی کورد لە ئاستی قانوونی ئەساسی ئێران دا بانگەشە دەکەن بڵێین دڵسۆز؟ ئەوە چووك کردنەوەی ویست‌و داخوازییەکانی گەلی کورد نیە؟ یانی داواو مافەکانی گەلی کورد لە قانوونی ئەساسی ئێران دا جێی دەبێتەوە؟**

و: دەبێ مەسەلەکە لێك جیاکەینەوە. ئەوەی کە دەیەوێ ڕێژیم گریم بکا لەگەڵ ئەوەی کە دەیهەوێ حەق‌و حقووقێك بۆ گەلی کورد دیاری بکا جیاوازیی هەیە. هێندێك ئەسڵی دەڵەمەو زۆر گشتی‌و سەرەتایی لە قانوونی ئەساسی ئێراندا هاتون کە نازانم بڵێم بەخۆشییەوە یان بەداخەوە پاش ٢٥ ساڵ جێبەجێ نەکراوە، کەوابوو لەو سیستمەدا کە یاسایەك بۆ زمان، ئەویش نەك بۆ خوێندن، زمانێك کە قسەی پێبکرێ، کابرا ئازاد بێ ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی پێدەربکا، تا ئێستا ڕێگەی لێگیراوەو یاساغ بووە. نەتەوەیەکی وەك ئازەرییەکان بە ٢٥ میلیون حەشیمەتەوە ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن‌و پێی بنووسن. ڕێژیم هیچ یاسایەکی نیە بۆوەی ئەو مافانە دەستەبەرو تەزمین بکا. ئەو یاسا دەڵەمەیە هەرکەسێ دیفاعی لێبکا خۆفریودانە لە سەردەمی ئێستادا. کەوابوو ئێمە ناتوانین کەسانێکی کە دەیانەوێ سووئیستیفادە لەوەی بکەن‌و بۆ گەرم کردنی کوورەی هەڵبژاردن بێن‌و ڕێژیم گریم بکەن تا پلەو مەقامێك وەدەست بێنن حیسابیان لەگەڵ ئەوانە بکەین کە پێیان وایە دەتوانن لەو سیستمەداو لەو ڕێژیمەدا حەق‌و حقووقێك بۆ کورد دابین بکەن. ئەمن پێم وایە ئەو کەسانە کە بە دڵسۆز ناوم بردن، بە هەڵەدا چوون دەنا لەوانەیە دڵسۆز بن.

**پ: بەڕێز کاك حەسەن! دوا سەرنج‌و وتەت لەم پێوەندییەدا؟**

و: پێم وانیە پێویست بەوە بێ ئێمە هیچ پەیامێك بە گەلی کورد لە ئێران بدەین، چونکە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران زۆر لەوە وریاترو وشیارترن لەوەی ڕێوشوێنیان بۆ دیاری بکەین. ئەوان لەمێژە سەلماندویانە کە هیچ باوڕێکیان بە کۆماری ئیسلامی نیەو ئەوان کێشەو مافی خۆیان هەیەو تا ئەو مافانە وەدی نەیەن واز لە خەبات ناهێنن. ئەوان هەروەکوو نیشانیان داوە بەشداری لەو شانۆگەرییەداناکەن‌و ئەو تەحریم کردنە کارێکی نەتەوەیی یان بڵێم ئەرکێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانییە بە تایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا.

* * *

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێك لە لایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆی "سیستان و بەلووچستان"ەوە بە بۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێز جەلال تاڵەبانی بە سەرەك کۆماریی عێراق

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٣٨٤/١/٢٦، لە لایەن خوێندکارانی کوردی زانکۆی "سیستان و بەلووچستان"ەوە بە بۆنەی بەدیهاتنی دەسکەوتێکی گرینگ بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، ڕێوڕەسمێك پێك هات کە تێیدا شایی‌و خوشحاڵی‌و سەربەرزی بەم بۆنەیەوە بەدی دەکرا.

خوێندکارانی کورد لەم ڕێوڕەسمەدا بە بەڕێوەبردنی گۆرانی‌و هەڵپەڕکێی کوردی‌و بڵاوکردنەوەی شیرینی لە نێو خوێندکارانی تردا کە لە بۆشایی ئازادی پارکی زانکۆدا کۆبووبوونەوە، بەدەستهێنانی پۆستی سەرەك کۆماریی عێراقیان لە لایەن کوردەکانەوە لە یەکتر پیرۆزبایی کرد.

جێگای ئاماژەپێکردنە کە ئەم ڕێوڕەسمە کاتژمێر ٥/٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ دەستی پێکردو هەروەها لەگەڵ پێشوازیی گەرمی خوێندکارانی غەیری کوردی ئەم زانکۆیەدا بەرەوڕوو بوو.

کاتژمێر ٦/٣٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ، ڕێوڕەسمەکە بە شایی‌و خۆشیی بەشداران کۆتایی پێهات‌و هەروەها چەندین کاتژمێر تەوەری باس‌وخواسی نێوان خوێندکاران لەسەر بەڕێوەچوونی ئەم ڕێوڕەسمە بوو.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 412  5 May  2005

ماڵپه‌ڕه‌کانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رۆژنامه‌ی "کوردستان"و رادیۆی ده‌نگی کوردستانی ئێران له‌ تۆڕی جیهانیی ئینته‌رنێت دا:

www.kurdistanmedia.com  http://www.pdk-iran.org  www.rdki.com

e- mail: info@kurdistanmedia.com  e- mail: pdkiran@club-internet.fr  e- mail: rdk_iran@yahoo.com

## په یماننامه‌ی نێونه‌ته‌وه‌یی رۆژنامه‌نووسان

وه‌رگێڕانی: ع. وریا

**فیدراسیۆنی نێونه‌ته‌وه‌یی رۆژنامه‌نووسان په‌یماننامه‌ی تایبه‌تیی خۆی هه‌یه که له ژووئیه‌ی ١٩١٨دا نووسراوه‌و په‌سند کراوه‌و ساڵی ١٩٣٨ جارێکی دیکه چاوی پێداخشێندراوه‌ته‌وه. نێوه‌رۆکی ئه‌م په‌یماننامه‌یه له‌لای رۆژنامه‌نووسان وه‌ك سوێندنامه‌ی بوقرات له‌لای پزیشکان، جێگای رێزه. "کوردستان" به بۆنه‌ی رۆژی جیهانیی ئازادیی چاپه‌مه‌نی (٣ی مای) جارێکی دیکه بڵاوی ده‌کاته‌وه. په‌یماننامه‌که به‌م جۆره‌یه:**

رۆژنامه‌نووسێك که خۆی به شیاوی ئه‌م ناوه ده‌زانێ:

- له‌به‌رامبه‌ر ئه‌و شته‌دا که ده‌ینووسێ‌و بڵاوی ده‌کاته‌وه، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر به ناوی خوازراو (مستعار) یان بێ ناویشه‌وه بێ، هه‌ست به به‌رپرسایه‌تی ده‌کا.
- بوختان به که‌س ناکاو بێ ئه‌وه‌ی به‌ڵگه‌ی به ده‌سته‌وه بێ، تاوان ناداته پاڵ هیچ که‌س.
- له ده‌سکاری‌و ده‌ستێوه‌ردانی به‌ڵگه‌نامه‌کان‌و گۆڕینی ئه‌وان خۆ ده‌بوێرێ.
- درۆ کردن به گه‌وره‌ترین دوژمنی پیشه‌ی خۆی ده‌زانێ.
- له‌به‌ر ئه‌وه‌ی بڕوای به شه‌رافه‌تمه‌ندانه بوونی پیشه‌که‌ی خۆی هه‌یه، جگه له‌و کارو ئه‌رکانه که له‌گه‌ڵ پرستیژو ئیعیتباری پیشه‌که‌ی دێنه‌وه، وه‌ئه‌ستۆ ناگرێ.
- هه‌رگیز رێگا به خۆی نادا که له عینوان‌و پله‌و به‌رپرسایه‌تی‌یه‌ك که نیه‌تی، که‌ڵك وه‌ربگرێ.
- له رێگاو شێوازه دزێوو دوور له ئه‌خلاقه‌کان بۆ وه‌ده‌ست هێنانی هه‌واڵ‌و زانیاری‌و هه‌روه‌ها له که‌لکی خراپ وه‌رگرتن له نیازپاکیی که‌سانی دیکه، دووری ده‌کا.
- له هیچ دامه‌زراو و بنیات‌و رێکخراوێکی ده‌وڵه‌تی یان تایبه‌تی که بیهه‌وێ بۆ مه‌به‌سته‌که‌ی خۆی له ناوبانگ‌و بڕواپێکراوی‌و خۆشه‌ویستیی ئه‌و سه‌باره‌ت به پیشه‌که‌ی، که‌ڵك وه‌ربگرێ، پووڵ وه‌رناگرێ.
- ماڵی خه‌ڵکی ناکا به هی خۆی. ئه‌گه‌ر له نووسراوه‌ی هاوکارانی که‌لکی وه‌رگرت، ناویان دێنێ.
- هه‌رگیز بیری داگیرکردنی جێگای هاوکارێکی ناکه‌وێته مێشکی‌و یا به وه‌ئه‌ستۆ گرتنی هه‌ر ئه‌و کاره به مه‌رجێکی که‌متر، رێگا بۆ ده‌رکردنی ئه‌و خۆش ناکا.
- نهێنی‌یه‌کانی پیشه‌که‌ی خۆی ده‌پارێزێ.
- له ئازادیی چاپه‌مه‌نی بۆ مه‌به‌سته چه‌وت‌و دزێوه‌کان که‌ڵك وه‌رناگرێ.
- به‌رده‌وام داوای ئازادیی بڵاوکردنه‌وه‌ی شه‌رافه‌تمه‌ندانه‌ی هه‌واڵ‌و زانیاری‌یه وه‌ده‌ست هاتوه‌کانی هه‌یه.
- مه‌به‌ستی بنه‌ڕه‌تی‌و سه‌ره‌کیی له کاره‌که‌ی‌دا، دادپه‌روه‌ری‌یه‌و هه‌رگیز نه‌خشی خۆی له‌گه‌ڵ نه‌خشی مه‌ئمورێکی پۆلیس لێ تێك ناچێ.

وه‌رگیراو له کتێبی "مطبوعات و حکومت اختناق"




بناغه‌دانه‌ری رۆژنامه‌نووسیی کوردی
میقداد مه‌دحه‌ت به‌درخان

## به‌ر له‌ماڵاوایی

## کتێب

**ئه‌م ده‌قه‌ی له‌به‌ر ده‌ستیان دایه، نووسینێکی ئاناتۆل فرانس له‌باره‌ی کتێبه‌وه‌یه که دوکتور قاسم غه‌نی کردوویه به فارسی، به‌ڵام له‌نێو یادداشته ١٢ به‌رگی‌یه‌کانی ناوبراودا، به‌رچاو ناکه‌وێ. هه‌ربۆیه پروفیسۆر سه‌ید حه‌سه‌ن ئه‌مینی، سه‌رنووسه‌ری گۆڤاری "ایران مهر" له ژماره ٥ی ئه‌و گۆڤاره‌دا بێ هیچ جۆره ده‌ستێوه‌ردانێك بڵاوی کردۆته‌وه. ئاناتۆل فرانس چاپی ٥٠ کتێب به یه‌ك رۆژ له پاریسی سه‌رده‌می ژیانی خۆی‌دا به بێ‌سه‌ره‌وبه‌ره‌یی ناو بردوه‌و، نیگه‌رانیی خۆی له‌سه‌ر ئه‌نجامی زۆریی کتێب‌و جۆراوجۆریی نێوه‌رۆکیان ده‌ربڕیوه، که دیاره ئه‌وه‌ی ئاناتۆل فرانس لێی ترساوه، له‌چاو زۆریی کتێب له رۆژگاری ئه‌مڕۆدا، یه‌کجار که‌مه. به‌ڵام به‌و حاڵه‌ش بۆچوون‌و روانینی ئاناتۆل فرانس له‌باره‌ی کتێبه‌وه، تا ئێستاش شیاوی سه‌رنج‌و لێوردبوونه‌وه‌یه. به بۆنه‌ی رۆژی جیهانیی کتێبه‌وه، وه‌رگێڕاوی ئه‌م نووسینه لێره‌دا پێشکێشی ئۆگرانی کتێب‌و خوێندنه‌وه ده‌که‌م:**

**ع. وریا**

لیتره (Littre) وشه‌زانی به‌ناوبانگ ده‌ڵێ: "کتێب" بریتی‌یه له کۆڵه‌که‌یه‌کی پێکهاتوو له چه‌ندین سیپاره یا نامیلکه‌ی ده‌ستنووس یا چاپکراو. ئه‌م پێناسه‌یه به‌هیچ جۆر من رازی ناکا. به بۆچوونی من، کتێب وه‌ك کارخانه‌یه‌کی سه‌یروسه‌مه‌ره وایه که هه‌موو جۆره وێنه‌یه‌کی شێحراویی لێ دێته‌ده‌رو ده‌بێته هۆی نیگه‌رانیی زه‌ینه‌کان‌و گۆڕانی بارودۆخی دڵه‌کان. به ده‌ربڕینێکی روونتر: کتێب له فانووسێکی جادوویی ده‌چێ که ئێمه نوقمی بینینی وێنه‌کانی رۆژگاری رابردوو ده‌کاو، تاپۆو دیمه‌نی بوونه‌وه‌ره‌کانی جیهانی سه‌رووی سروشتمان به به‌رچاودا تێ‌ده‌په‌ڕێنێ.

ئه‌و که‌سانه‌ی زۆر کتێب ده‌خوێننه‌وه، وه‌ك ئه‌و که‌سانه‌ی گیرۆده‌ی خواردنی حه‌شیشن هه‌میشه خه‌واڵوو و خه‌یاڵین. ئه‌م ژاره نه‌رمه که به‌ره‌به‌ره له مێشکیان دا ریشه داده‌کوتێ، توانای تێگه‌یشتن له هه‌ست پێکراوه‌کانی جیهانی حه‌قیقیيان لێ ده‌ستێنێته‌وه‌و، له‌جیاتی ئه‌وه چه‌ند وێنه‌یه‌کی خه‌یاڵییان دێنێته به‌رچاو که هێندێکیان ترسێنه‌رن‌و ژماره‌یه‌کیان دڵگرو یه‌کپارچه لوتف‌و جوانین. کتێب، تلیاك‌و حه‌شیشی رۆژئاوایه‌و بکوژی گیانی ئێمه‌یه. رۆژێك دادێ که هه‌مووی ئێمه ده‌بین به خاوه‌ن کتێبخانه، ئه‌و رۆژه، رۆژی کۆتایی کاری هه‌موانه.

هه‌روا که ئه‌ویندارێکی دڵسووتاو، هۆگری ده‌ردو ره‌نجی خۆیه‌تی، ئێمه‌ش ده‌بێ کتێبمان خۆش بوێ، چونکه کتێب بکوژی ئێمه‌یه‌و، له‌سه‌رمان گران ده‌وه‌ستێ ئه‌گه‌ر له‌م روانگه‌یه، خۆشه‌ویستیی ئه‌و بکه‌ین به ئه‌رکی خۆمان. من که ئه‌و قسه‌یه ده‌که‌م‌و بڕوام به بکوژبوونی کتێب هه‌یه، ده‌یپه‌رستم‌و به بێ هیچ تێبینی‌یه‌ك، به‌شی زۆری ته‌مه‌نی خۆمم بۆ ته‌رخان کردوه.

به‌ڵێ کتێب بکوژی ئێمه‌یه، چونکه هه‌م ژماره‌که‌ی رۆژ به رۆژ له زیادبوون دایه، هه‌م جۆره‌کانی مرۆڤ ماوه‌یه‌کی زۆره به‌بێ کتێب هه‌ڵی کردوه، ئه‌و ماوه‌یه‌ش راست ئه‌و سه‌رده‌مانه بوون که توانیویێتی کاری گه‌وره‌و به‌که‌ڵك ئه‌نجام بدا، له وه‌حشیگه‌ری‌یه‌وه، پێ بنێته نێو شارستانه‌تی‌یه‌وه.

ئه‌و خه‌ڵکه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا که هیچ جۆره کاغه‌زێکیان نه‌بوو، به‌ڵام له شێعرو ئه‌خلاقیاتیش بێبه‌ری نه‌بوون، سروودی جۆراوجۆریان له‌به‌ر بوو و رێوشوێنه ئایینی‌و ئه‌خلاقی‌یه‌کانی خۆیان له‌به‌ر ده‌خوێنده‌وه. به منداڵی، پیرێژنه‌کان حیکایه‌تی "بزنۆکه‌و مه‌ڕۆکه"یان بۆ ده‌کوتن که دوایه بۆ ئۆگرانی خوێندنه‌وه چاپ کران‌و کران به کتێب.

یه‌که‌مین شوێنه‌واره‌کانی [سه‌رهه‌ڵدانی]کتێب که دۆزرانه‌وه، ئه‌و به‌رده گه‌ورانه‌ن که به شێوازی ئیداری‌و ئایینی، نووسینیان له‌سه‌ر هه‌ڵکه‌نراوه.

له‌و مێژووه، ماوه‌یه‌کی زۆر رابردوه، پێشکه‌وتنێکی ترسێنه‌ر له کاری مرۆڤ دا، رووی داوه. له ماوه‌ی سه‌ده‌کانی ١٦و ١٨دا، ژماره‌ی کتێبه‌کان دوو به‌رامبه‌ر بووه‌و هه‌ر ئێستا له سه‌دبه‌رامبه‌ر تێ‌په‌ڕیوه. ئه‌مڕۆ، له پاریس، بێجگه له رۆژنامه‌کان رۆژێ په‌نجا به‌رگ کتێب، چاپ‌و بڵاو ده‌بنه‌وه. ئه‌مه خۆی نیشانه‌ی بێ‌سه‌ره‌وبه‌ره‌یی‌یه‌کی ترسناکه که وێناکردنی سه‌رئه‌نجامه‌که‌ی، مرۆڤ شێت ده‌کا.

مرۆڤ مه‌حکوومه به‌وه که هیچ کات له بارودۆخێکی مام ناوه‌ندی‌دا نه‌مێنێته‌وه، و به‌رده‌وام له زێده‌ڕۆیی‌یه‌وه به‌ره‌و ده‌ست به کڵاوی خۆ گرتن‌و، له پارێز کردن‌و ده‌ست به کڵاوی خۆ گرتنه‌وه به‌ره‌و زێده‌ڕۆیی ده‌چێ. له سه‌ده‌کانی نێوڕاست دا، نه‌زانینی گشتی ببووه هۆی ترس‌و دڵه‌خورپه‌ی گشتی‌و، به‌رهه‌مهاتنی زنجیره‌یه‌ك نه‌خۆشیی فکری لێ ده‌که‌وته‌وه که ئێستا ئیدی، شوێنه‌واریشیان نه‌ماوه. ئه‌مڕۆ ده‌توانین بڵێین کۆمه‌ڵگه‌ی مرۆیی له ئاکامی خوێندنه‌وه‌دا به‌ره‌و په‌ککه‌وتنێکی گشتی ده‌ڕوا. ئایا سنووردانانێك [بۆ ئه‌م کاره] به‌گوێره‌ی حیکمه‌ت‌و به‌پێی گونجاوی، به‌که‌ڵکتر نیه؟

خۆشه‌ویستی‌و خوێندنه‌وه‌ی کتێب، کارێکه له‌جێی خۆی‌دا. به‌ڵام نابێ کتێب له هه‌موو ده‌ستێك وه‌ربگرین. به‌ڵکوو بۆ ئه‌م کاره پێویسته وردی‌و جوانیی سروشت‌و به‌هره، له‌بیر نه‌که‌ین‌و، ئه‌و کتێبانه‌ی بۆ خوێندنه‌وه هه‌ڵیان ده‌بژێرین، به باشی هه‌ڵیانسه‌نگێنین‌و، زمانحاڵی ئێمه، قسه‌ی ئه‌و پاشایه بێ که شکسپیر له یه‌کێك له شانۆنامه‌کانی خۆی‌دا، له زمانی ئه‌وه‌وه، ده‌دوێ. واته وه‌ك ئه‌و [پاشایه] به رێکخه‌رو به‌رێوه‌به‌ری کتێبخانه‌که‌ی خۆمان بڵێین: "حه‌زم له‌وه‌یه کتێبه‌کانم زۆر به وردی "صحافی" بکرێن‌و، قسه‌شیان له‌گه‌ڵ من دا، له‌باره‌ی خۆشه‌ویستی‌یه‌وه بێ."

## دۆزرانه‌وه‌ی ژماره‌کانی ١٠و ١٢ی "کوردستان"، یه‌که‌م رۆژنامه‌ی کوردی




له رێوره‌سمی ده‌ستپێکردنی فستیڤاڵی به‌درخان دا، حه‌مید ئه‌بووبه‌کر به‌رپرسی ده‌زگای چاپ‌و بڵاوکردنه‌وه‌ی به‌درخان، مزگێنیی


کوردستان


کوردستان

دۆزرانه‌وه‌ی ژماره‌کانی ١٠ و ١٢ی "کوردستان"ی میقداد مه‌دحه‌ت به‌درخانی له لایه‌ن زاناو لێکۆڵه‌ری به‌نرخ پروفیسۆر جه‌لیلی جه‌لیله‌وه، راگه‌یاند. به‌دوای راگه‌یاندنی ئه‌م مزگێنی‌یه‌دا که بووه هۆی خۆشحاڵیی به‌شدارانی فستیڤاڵ، حه‌مید ئه‌بووبه‌کر به ناوی لیژنه‌ی باڵای فستیڤاڵه‌وه سوپاسی پروفیسۆر جه‌لیلی جه‌لیلی کردو داوای کرد به‌م بۆنه‌یه‌وه، بۆ به‌شداران بدوێ. پرۆفیسۆر جه‌لیلی جه‌لیل له وته‌کانی دا به رێزو پێزانینه‌وه له خزمه‌ته به‌نرخه‌کانی به‌درخانی‌یه‌کان دواو گوتی ئه‌وان جوامێرانه ژیانی خۆیان فیدای به‌خته‌وه‌ریی کورد کرد. ئاماژه‌شی به‌و گوته به‌نرخه‌ی کوردان کرد که "ده‌فته‌را پیاو، پشتی پیاو دێته خاندن"و گوتی ئه‌وه له باره‌ی به‌درخانی‌یه‌کان به ته‌واوی راسته. پروفیسۆر جه‌لیلی جه‌لیل گوتی ئه‌م دوو ژماره‌یه ـ تا ئێستا ونبووو نادیار ـ ه‌ی "کوردستان"ی له سویس دۆزیونه‌وه. جێگای وه‌بیرهێنانه‌وه‌یه که حه‌وتوونامه‌ی "به‌درخان" هه‌ر دوو ژماره دۆزراوه‌کانی "کوردستان"ی سه‌رله‌نوێ چاپ کردوه‌و له‌گه‌ڵ ژماره ٥٦ی خۆی‌دا که تایبه‌ته به دووهه‌م فستیڤاڵی به‌درخان‌و له دهۆك ده‌رچووه، بڵاوی کردنه‌وه.

## داواو راسپارده‌کانی به‌شدارانی فستیڤاڵی به‌درخان



له راگه‌یاندنی کۆتایی دووه‌مین فستیڤاڵی به‌درخان دا، داواو راسپارده‌کانی به‌شدارانی ئه‌م فستیڤاڵه به‌جۆره ره‌نگی داوه‌ته‌وه:

[به‌شدارانی فستیڤاڵ] هه‌روه‌ها جه‌ختیان له‌سه‌ر ئازادیی رۆژنامه‌نووسی‌و هه‌وڵدان بۆ دروست بوونی رای گشتی‌و چه‌سپاندنی ده‌سه‌ڵاتی چواره‌م کرد، له‌گه‌ڵ خواست‌و ئاواتیان دا بۆ دانانی یاسایه‌کی هاوچه‌رخ بۆ رێکخستنی کاروباری رۆژنامه‌نووسی‌و په‌یوه‌ندیی نێوان رۆژنامه‌نووسان‌و ده‌سه‌ڵاتداران‌و پاراستنی مافی تاك‌و رێزگرتن له ئازادی‌و دوورکه‌وتنه‌وه له زه‌وتکردنی مافی که‌سان‌و نه‌هێشتنی دیارده‌ی تانه‌و ته‌شه‌ر له‌نێو رۆژنامه‌کان داو، پشتگیری کردنی سه‌ندیکای رۆژنامه‌نووسانی کوردستان که له‌م فستیڤاڵه‌دا هاوکارێکی به‌رچاو و سه‌ربازێکی ماندوونه‌ناس بوو، بۆ زیاتر هه‌نگاونان بۆ به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاستی رۆژنامه‌نووسیی رۆژنامه‌نووسان. ئاماده بووانی دووه‌مین فستیڤاڵ جه‌ختیان له‌سه‌ر یه‌کڕیزی‌و پته‌وکردنی په‌یوه‌ندی‌و یه‌کخستنی هه‌ر دوو ئیداره‌که‌و سه‌روه‌ریی یاسا کرد.

## "ئه‌من دۆعایه‌کی ده‌که‌م ئه‌نگۆ بڵێن ئامین"



(بۆ مامۆستا عه‌بدولره‌قیب یووسف)

له شتێك دا زۆر له‌و شاعیرانه‌ی لای‌خۆمان ده‌چێ که به‌رێوه‌به‌رێتیی رێوره‌سمه حیزبی‌یه‌کان ده‌گرنه ئه‌ستۆ. ئه‌گه‌ر به‌رێوه‌به‌ره شاعیره‌کانی مه‌راسیمه‌کانمان، جارێك له نۆره‌ی خۆیان دا، چه‌پکێك شێعری خۆیان بۆ ئێمه ده‌خوێننه‌وه‌و له نێوان هه‌ر بڕگه‌یه‌کی مه‌راسیمه‌که‌ش دا له ده‌رفه‌ت که‌ڵك وه‌رده‌گرن، شێعرێکی دیکه‌ی خۆیانمان پێشکێش ده‌که‌ن! مامۆستا عه‌بدولره‌قیب یووسفیش، له فستیڤاله که‌لتووری‌یه‌کانی کوردستان دا، هیچ ده‌رفه‌تێك بۆ پێشکێش کردنی هه‌ڵبژارده‌یه‌ك له‌و هه‌مووه زانیاری‌یه به‌نرخانه‌ی له لایه‌تی، له‌کیس نادا. ئه‌و مامۆستا به‌نرخه‌م له چه‌ند فیستیڤاڵ دا دیوه. هه‌م ئه‌و کاته‌ی ماوه‌ی پێ دراوه بۆ پێشکێش کردنی باس‌و لێکۆڵینه‌وه، هه‌م کاتێك له دوای هه‌ر لێکۆڵینه‌وه‌یه‌ك ماوه‌یه‌ك بۆ گفتوگۆو "مداخله" داده‌نرێ، پشت ئه‌ستوور به‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ی به درێژایی ته‌مه‌نی خۆی کۆی کردونه‌وه‌و زانیاریی لێ‌هه‌ڵێنجاون، راستی‌یه‌کان روون ده‌کاته‌وه.

سه‌رنجراکێش ئه‌وه‌یه کۆڕگێره‌کان‌و گوێگران‌و به‌شدارانی فستیڤاڵ، نه‌ك هه‌ر به‌و "مداخله" په‌یتا په‌یتایانه‌ی تووره نابن، به‌ڵکوو حه‌زیشی لێ‌ده‌که‌ن. چونکه ده‌زانن ئه‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ی مامۆستا عه‌بدولره‌قیب یووسف لێیان ده‌دوێ‌و ئه‌و زانیاری‌یه وردو به‌نرخانه‌ی ئه‌و لێکۆڵه‌ره پێشکێشیان ده‌کا، هه‌روا هاسان وه‌ده‌ست نه‌هاتوون. ئه‌و مرۆڤه دڵسۆزه به شه‌ونخوونی‌و بڕینی رێگای پڕمه‌ترسی‌و خۆخستنه نێو ده‌یان‌و سه‌دان چه‌رمه‌سه‌ری، وه‌سه‌ریه‌کی ناون.

هه‌تا ئه‌و مامۆستایه ده‌بینم، شه‌هید جه‌وادی مووسه‌ویی پێشمه‌رگه‌ی هێزی پێشه‌وای حیزبی دێموکراتم دێته‌وه یاد که له‌گه‌ڵ مامۆستا عه‌بدولره‌قیب یووسف ببوون به دۆست‌و براده‌رو، ئه‌و وته‌یه‌م له گوێ‌دا ده‌زرینگێته‌وه که به شه‌هید جه‌وادی گوتبوو: **"ئێوه‌ی پێشمه‌رگه ده‌بێ کۆکردنه‌وه‌و پاراستنی به‌ڵگه‌نامه‌کان وه‌ك خه‌بات له پێناوی ئازادی‌دا به ئه‌رکێکی پیرۆز بزانن. ته‌نانه‌ت ئه‌و لیستانه‌ی نیگابانییش فڕێ مه‌ده‌ن، رایان بگرن‌و بیانپارێزن، هه‌مووی ئه‌م جۆره شتانه بۆ نووسینه‌وه‌ی مێژووو روونکردنه‌وه‌ی راستی‌یه‌کان به‌کارمان دێن"**. نازانم به نیشانه‌ی رێزلێنان‌و قه‌درناسیی ئه‌و دڵسۆزه که‌م وێنه‌یه‌ی مێژووی نه‌ته‌وه‌که‌مان چی دیکه ده‌توانم بڵێم جگه له دووپاتکردنه‌وه‌ی دوعاکه‌ی مامۆستا ئه‌نوه‌ر محه‌مه‌د تاهیر: **" یاڕه‌ببی خودایه مامۆستا عه‌بدولره‌قیب یووسف هه‌ر بهێڵێ بۆمان‌و هه‌روا خزمه‌تی به‌نرخ پێشکێشی نه‌ته‌وه‌که‌مان بکا"**.

هیوا قادر

## به‌یاننامه‌ی کانوونی نووسه‌رانی ئێران له‌باره‌ی گیرانی به‌نی ترۆفه‌وه



رۆژی دووشه‌مه، ٥ی بانه‌مه‌ڕ یووسف عه‌زیزی به‌نی ترۆف له‌لایه‌ن کۆماری ئیسلامی‌یه‌وه گیرا. کانوونی نووسه‌رانی ئێران به‌م بۆنه‌یه‌وه به‌یاننامه‌یه‌کی بڵاو کرده‌وه. له‌و به‌یاننامه‌یه‌دا هاتوه:

یوسف عه‌زیزی به‌نی ترۆف، نووسه‌ر، وه‌رگێڕ، رۆژنامه‌نووس‌و ئه‌ندامی کانوونی نووسه‌رانی ئێران رۆژی دووشه‌مه ٥ی بانه‌مه‌ڕ، سه‌عاتێك دوای چوونه‌ده‌ر له کۆبوونه‌وه‌یه‌کی رۆژنامه‌نووسی، له‌لایه‌ن مه‌ئموورانی دادگای شۆڕشه‌وه له ماڵی خۆی گیراو وێڕای ده‌ستبه‌سه‌ر داگیرانی که‌لوپه‌ل‌و نووسراوه‌کانی، ره‌وانه‌ی زیندان کرا. شیاوی گوتنه که تا ئه‌مڕۆ هیچ هه‌واڵێك له‌باره‌ی ئه‌و نووسه‌ره‌وه له‌ده‌ست دا نیه‌و بنه‌ماڵه‌که‌ی له ترس‌و نیگه‌رانی‌دا ده‌ژین.

یووسف عه‌زیزی به‌نی ترۆف زۆرجار ره‌خنه‌و ناڕه‌زایه‌تیی خۆی دژی کرده‌وه‌ی سه‌رکوتکه‌رانه‌و رووداوه خوێناوی‌یه‌کانی ئه‌م دواییانه له شاره جۆراوجۆره‌کانی خووزستان ده‌ربڕیوه. گیرانی یووسف عه‌زیزی به‌نی ترۆف سه‌باره‌ت به ده‌ربڕینی بیروڕا بووه.

کانوونی نووسه‌رانی ئێران وێڕای مه‌حکووم کردنی هه‌رچه‌شنه جیاوازیدانان‌و سانسۆری که‌لتووری‌و کۆمه‌ڵایه‌تی‌و قه‌ومی، به‌داخبوون‌و نیگه‌رانیی قووڵی خۆی راده‌گه‌یه‌نێ‌و داوای ئازادیی بێ‌مه‌رجی یووسف عه‌زیزی به‌نی ترۆف‌و هه‌موو گیراوه‌کانی رووداوه‌کانی ئه‌م دوایی‌یانه‌ی خوزستان‌و کوردستان‌و... ده‌کا.